

# وارڤین

گۆڤارێکی ژنانەیە دەزگای (وارڤین) 15 ڕۆژ جارێک دەری دەکات
ساڵی یەکەم/ ژمارەی بیست و چوار / 68 لاپەڕە/1500 دینار/٢ی ئۆگۆست ٢٠١٠

بە 4 کەس ژنێکی
دووگیان دەکوژن

لە هەولێر پزیشـــک
دەچێتە هەموو ماڵێك

نوێنەری BDP لەهەولێر:
داوای کۆنگرەی نەتەوەیی لە بارزانی دەکەین

سەرۆک
حزبێک لە پێناو
خـــۆشەویستەکەی
ئینشیقاق دەکات


چیرۆکی ئەو
ژنەی نیوەی
تەمەنی لە
شەڵتەرەکانی
داڵدەداندا بەڕێ
کرد

3 گەنج
بە مۆبایل
گێچەڵ بە
13 خێزان
دەکەن

حکوومەت خاوبووەتەوە ل١٥

شەمۆ:
دڵسۆز ماوەتی دەبڵی ئۆتۆمبیلەکەمی شکاند

www.netewe.com



وێنەیەک لە قوتابخانەی وێنەکێشی بەناوبانگی نەمساوی گۆستاڤ کلیمت

WARVIN.ORG


5 ژن دەبنە شایەتـــی کۆمەڵکوژییەک 2

ژنێک بە ئازاری سووتانەوە مرد 21

ئیماراتی دەروازەی بازرگانیکردن بە ژنان 29

(گارمن سلێوا) بەشداری پاڵەوانییەتی نێودەوڵەتی تۆپی سەرمێز دەکات 33

ئەڤین بەیاز بۆ وارڤین: سەرتاپام ئەڤینە 53




بەدرییە.... ئەو بەساڵاچووەی کەس نایگرێتە خۆی

فۆتۆ: وارڤین


**خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:** لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com

**سەرپەرشتیاری رۆژنامەوانی:** عەبدولڕەحمان عەلی ebdulrehmaneli@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر:** تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین:** بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com

**راوێژکاری یاسایی:** فەوزیە فەقێ رەشید

**راوێژکاری دەروونی:** د. توانا عەبدولڕەحمان

**فایلەکان**

**تەندروستی:** شیلان یاسین shelan_yasen@yahoo.com

**کۆمەڵایەتی:** ئاڤان فارس جاف avanfarsjaf@yahoo.com

**وەرزش:** ئەرسەلان عەبدوڵڵا arsalansport@gmail.com

**هونەری:** رۆشنا عومەر roshnawarvin@yahoo.com

warvin.press@yahoo.com

**ناونیشان:** هەولێر - شاری خەونەکان

**نووسینگەکان**

**ئامەد:** دیلار سەولەدار

**قامیشلۆ:** لاڤە خالید

**بەغدا:** حەلا ناسر

**دوبەی:** سەنا کوردی

**بەڕێوەبەری کارگێڕی**

رێباز عەبدوڵڵا

07504624506

بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:

mob:07504624506

Normal: 0662647813


www.netewe.com

# 5 ژن دەبنە شایەتـ

www.mletewe.com



وێنەیەک لە دانیشتوانی گوندی سۆریا بەرلە کارەساتی ١٦/٩/ ١٩٦٩

# ـــی کۆمەڵکوژییەک



بەرەڤان ئەحمەد

**لەگەڵ تێپەربوونی٤١ ساڵ بەسەر کۆمەڵکوژی گوندەکەیان، ٥ژنی گوند دەبنە شایەتحاڵی رووداوەکە، بەڵام خەڵکی گوند گلەیی لەدواخستنی دۆسیەکەیان دەکەن کە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە دواخراوە. گوندی سۆریا، هاوشێوەی هەزاران گوندیتر لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان، یەکێکە لەئەرشیفەکانی پاشماوەی رژێمی بەعس کە تێیدا هەوڵی قڕکردن و سڕینەوەی ناسنامەی کورد دراوە. ئەم گوندە دەکەوێتە دەشتی سلێڤانەی سەر بەشارەدێی (باتێل) لە قەزای سمێل. هەڵکەوتەی جوگرافی ئەم گوندە دەکەوێتە رۆژئاوای پارێزگای دهۆک کە تەنیا ٥٢ کیۆمەتر لەشاری دهۆک دوورە.**

دهۆک

**رۆژی رووداوەکە:**

شایەتەکان، وەها رووداوەکەیان دەگێرایەوە وەک ئەوەی چرکەساتی یەکەمی کوشتنی کەسووکار و ئازیزانیان بێت. وەک باسی دەکەن، رۆژی ١٦-٩-١٩٦٩لەکاتی گەڕانی ئۆتۆمبیلێکی سەربازی رژێمی بەعس، بەدووری ٤کیلۆمەتر لەگوندی سۆریا، مینێک بە ئۆتۆمبیلەکەدا دەتەقێتەوە. هەر چەندە هیچ زیانی گیانی لێناکەوێتەوە، بەڵام ئەفسەرێکی سوپای بەعس، لەتۆڵەی ئەوەدا بڕیاری"کۆمەڵکوژی" دانیشتووانی گوندی سۆریا دەدات و بە دەیان (ژن، پیاو، منداڵ و پیر) لە موسوڵمان و مەسیحی، لە کۆتانێکی رانەمەڕدا کۆدەکاتەوەو گوللەبارانیان دەکات. سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، لەکاتی ئەنجامدانی ئەو تاوانەی دەرهەق بەو گوندەکە کراوە، نزیکەی ٤٠ماڵی مەسیحی و موسوڵمان لە گوندەکەدا نیشتەجێ بوون.

**هانا بۆ قەشە دەبەن**

قەشە (حەننا) قەشەیەکی دێرین و بەناوبانگی مەسیحییەکانە لە زاخۆ، بەرلە روودانی کارەساتەکە خەڵکی گوندەکە هانای بۆدەبەن، چونکە زانیبوویان پیاوانی بەعس، کارەسات دروستدەکەن، بەڵام قەشە نەک هەر ناتوانێت رێی لێبگرێت، بەڵکو دەبێتە قوربانی یەکەمی کارەساتەکە.

ئەلکس ئیشخان، یەکێک لە رزگاربووانی کۆمەڵکوژییەکەیە دەڵێ"بۆ رێگرتن لەرووداوی نەخوازراو، خەڵکی گوند هانایان بۆقەشە حەننا برد. بەو هیوایەی بتوانێت پیاوکوژەکانی بەعس رازی بکات، هاتە گوندو بەخەڵکی گوت"کەس رانەکات من هەوڵدەدەم لەشکری بەعس رازی بکەم کە خەڵکی ئەم گوندە ئاگاداری ئەم رووداوە نین". بەڵام ترسەکەی هاووڵاتییان راست دەردەچێت، چونکە دوای رووداوەکە (ملازمی دووهەم لەسوپای بەعس، عەبدولکەریم خەلیل جحێشی) فەرمان بەسەربازەکانی دەدات کە بگەڕێنەوە گوندەکە".

لەکاتی گێڕانەوەدا، ئەلکس روخساری تێکچوو، قومێکی قووڵی لەجگەرەکەیداوگوتی:"عەبدولکەریم جحێشی فەرمانی بەسەربازەکانیدا کە هاوڵاتییان بەزۆری لەماڵەوە دەربهێنن، بەبێ جیاوازی لە ژن، پیاو، پیر، گەنج، منداڵ، لەیەک شوێن کۆیان بکەنەوە، بەچاوی خۆم بینیم کە سەربازەکان چۆن خەڵکیان بەقۆنداغی تفەنگ، لەناو کۆتانی مەڕی ماڵی"برۆ حەلۆ" کە هاووڵاتییەکی ئەو گوندە بوو، کۆکردەوەو ملازم عەبدولکەریم، لەناوەڕاستیان وەستا". لەکاتی قسەکردندا ئەلکس، هەوڵیدەدا دیمەنی قەشە حەننا، پیشانبدات کە بەهەموو جۆرێک هەوڵیداوە ئەفسەرەکە رازیبکات کە خەڵکی گوند، ئاگاداری دانانی ئەو مینە نەبوون. بەڵام ئەفسەرەکە هیچ گرنگییەک بەقسەکانی قەشە نادات. لەبری خەڵکەکە سەرەتا قەشە دەداتەبەر دەستڕێژی گوللە. ئەلکس، لەدرێژەی گێڕانەوەی کارەساتەکەدا باس لە دیمەنێکی تراژیدی دیکە دەکات کە ئەویش دیمەنی لەناوبردنی خێزانی (خەمۆ)ی موختارە."موختاریش وەک قەشە، بەسەر دەستوپێی ئەفسەرەکەدا کەوت،

www.netewe.com




کوردستان- دهۆک- ٢٠١٠ . لە کاتی دەرهێنانی رووفاتی کۆمەڵکوژییەکەی گوندی سۆریا

وێنەکان: وارڤین

بەهەموو توانایەوە هەوڵیدەدا کە ئەفسەرەکە رازیبکات، واز لە ژن و منداڵەکان بهێنێت. بەڵام ئەویشی گوللەباران کرد، دوای ئەو ژنەکەی خۆی خستە سەرتەرمەکەی بۆ ئەوەی وازی لێبهێنن، بێبەزەییانە ژنەکەشیان دایەبەر گوللە، دواتر کچەکانی موختار هاتنە سەرتەرمی دایک و باوکیان، ئەوانیشیان شەهیدکرد".

شایەتێکی تری ئەو کۆمەڵکوژییە، ژنێکە بەناوی خەمی نیسان مەرقوس (٦٧)ساڵ کە بەهۆی ئەو کارەساتەوە تووشی نەخۆشی دەروونی بووە. خەمی، لەگێڕانەوەی کارەساتەکەدا ئاماژە بەو ئەشکەنجە دەروونییە دەکات کە چۆن سەرەتا سەربازەکان، بەبەرچاوی ئەوانەوە رووی تفەنگەکانیان ئاراستەی پیاوەکانیان کردووەو هەموویان کوشتوون و دوای ئەوەش ژن و منداڵەکان. دواتر چۆن ئەفسەرەکە فەرمان بەسەربازەکان دەکات، کە سەوزایی لەو گوندە بسێننەوەو ئاژەڵ و بەرهەمە کشتوکاڵی و تەرمەکانیشیان بسووتێنن و ژیان لەو گوندەدا رادەستی تارماییەکی رەش بکەن.

بەپێی زانیارییەکان، لەکۆمەڵکوژییەکەی سۆریادا ٤٠کەس بوونەتە قوربانی، ٢٣ کەسیش بەبریندار ماونەتەوە کە مەسیحی و موسوڵمانیان تێدابووە. بەپێی قسەی شارەزایان لەبواری جینۆساید، کۆمەڵکوژییەکەی گوندی سۆریا، بەشێک لەهەڵمەتی جینۆساید و قڕکردنی گەلی کوردە.

## ژنێک رزگاری دەبێت

شایەتحاڵەکانی کارەساتی سۆریا دەڵێن، ئەو کەسانەی کە بۆ گوللەبارانکردن، لە کۆتانی مەڕدا کۆکرانەوە، بەشێکی زۆری دانیشتوانی گوندبوون و زیاتر لە ٧٠ کەس دەبوون، کە هەندێکیان ژن بوون و منداڵی شیرەخۆریان لەباوەشدا بوو. فەرمان شوکری، یەکێکە لەو منداڵانەی کە لەو ساتەوەختەدا لەگەڵ خوشکەکەیدا، لەباوەشی دایکیاندا بوون و رزگاریان بووە. وەک باسیدەکات لەکاتی جینۆسایدی گوندی سۆریا، تەمەنی تەنیا ٢مانگ بووە، ئێستا پیاوێکی٤١ساڵە. وەک خۆی دەڵێت ئەوەی ئەوی هێشتووەتەوە "بەخت بووە". ئەو کارەساتەکەی بیرنایەت، بەڵام لەزمانی دایکییەوە دەگێڕێتەوە هەرچەندە ئێستا دایکی لەژیاندا نەماوە، تا ئەو رۆژەی مردووە داخ و ترسی ئەو رۆژەی لەدڵ بووە "کاتێک ئاگریان لە کۆتانەکە بەردا، دوو سەرباز لەبەر دەرگای کۆتانەکە وەستابوون، بۆ ئەوەی هیچ بریندارێک نەتوانێ بچێتە دەرەوە. من سەری خۆمم بەرزکردەوە بۆ ئەوەی سەربازەکان بمبینن و بمکوژن، نەوەک لە ئاگردا بسووتێم، بەڵام ئەوان ئاگریان لەسەر رێگام لاداو پێیانگووتم، خۆت و منداڵەکانت رزگار بکە. منیش ئێوەم هەڵگرت و لە کۆتانەکە دەرچووم".

## بارزانی UN لە رووداوەکە ئاگاداردەکاتەوە

ئێستا یادداشتنامەکەی بارزانی لەدادگای باڵای تاوانەکان، بەهێزترین بەڵگەی ئەو کۆمەڵکوژییەیە. دوای تاوانەکە رێبەری شۆڕشی کوردستان مستەفا بارزانی، یادداشتێک ئاراستەی UN دەکات و ئەو رووداوە بە تاوانێکی کۆمەڵکوژی و دژ بەمرۆڤایەتی لەقەڵەمدەدات. پارێزەری کارەساتەکە هەڤاڵ وەهاب، یادداشتنامەکەی بارزانی بە "گرنگ" وەسفدەکات و ئاماژەی بەوەدا کە "ئەم یادداشتنامەیە باشترین و بەهێزترین بەڵگەی کۆمەڵکوژییەکەیە".

## پێویستە کەیسەکە دوانەخرێت

دواخستنی کەیسی کۆمەڵکوژی گوندی سۆریا، بووەتە جێی نیگەرانی هاووڵاتیانی دەڤەرەکەو هاوکات پارێزەری کەیسەکە لەوبارەیەوە بە (وارڤین)ی راگەیاند "ساڵێک لەمەوبەر لەلایەن وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، بۆ پارێزەری ئەو کەیسە دەستنیشانکرام. بەخۆبەش ئەوکارەم لەئەستۆ گرتووە. ئێستا سکاڵام لەدادگای باڵای تاوانەکان تۆمارکردووە. دادگا رەزامەندی لەسەر داوە کە ئەم کەیسە کۆمەڵکوژییە. لەسەر داواکاری من، گوتەی شاهیدەکان لەدادگای

www.netewe.com





# 4 ژن لە ڕزگاربووەکان، بە هۆی بینینی کارەساتەکە تووشی نەخۆشی دەروونی بوون

دهۆک وەردەگیرێت، چونکە ڕەوشی ئاسایشی بەغدا ئارام نییە". هەڤاڵ ڕوونیکردەوە، کە شایەتەکان ١٥ کەسن. ٥یان ژنن، کە بەچاوی خۆیان کۆمەڵکوژییەکەیان بینیووە. لەژێر لاشەی مردووەکان ڕزگاریان بووە. ٤ ژن لە ڕزگاربووەکان، بە هۆی بینینی کارەساتەکە تووشی نەخۆشی دەروونی بوون. ڕۆژنامەوان عادل خێرکی، سەبارەت بە بەدواداچوون لەسەر کەیسەکە دەڵێ:"ئەگەر دادگا بەشێوەیەکی خێرا کەیسەکە نەجووڵێنێت، دوورنییە تاوانباران، کە تائێستا هەندێکیان لە عێراق، بەئازادی هاتووچۆدەکەن رابکەن. دواخستنی کەیسەکە لەبەرژەوەندی قوربانییاندا نییە".

**پشکنین بۆ تەرمەکان دەکرێت**

بۆ بەدواداچوون و کۆکردنەوە بەڵگەی تەواو لەسەر تاوانەکە، ڕۆژی ١٧-٤- ٢٠١٠ گۆڕی شەهیدەکان لە گوندی سۆریا، دەدۆزرێتەوە. سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٤-٧-٢٠١٠و بە ئامادەبوونی نوێنەری وەزارەتی شەهیدان، جێگری پارێزگاری دهۆک، سەرۆکی پەیمانگای دادپزیشکی هەولێر و دادگای دهۆک، گۆڕی شەهیدانی کۆمەڵکوژی سۆریا هەڵدرایەوەو تەرمی شەهیدان دەردەهێنران تا پشکنینی D.N.A یان بۆ بکرێت.

**قەرەبوو نەکراوەنەتەوە**

فەرمان شوکر، یەکێک لەرزگاربووانی کۆمەڵکوژییەکە ڕەخنە لەوەزارەتی شەهیدان و حکوومەت دەگرێت کە بایەخی تەوایان بەگۆڕی قوربانییەکان و کەسووکاریان نەداوە"هێشتا خەڵکی گوندەکە قەرەبوونەکراونەتەوە. دەبوایە حکوومەت دوای هەڵدانەوی گۆڕەکان، تەرمەکانی دەرهێناباو گۆڕەکانی جیابکردایەتەوە. یان بۆ ڕێزگرتن لەگیانی شەهیدەکان، ناوەکانیان لەسەر تابلۆیەک بنووسرێتەوە". فەرمان، داوا دەکات کە ٩-١٦ بکرێتە ڕۆژی یادکردنەوەو ڕێزلێنان، لەگیانی قوربانییانی ئەو تاوانە.

**ناوی قوربانییان**

لەبەدواداچوونی کارەساتەکە، وارڤین هەوڵیدا، ناوی قوربانییانی ئەو کارەساتە وەربگرێت، کەهەندێ خێزانیان تێدایە هەموو ئەندامەکانیان بوونەتە قوربانی.

قەشە حەننا یەعقوب، خەمۆ مروکێل (موختاری گوند)، موسا مروکێل، لەیلا خەمۆ مروکێل، کترۆ کۆسۆ (هاوسەری خەمۆی موختار)، ئۆراها خەمۆ، وارینا ئۆراها، جۆزیف ئۆراها، حوزنی محەمەد زاخۆیی، ئامینە ڕەجەب محەمەد (هاوسەری ئۆسمان سلێمان)، ناهیدا ئۆسمان سلێمان، سەبیحا ئۆسمان سلێمان، فەیرۆز ئۆسمان سلێمان، گلیانە مەرقۆس، شرین سمۆ (هاوسەری عەلی یوسف)، ئامینا عەلی یوسف، ڕەمەزان مونیر یوسف، ساڵح مونیر یوسف، قەمەر ڕەشید ئەحمد (هاوسەری ئیبراهیم حسێن)، نادیرا ئیبراهیم حسێن (کچی قەمەر ڕەشید)، حەلیما ئیبراهیم حسێن، غەریبا محۆ حسێن، سەیران محۆ حسێن، میران محۆ حسێن، جەمیلا شابۆ بازنا، ئەمجەد شابۆ بازنا، سەفەر پەترۆس تۆما، سەمیرا پەترۆس تۆما، یەڵدا ڕەشۆ وەردە، یاسیمە یەڵدا ڕەشۆ، یاقۆ ئیلیا، ڕاحێ مۆشێ، کاترینا مۆشێ، یەونا سلێوە (هاوسەری پەترۆس تۆما)، عەنتەر هۆرمز مرۆگێ، شونی حەنا (هاوسەری شابۆ بازنا)، نەجیب هورمز مرۆگێ (برای یونان هرمز)، ناجی گۆرگیس، منداڵێک لەتەمەنی ٤ ساڵ و یەکێکیتری تەمەن ٥ ساڵ لە ماڵی (پەترۆس تۆما)، کۆریال هورمز و منداڵێک لە تەمەنی سێ مانگیدا لەماڵی (کترۆ کۆسۆ).

www.netewe.com

## نوێنەری BDP لە هەولێر:

# داوای کۆنگرەی نەتەوەیی لە بارزانی دەکەین

**نوێنەری پارتی ئاشتی و دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان (رۆشەن مەهموتئۆغلۆ) لە یەکەمین چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانیدا وەڵامی پرسیارەکانی (وارڤین)ی دایەوە. مەهموتئۆغلۆ، دەستنیشانی کرد کە داواکاری هەرە گەورەی ئەوان لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی ئەوەیە کە بناغەی کۆنگرەی نەتەوەیی دامەزرێنێت و لەو بوارەدا دەستپێشخەری بکات.**



دیلار سەولەدار

تایبەت

دەمانـەوێ وەک دەستپێک لەبارەی"کرانەوەی دیموکراتیک" کە لەلایەن پارتی دادوگەشەپێدانەوە دەستی پێکردووە قسەی بکەیت. پارتی ئاشتی و دیموکراسی بڕیاریدا کەلە ریفراندۆمدا نەچێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان. ئەو بڕیارە تا چ رادەیەک لەسەر جەماوەری (ب.د.پ) کاریگەر دەبێت؟

رۆشەن مەهموتئۆغلۆ: ئەو خاڵانەی بۆ ریفراندۆم گۆڕانیان بەسەردا هاتبوو هیچ پەیوەندییەکیان بە جەماوەرەکەیەوە نەبوو، (ب.د.پ)یش لەبەرئەوە ئەو بڕیارەی دا. ئێمە لەو بڕوایەداین کە گەل بەو بڕیارەوە پابەند دەبێت و ناچێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان. لەو بـوارەدا هیچ شک و گومانێکمان نییە. بۆ ئەوەی ناکۆکییەکانی نێوان گەلی خۆمان لەنێوبەرین، بڕیارماندا لەهەموو شوێنێک کۆبوونەوە بکەین و ئەو پرسە بۆ گەل روون بکەینەوە. ئەو هەڵمەتەی ئێمە بەردەوامە.

وارڤین: لەبەر ئەو بڕیارە هەندێک لایـەن زۆر رەخنەیان لە (ب.د.پ) گرت. هەندێک گوتیان کە (ب.د.پ) بەو بڕیارەی چووەتە بەرەی پارتی گەلی کۆماری و پارتی نەتەوەپەرستەوە. ئەوە تا چ رادەیەک راستە؟ (ب.د.پ) دەکەوێت کام لایەنەوە؟

رۆشەن مەهموتئۆغلۆ: یەکەم، (ب.د.پ) ناچار نییە وەک پارتی دادوگەشەپێدان، پارتی نەتەوەپەرست و پارتی گەلی کۆماری هەڵسووکەوت بکات. چونکە (ب.د.پ) سیاسەتێکی سەربەخۆی هەیە. لەبەرئەوەش کاتێک ئێمە بڕیار دەدەین، هەرگیز بیرلەوە ناکەینەوە"کەوا ئێمە لە چ لایەنێکەوە دیار بین- بکەوینە کام بەرەو لایەنەوە". ئەگەر راستییەکانی ئێمەو بەرامبەرەکانمان لەهەندێک بواردا یەکبگرنەوە، ئێمە بێ ترس و خۆف دیسان بەئاشکرا دەتوانین بۆچوونی خۆمان دەرببڕین و هەنگاو بەرەو دوا هەڵنەگرینەوە. بەڵام لەبواری ریفراندۆمدا جیاوازنیشاندانێکی زۆر گەورە هەیە. ئێمە لەپێگەی پارتی گەلی کۆماری و پارتی نەتەوەپەرست دا نین. ئێمە بڕوامان وایە کە بەو ریفراندۆمە دەستووری ١٢ـی ئەیلول لەنێو ناچێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەو گۆڕانانە تەمەنی ئەو دەستوورە وێرانە درێژ دەبێتەوە. بۆیە ئێمە ناڵێین "نە"، بەڵکو ئێمە بایکۆتی دەکەین، واتە ناچینە سەر سندووقی دەنگدان.

وارڤین: بۆچی ئێوە بەپێویستتان زانـی کەلە هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی بکەنەوە؟

رۆشـەن مەهموتئۆغلۆ: کـورد لەمێژوودا لەبەر هۆکارە سیاسییەکان و بەبێ ویستی خۆیان پارچە کراون. لەبەرئەوەش ئێمە لەو بڕوایەداین کە دەبێ لەبەرامبەر ئەو پارچەبوونەدا تێکۆشانی دیموکراتیک بکەین. راستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە لەکردنەوەی نوێنەرایەتیدا دواکەوتین، بەڵام لەمەبەدواوەش کردنەوەی نوێنەرایەتی بەسوودە. پرسی کورد کە پرسی هەرێمەکەیە چارەسەری ستراتیژیکی کێشەکەی بە خاڵە هاوبەشەکانی کورد پێکدێت. لەبەر ئەوەش دەبێ ئێمە پەیوەندی زیاتر و ستراتیژیکتر دابمەزرێنین. کردنەوەی نوێنەرایەتی هەنگاوێکی گرنگە بۆ گەیشتن بە داخوازەکانمان.

وارڤین: کردنەوەی نوێنەرایەتی لەگەڵ خۆیدا چی بۆ یەکگرتوویی کورد دێنێت؟

رۆشەن مەهموتئۆغلۆ: ئامانجمان یەکێتی کوردە. ئێمە بۆ ئەو مەبەستە نوێنەرایەتی دەکەینەوە. هیچ بیانوویەکی سیاسی بۆ یەکگرتنەوەی کورد نییەو ئێمە قبووڵی ناکەین. ئافراندنی زەمینەیەکی وەها بەتایبەت بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێتە هەنگاوێکی زۆر گرنگ.

وارڤین: (ب.د.پ) بۆ چارەسەری کێشەی کورد چ چاوەڕوانییەکی لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی هەیە؟

رۆشەن مەهموتئۆغلۆ: لەو بوارەدا چاوەڕوانی و داوای هەرە گرنگی ئێمە ئەوەیە: ئێمە دەمانەوێت هاریکارییەکی ئەرێنی لەپێناو گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەییدا بکەین. هەروەها بۆ ئەوەی کە کێشەی کورد لە تورکیا لەرێگەی ئاشتییانەو سیاسییەوە چارەسەر ببێت، دەمانەوێ هاوکاریمان بکەن و بۆ ئەوەش بوارێکی تێکۆشان دامەزرێنین.

وارڤین: ئێوە پەیوەندییە گەرموگوڕەکانی نێوان



www.netewe.com

هەرێمی کوردستان و تورکیا چۆن دەنرخێنن؟

رۆشـەن مەهموتئۆغلۆ: ئێمە گرنگییەکی زۆر دەدەینە ئەو پەیوەندییانەی کە ناکۆکی و پێکدادانە مێژووییەکان لەنێوبەرێت. ئەوە بۆ ئێمە واتادارە. بەڵام لەو بڕوایەداین کە ئەگەر پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوندی و سوودی ڕۆژانە بێت، ئەوە هیچ خزمەتێک بە چارەسەری ستراتیژیک ناکات و هەروەها چارەسەری خێرای کێشەکانیش دوادەخـات. دەوڵەتی تورکیا تائێستاش نکۆڵی لە کورد و بەتایبەتیش کوردانی تورکیا دەکات. لەبەرئەوەش ئێمە لەوبڕوایەداین پەیوەندییەک کە ئەو نکۆڵییانە نەسرێتەوە، هیچ ئەنجامێکی نابێت.

وارڤین: تۆ وەک نوێنەری (ب.د.پ) بۆ هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرای. هیچ هۆکارێکی تایبەت هـەبـوو بـۆ ئـەو هـەڵـبـژاردنـەت. بۆچی تۆیان هەڵبژارد؟

رۆشـەن مەهموتئۆغلۆ: مـن ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی پارتی ئاشتی و دیموکراسیم. جگە لە زمان و ئەزموونی پراکتیکی، هیچ هۆکارێکی تایبەت نەبووە.

وارڤین: جگە لە تورکی، کام زمانی دیکە دەزانی؟ کوردییەکی باش دەزانی؟

رۆشـەن مەهموتئۆغلۆ: کوردییەکەم زۆر باشە. ئینگلیزییەکەشم خراپ نییە.

وارڤین: ئێوە پێشتر سەردانی هەرێمی کوردستانتان کردووە؟

رۆشـەن مەهموتئۆغلۆ: نـە. پێشتر هەرگیز نەچووم.

وارڤین: ئێوە وەک نوێنەر لە هەولێر دەستپێک چی دەکەن. بەرنامەکەتان دیارە؟

رۆشـەن مەهموتئۆغلۆ: لەدەستپێکدا ئەو چاوپێکەوتنە فەرمییانە کە پلانیان بۆ داڕێژراوە دەست پێدەکەین. کاتێک کە هەلومەرج ڕەخسا ئێمە دەست بە کارە تەکنیکی و ڕێکخستنییەکانی کردنەوەی نوێنەرایەتی دەکەین. جگە لەوەش، دەستپێک دەمـەوێ هەموو هەرێمی کوردستان بگەڕێم و لەنزیکەوە شارەزا بم.

وارڤـین: ئێوە ڕەوشـی ژنـی کـورد لە باکووری کوردستان چۆن دەبینن؟

رۆشـەن مەهموتئۆغلۆ: لە باکووری کوردستان بەڕێکخستنبوون و ئاستی ژنان زۆر پێشکەوتووە. ئێستا لـە کـۆی ٢٠ پـەرلـەمـانـتـاری ئێمە (پەرلەمانتارانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی- وارڤـین) لـە پەرلەمانی تورکیا ٨ یـان ژنـن. گەلەک شارەداری ژنمان هەیە. لەهەموو ئاست و خەباتێکی ئێمەدا ژنان نوێنەرێتییەکی بەهێزیان هەیە. ئەوەش ئاستی ژنی کورد نیشان دەدات. من زۆر شارەزاییم لە پارچەکانی دیکەی کوردستان نییە. هەم کۆمەڵگا هێشتا تێڕوانینەکانی پێشووی خۆی نەگۆڕیوەو هەمیش زەختی دەوڵەتان لەسەر کورد، پێشکەوتنی ژنی کورد ئاستەنگ دەکات. لەباشووری کوردستان لـەبـواری ژناندا ئەگەر پێشکەوتنێکیش هەبێت، بەبڕوای من وەک ئەوە نییە کە دەخوازرێت. بەڕێکخستنکردنی ژن لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا، یەکێتی نەتەوەیی کورد لەگەڵ خۆیدا دێنێت. نموونەی هەرە گرنگی ئەو پێشکەوتنە کۆنفرانسی ژنی کورد بوو کەلە ئامەد پێکهات.



نوێنەری پارتی ئاشتی و دیموکراسی لە هەولێر ڕۆشەن مەهموتئۆغلۆ    فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

### ڕۆشەن مەهموتئۆغلۆ کێیە؟

ساڵی ١٩٧٧ لە ئامەد لەدایکبووە. بەڵام لەبنەڕەتدا خەڵکی موشە. کۆلیژی مافی لە زانکۆی مەرمەرە تەواو کردووە. لە بەشی حقوقی مافەکانی مرۆڤی زانکۆی بیلگی دا ماستەر دەخوێنێت. لەبەر کاری نوێنەرایەتی هەولێر وازی لە ماستەرەکەی هێناوە. ئەو لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە لەناو سیاسەتدایەو هاوکات پارێزەریش دەکات. ئەندامی ئەنجوومەنی پارتی ئاشتی و دیموکراسییە.

# دەردەدڵێکی بوێرانە و کراوە




فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

# سەرۆک حزبێک لە پێناو خـــ

تایبەت

ئەو تاکە سەرکردەیە، بەشانازییەوە باس لە دۆڕانی عیشق دەکات و هەمیشە ئەوەش دووپاتدەکاتەوە، مەعشوقەکەی لە یادەو هەموو هەنگاوەکانی لەگەڵ ئەودایە. ئەو زۆر گەورەیە لە ڕۆح و زۆر بچووکە لە رووخسار، عاشقێکی دۆڕاو و سیاسییەکی براوەیە. بە دەگمەن دەبینرێت جگەرە بە لێویەوە نەبێت، رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت خۆی خانەنشین کرد لە حکوومەت!

بێکەس حەمەد قادر(سکرتێری پارتی نیشتمانی کوردستان) زۆرتـر بە نووسەرو رۆژنامەنووس ناسراوە، ٩ کتێبی چاپکراوی هەیە، کە یەکێک لە کتێبەکانی تەنیا بۆ کەسێکی چاپکردووەو تەنیا دانەیەکیشی لـێ بـڵاوبـۆتـەوە کـە بۆ خۆشەویستەکەی بووە! کاتێکیش دێتە سەر ژیانی خۆی، دەڵێ:"ئێستا هەموو کاتەکانی ژیانم بۆ فەیسبووک تەرخانکردووە، شەوانیش شەرابەکەم دادەنێم و فەیسبووک دەکەمەوە، جاری واش بووە خێزانەکەم لە تەنیشت منەوە نوێژدەکات، زۆر رێز

www.netewe.com

له یەکتر دەگرین، ژن و مێردێکی بێ کێشەو بێ خۆشەویستین و لە دوو دنیای جیاواز دەژین".

ئەو دەڵێ: "خێزانەکەم منی زۆر خۆشدەوێ، منیش ڕێزی ئەو دەگرم، بەڵام ئەوە نییە زۆر خۆشم بوێ، بەڵام بە ژیانم پیاسەیەکم لەگەڵ نەکردووە، چونکە دوو دنیای لێکجیاوازین، ئەو هەمیشە ئەو گلەییانە لە من دەکات و دەڵێ بۆ سەفەرێک نەکەین، بۆ نەچینە دەرەوە، ئەوە بووە ١٩ساڵ پێکەوە دەژین، بێ ئەوەی کێشەیەکمان هەبێت و دڵمان لێک پیس بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خۆشەویستییە نییە، نازانم بۆ؟ حەزم دەکرد هەبایە، بەڵام کە نییە ڕەنگە من گوناهبار نەبم."

کە دێتەسەر باسی منداڵەکانی دەڵێ: "ئەگەر قسەیەک بکەم و وانەبێت منداڵەکانم پێمدەڵێن درۆدەکـەی، لەوە ناچین کە کوڕ و باوک بین و زۆرتر لە برادەر دەچین. ئەویش لە ئەنجامی زوڵمێکی زۆر بوو کە من ئەو ئازادیانەم دا بە منداڵەکانم، من پێشتر زۆر ئازاردراوم بە دەستی باوکم و لە سەردەمی منداڵی زۆر ناخۆشیم بینیوە. ئیتر بۆ دەبێ ئەزموونی تاڵی ژیانم بە منداڵەکانم بدەمەوە.. نا نا هەرگیز!"

لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ: "منداڵەکانی کۆڵان هارن و منیش بێ دەنگ، باوکم لەپێناو ئەوەی باوکایەتی و پیاوەتی خۆی بسەلمێنێ زۆر لێیدەداین، بۆیە بەردەوام دوورەپەرێز بووین، دایکیشم ئەوکاتە منی لە پشت خۆی دەشاردەوە، ئەگەر بیزانییایە لە شەڕەکە سەرکەوتوومەو لە بەرامبەرەکەم داوە، بەڵام ئەگەر بیزانیایە دۆڕاوم، ئەوە ئەویش پشگوێی دەخستم".

بێکەس، وەها درێژە بەقسەکانی دەدات: "من لە منداڵییەوە منداڵێکی زۆر شەیتان بووم و زۆرم حەز لە ژن بوو، بیرمە جارێک دایکم لەگەڵ خۆی منی بردە سەر کانی و ژنەکان بە دایکمیان وت نەیهێنیەوە ئەوە چاوی زۆر حیزە، من هەستم بەوە نەدەکردو زۆر منداڵ بووم، بەڵام ئەوە دەزانم کە جلەکانیان دادەکەند سەیرم دەکردن".

**لەبارەی عیشقەوە**

عیشق ئەوە نییە هەر کاتێک سەیری کەسێک بکەیت و، بچێتە دڵـت، بـەڵام کاتێک ڕۆحت پێتدەڵێ ستۆپ، ئەوەیە عیشق کە ڕاتدەگرێ. منیش بە یادی ئەو هەمیشە دەخۆمەوە (لێرەدا پێکەکەی هەڵدا) من ژیانی منداڵیم زۆر بە ناخۆشی بەسەر بردووە، پێشموایە ئەوەی داوات کرد لە ژیانی منداڵی و بۆت بەدی هات، کەسێکی سەقەت و فاشل دەردەچی، ئەگەرنا دەبێ بزانی منداڵی و ژیان چییە؟ من یەکەمجار کە پێڵاوی باتەم لەپێ کرد، ساڵی ٨٧ بوو، کە تەمەنێکی زۆرم هەبوو، ئەوکات تەلەفزیۆنم بینی، ئەوکاتەی کە هاتینە شارو تێکەڵی دنیای بێمانا بووین، ئەوکات دەستمان کرد بە کارو فێری خواردنەوەی شەراب بووم و ژیانم گۆڕا.

ئەو سەرسەختانە عاشقی یەکێک بووەو ئێستاش بۆ بەختەوەری ئەو ناوی ناهێنێو دەڵێ: "هەر خۆشمدەوێ، هەمیشە بۆ ئەو دەژیم، ژیان لە جوانییەکانی ئەووەوە دەبینم".

دەڵێ: "ئێستا ئاسوودەم و دەڵێم خودا منی خۆشویستووە کە ئەوەی من خۆشمدەوێ بۆم نەبووە، ئەگەر بۆم بووبایە نەمدەتوانی ئاوا بژیم، دەبووم بە کۆیلەی ئەو، بەڵام ئێستا زۆرخۆشە، هەرخۆشمدەوێ، ڕۆژێکیش هەر دێتەوە لام".

ڕووخانی بێکەس حەمەد قادر، بۆ کۆچکردنی کچەکەی دەگەڕێتەوە، کاتێک کچەکەی ٢ساڵ لەمەوبەر لە تەمەنی ١٦ساڵی کۆچی دوایی کرد بەهۆی نەخۆشی، ئەو پیاوە لە ڕوحەوە داڕما، ئێستاش زۆرێک لە شەوەکان بەدەم شەرابەوە ڕوو لە گۆڕستان دەکـات و تا تێردەبێت لە قسەکردن لەگەڵ مردووەکان، ئینجا دەگەڕێتەوە ماڵ، ئەو دەڵێ: "ئێستا مرۆڤ هەموو شتی هەیە، تەنیا عیشقی نییە، من پێموابوو مرۆڤ دەبێ ناوبانگی هەبێ بۆ ئەوەی خەڵک خۆشی بوێ، بەڵام بۆم دەرکەوت وانییە، هەموو قۆناغەکانم بڕی، تا گەیشتم بە سکرتێری حزب، بووم بە سەرنووسەری چەندین ڕۆژنامە، چەندین گۆڤار، چەندین نووسینم کرد، چەندین کتێبم چاپ کرد، بەڵام هیچ لەوانە مرۆڤ دڵخۆش ناکەن بە قەد عیشق".

ئەو دەڵێ: "ئەوکاتەی منداڵ بـووم، بیرم لەوە دەکـردەوە "مـرۆڤ دەبـێ ناوبانگی هەبێت، بۆ ئەوەی خەڵک خۆشی بووێ و عیشقێکی گەورەی بێ)، بەڵام ئێستا کە گەورە بووم، گەیشتمە ئەو باوەڕەی، دەشێ مرۆڤ هیچی نەبێ و عاشقێکی گەورەبێت، دەشێ هەموو شتێکی هەبێ و کەس خۆشینەوێت..."

باس لەوە دەکات، دەبێ مرۆڤ خەونی هەبێت، خەون خەیاڵنییە، ڕاستییە، بێ بوونی خەون، ژیان هیچ نییە، ئەگەرنا من هەموو شتم هەیە و لە

# ـــۆشەویستەکەی ئینشیقاق دەکات

هەموو شتێک تێربوومە، لە هەموو شت پڕبووم، تەنیا ئەوە نەبێت شتێک هەیە ناوی عیشقەو زۆر زۆر گەورەیە، ئێمە پێویستمان بەوەیە!

ئـەو ٥ساڵ عاشقی کچێک بـووەو ٥ساڵیشە کۆتایی پێهاتووە، دەڵـێ: "کـاتـێـک ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووم، بۆ کۆبوونەوەی حزبەکان ڕۆیشتووم، بەڵام کە ئەو بانگی کردووم، یەکسەر نەچوومەتە کۆبوونەوەو بۆ لای ئەو ڕۆیشتووم، لەبەرامبەر ئـەودا هیچ شتێک نرخی نەبووە بۆم، خۆ ئەگەر پێمیبووتایە بمرە، دەمـردم". دەڵـێ: "ئـەو فێری ژیانی کـردم، فێری عیشقی کردم، فێری لێبووردەیی و ئازایەتی کردم. ئەو وایکرد هەمیشە خۆم بسەلمێنم و بڵێم هەم، من لەپێناوی ئەودا چەندین پلەم بڕیوە، چەندینجار ئینشیقاقم کردووە، بۆ ئەوەی ئەو بزانێ کە ماوم و نەمردووم، هەر لەپێناوی عیشقیشدا شیعر نانووسم، چونکە نامەوێ ئەو ئازار ببینێ".

**عەلی سدیق**

www.netewe.com

## نزیکەی ٥ ساڵە بەبێ یاسا کاردەکەن

### ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر:

# یەکێتی و پارتی ناهێڵن کار بکەین

لەئەنجوومەنی هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستاندا ٣٧ ئەندامی ژن هەن، بەڵام ئەو ژنانە ناڕازین و پێیانوایە، ڕۆڵیان بچووککراوەتەوە. لە هەرسێ پارێزگاکەدا ژنان نەبوونی یاسایەک و قۆرخکردنی دەسەڵاتەکان لەلایەن خودی پارێزگارەوەو بڕیاری مەکتەبی سیاسی حزبەکان بەهۆکارێک بۆ پەراوێزخستنی ڕۆڵیان دەزانن. ئەگەرچی ژنانی پارێزگای دهۆک تا ئەندازەیەک لەڕۆڵی خۆیان ڕازین، بەڵام ژنانی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر لە ناکارابوونی ڕۆڵی خۆیان نیگەرانن و لە سلێمانیش سکاڵایان لە قۆرخکردنی دەسەڵات هەیە.



ئاڤان فارس جاف

هەولێر

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهـۆک، فازڵ عومەر، ڕۆڵی ژن لەناو ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا بـەرز دەنرخێنێت و دەڵـێ "لەناو ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆکدا، ١٢ ژن هەیە، ڕۆڵێکی باشیان گێڕاوە، ڕۆڵیان لە پیاوان کەمتر نەبووە. ئەو گرفتانەی دێنە ڕێی ئەوان، هەمان ئەو گرفتانەن کە لەبەردەم ئێمەشدا هەن".

ئەنجوومەنی پارێزگا، دەسەڵاتی چاودێرییە لەناو سنووری کارگێڕیی پارێزگادا، مافی دەرچواندنی بڕیارو پەیڕەو و ڕێنمایی بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایـی، لەناو پارێزگاکاندا هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت بەپێی پرەنسیپی ناسەنتەری و بەڕێوەبردنی کارگێڕی سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگا بکات. بەشێوەیەک کە لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمدا ناکۆک نەبێت، بـەڵام تائێستا یاسایەکی تایبەت بۆ کارکردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لەهەرێمی کوردستاندا، نییە.

فـازڵ عـومـەر، ئـەوە بەگرفتێکی گشتگیر ناو دەبات"ئەگەر یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان کاری پێکرابایە، ئەو ژنانە دەیانتوانی بەشێکی زۆر لە کێشەکانیان چارەسەر بکەن و ڕاپۆرتی تایبەت بەبارودۆخی ژنان بەرز بکەنەوە".

گرفتەکە ئەوەیە بەگوێرەی ماددەی ٤١ی دەقی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کەلە ٢٠ی نیسانی٢٠٠٩ دەرچووە یاساکە کاری پێناکرێت و کارکردن بەو یاسایە دواخراوەو بۆ خولی داهاتووی ئەنجوومەنەکان جێبەجێدەکرێت.

بـەرپـرسـی لـیـژنـەی کـاروبـاری کـۆمـەڵایـەتـی لەئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک، مونا عەبدولمەجید ئاماژە بە"کەمی کێشەکانیان" لەپارێزگای دهۆک دەکات، چونکە وەک ئەو دەڵێ زۆرێک لەو ئەندامانە، لەسەر بنەمای تواناو کارایی هەڵبژێردراون"ژنانی لیژنەکەی ئێمە زۆر کاران، ئەندامانی ئەنجوومەن لەراپەڕاندنی کارەکاندا زۆر باشن". ئەو وەها درێژە بەقسەکانی دەدات:"ئێمە گرفتمان نییە، جگە لەنەبوونی یاسایەک بۆ کاری ئەنجوومەنەکان".

هاوکات ئەندامی لیژنەی پەروەدەیی، لەئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک، ئاسیا عەلی، بەپێچەوانەی مونا، دەڵێ" ئەگەر دەسەڵاتمان زیاتر بوایە، دەمانتوانی کاری باشتر بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا هەماهەنگییەکی باشمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکاندا هەیە".

ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک، ئیبراهیم عەبدولوەهاب، لەلیستی شیوعی، نەبوونی یاسایەک بۆ کارپێکردنی ئەنجوومەنەکان بە" ئیفلیجکردنی دەسەڵاتی ئەنجوومەن" دەزانێت.

ئیبراهیم، ئـامـاژە بـەوەدەکـات، مـاوەی ٤ساڵە ئـەنـجـوومـەنـی پـارێـزگـاکـان بـەدەنـگـی خەڵک هەڵبژێردراون، بەڵام بێ یاسا کاریان کردووە"هەردوو حـزب، ڕۆڵـیـان لـەبـێـدەسـەڵاتـی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا، هەیە".

بەپێچەوانەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک، ئەندامانی هەولێر، کۆمەڵێک خاڵ و بەربەست لەبەردەم کارکردنیان دەستنیشان دەکەن. ئەندامی



www.netewe.com



کوردستان- سلێمانی ٢٠١٠.    ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی    فۆتۆ: وارڤین

ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر شلێر مستەفا، ناکارایی ژنانی نێو ئەنجوومەنەکەیان بۆ نەبوونی یاسایەک دەگەڕێنێتەوە "ئەگەر یاسا بخرێتە کار، رێژەیەکی زیاتری ژنان لەناو ئەنجوومەندا دەبن، ئێمە تەنیا هێماین و کارا نین. کەسیش بابەتەکە ناورووژێنێت".

لەیاسای ئەنجومەنی پارێزگاکاندا هاتووە "ئەنجوومەنی پارێزگا، لەرێگەی هەڵبژاردنی راستەوخۆوە پێکدەهێنرێت و لە ٢٥ ئەندام، بۆ هەر دوو سەد هەزار کەس لەوانەی زیاد دەبن لە پێنج سەد هەزار کەس، پێکدێت. ئەندامێکی دەخرێتە سەر، بەگوێرەی نوێترین سەرژمێری باوەڕپێکراو، بەمەرجێک لیستی پاڵێوراوەکان بەشێوەیەک بێت، رێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت تێیدا لە ٣٠٪ی ژمارەی ئەندامانی کەمتر نەبێت.

لەسەر ئەو بنەمایە ١٢ ژن لەناو ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێردا هەن.٤ یان سەربەلیستی سەوز، ٧ژن سەربەلیستی زەردن. ١ژنی مەسیحی، تێدایە. شلێر مستەفا، بڕیاری حزبەکان بەکۆسپێکی دیکەی کارکردن دەزانێت و ئاشکرایدەکات "لەلایەن مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبەوە، بڕیاردراوە ئێمە کار نەکەین".

ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، پەخشان کەمال، هاوڕای شلێرە "لێژنەکانی ناو ئەنجوومەن دەیانتوانی رۆڵی خۆیان، لەچاودێریکردنی کاروباری پارێزگا، بگێڕن. بەڵام نەبوونی یاسایەک بۆکارکردن، نەیهێشتووە سەرکەوتوو بین. هۆکارەکە مەکتەبی سیاسی هەر دوو حزبی دەسەڵاتدارە".

یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، لە ٢٠-٤-٢٠٠٩ دەرچووەو لە چل و یەک مادده پێکهاتووە. لە ماددەی چوارەمی بەشی دووهەمی یاساکەدا، کاروچالاکی پارێزگار، ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاو شارەدێکان دەستنیشان کراوە. حەوت ماددەی ئەو یاسایە بۆ تایبەتمەندییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای تەرخان کراوە. هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ١٥-١٢-٢٠٠٥ ئەنجامدراو لەساڵی٢٠٠٩ وادەی ئەو ئەنجوومەنانە بۆ ماوەی ساڵێک تا ٣١-١٢-٢٠٠٩ درێژ کرایەوە.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، کاوە عەبدوڵڵا، رۆڵی ژنان لەئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە "کارا" وەسف دەکات "ژنانی ناو ئەنجوومەن کارایییەکی زۆرییان بەئەنجوومەنەکە بەخشیوە، چونکە پسپۆڕیی ژنەکان لەگەڵ لیژنەکان گونجاوە".

١٣ ژن ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانین.

سەرۆکی ئەنجوومەنەکە لاوازی رۆڵی ئەنجوومەن بەگشتی دەبەستێتەوە بەوەی پارێزگار زۆرتر بڕیاری مەرکەزی دەدات "بڕیارە مەرکەزییەکانی پارێزگار، نەیهێشتووە بەقەد تواناکانی خۆمان، خزمەتی پارێزگا بکەین، چونکە ئەرکی ئەندامی ئەنجوومەنە، چاودێری هەموو داموودەزگاکانی حکوومەت و پڕۆژەکان بکات".

کاوە عەبدوڵڵا "هەردوو حزبی دەسەڵاتدار" بەهۆکاری جێبەجێنەکردنی داواکارییەکانی ئەنجوومەن دەزانێت. ئاشکراشیدەکات "زۆرجار ژنانی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، قوربانی زۆریانداوە بۆ سەرکەوتن لەکارەکانیان". لەو بڕوایەدایە لەداهاتوودا بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان، پێویستییان بە ژنی زیاتر دەبێت.

لەو ١٣ ژنەی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگان ٩ یان سەربە لیستی سەوزن، ئەوانیتر هی ئەو چوار لیستەن کەلە پێکهێنانی یەکەم ئەزموونی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا بەشداربوون.

بەڕای بەرپرسی لێژنەی ژنان لەئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، کنێر عەبدوڵڵا، ژنانی ناو ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، توانیویانە لە خزمەتی ژناندا کار بکەن، سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەک پڕۆژەی خزمەتگوزارییان ئەنجامداوە. کنێر، ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوان رۆڵێکی باڵایان لە کردنەوەی شەڵتەرێکی داڵدەدان و سەنتەرێکی پەرەپێدانی تواناکانی ژناندا هەبووە.

کنێر عەبدوڵڵا، ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بەبەراورد لەگەڵ ئەنجوومەنی پارێزگاکانی دیکەدا، بە "کاراتر" وەسف دەکات "ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی زۆر کارایە، ململانییەکی زۆری لەگەڵ کێشەکاندا کردووە". بەڕای ئەو، بوونی ئەنجوومەنی پارێزگا بەمانای دابەشبکردنی دەسەڵاتە، بەڵام "پارێزگار هەبووە دەسەڵاتەکانی بۆ خۆی قۆرخکردووە". سەبارەت بەهۆکاری کارانەبوونی ئەنجوومەنەکان بەگشتی، کنێر عەبدوڵڵا، رەخنە لە حزبە سەرەکییەکانی هەرێم دەگرێت و دەڵێ "هەردوو حزبی دەسەڵاتدار" رێگرییان کردووەو نەیانتوانیوە برەو بەکاری ئەنجوومەنەکان بدەن.

www.nelewe.com

## بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق

# کورد پرۆژەیەکی نیشتیمانی دەخاتەڕوو



حەلا رۆستەم

**گومانی زۆر لەلیستەکانی نێو ئەنجوومەنی نوێنەران دەکرێت لەبارەی ئەوەی بەشێوەیەکی بنەڕەتی رێکبکەون لەسەر دەستپێکردنەوەی دانیشتنی ئەمڕۆی ئەنجومەنی نوێنەران و گەیشتنییان بەئەنجامێکی بەرهەمدار، بەتاییەت لەحاڵێکدا کە تائێستا نەیانتوانیوە بگەنە رێککەوتنێک لەبارەی دەستنیشانکردنی پاڵێوراوی سێ پۆستە سەرۆکایەتییەکەی (کۆمار، ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی وەزیران). ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ هەوڵی لیستی ئەلعراقیە بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی و ئیئتلافی نیشتمانی بەسەرۆکایەتی ئیبراهیم جەعفەری بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکوەزیران (نوری مالکی) وگۆڕینی حکوومەتەکەی بۆ کابینەیەکی کارا.**

بەغداد

ئەو هەوڵە لەلایەن ئیئتلافی دەوڵەتی یاسای نوری مالکییەوە بەتەواوی رەتکراوەتەوەو لەچەند بەرەیەکەوە ئەو هاوبەندییە کەوتووەتە ململانێوە "لەوانە ململانێی لەگەڵ بەرەی هاوپەیمانە شیعییەکانی و بەرەی ئەو رکابەرانەی کە چاویان لەوەیە پۆستی سەرۆکوەزیران بەدەستبهێنن.

لەسایەی ململانێی نێوان لیستە براوەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ و وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران تائێستاش شانۆی سیاسی عێراق، لەهەر چارەسەرێکی واقعی بۆ کێشەی پێکهێنانی حکوومەتی نوێوە دوورە. بەتایبەتی بەهۆی پۆستی سەرۆکوەزیرانەوە، کە تائێستاش بووەتە گرێی گەورەی بەردەم ئەو وتوێژ و دانووستانانەی لایەنە عێراقییەکان ئەنجامیدەدەن. لەوانە دانووستانی نێوان لایەنە شعییەکان (دەوڵەتی یاسا بەسەرۆکایەتی نوری مالکی و هاوبەندی نیشتمانی بەسەرۆکایەتی ئیبراهیم جەعفەری ) و لەنێوان دەوڵەتی یاساو لیستی عێراقییە بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی بەڕێوەدەچێت.

مشتومڕی نێوان لیستە براوەکانی هەڵبژاردن لەبارەی پرسی ئەو مادده دەستورییەی لەبارەی مافی لیستی براوە لەهەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی وڵات لەدەستووری عێراقدا هاتووە تێیدا بەگوێرەی مادەی ٧٦ی دەستوور لیستی زۆرینەی نوێنەران مافی پێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی هەیەو بەگوێرەی ئەو ماددەیەش لیستی ئەلعراقیە (خاوەنی ٩١ کورسییە لەئەنجوومەنی نوێنەران) مافی ئەوەی هەیە کە حکوومەتی داهاتوو پێکبهێنێت، لەبەرامبەریشدا لیستی هاوبەندی دەوڵەتی یاسا (٨٩ کورسی) لەوبڕوایەدایە ئەو مادده دەستوورییە ئەو لیستە دەگرێتەوە "لە ئەنجوومەنی نوێنەران لەگەڵ لیستەکانی دیکە گەورەترین کوتلە پێکدەهێنن و دادگای دەستووریش ئەو راڤەیەی بۆ ئەو مادده دەستورییە کردووە".

واقعی سیاسی عێراق هێشتا گیرۆدەی ئەو ناکۆکی و کێشانەیە کە بەروونی لەسەر زاری بەرپرسانی باڵای کوتلە سیاسییەکانەوە دەردەکەوێت و کۆبوونەوەکانییان تائێستا هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتووەتەوە کە بووبێتە هۆی ئەوەی بگەنە چارەسەرێک بۆ دەستنیشانکردنی پاڵێوراوی سێ سەرۆکایەتییەکە.

لە نوێترین پێشهاتدا لیستە براوەکان سەرقاڵی لێکۆڵینەوەو دارشتنی پرۆژەبڕیارێکی سیاسی نوێن بۆ ئەوەی ببێتە یاریدەدەری گەیشتنییان بەرێککەوتنێک لەبارەی میکانیزمی پێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی وڵات و ئەو بەرنامە سیاسییەی لەداهاتوودا جێبەجێیدەکات.

پرۆژەبڕیارەکە لەلایەن ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و سەرۆکی یەکەم دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەران دکتۆر فوئاد مەعسوم، خراوەتەڕوو و تێیدا جەخت کراوەتەوە لەسەر "پابەندبوون بەدەستوور، دانانی رێوشوێنی دەستووری لەبەڕێوەبردنی وڵات، رەچاوکردنی ئەنجام و ئیستحقاقی هەڵبژاردن، هاوسەنگی و رێگەگرتن لەبەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ سیاسییەکان، پێکهێنانی حکوومەت لەسەر بنەمای شەراکەتی نیشتیمانی، هەروەها رێککەوتن لەسەر بەرنامەیەکی نوێ بۆ حکوومەت، دانانی پەیڕەوی ناوخۆ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکوومەتی کوردستان و حکوومەتی بەغدا.

ئەو پرۆژەبڕیارە بەندی ئەوتۆی تێدایە کە داوا دەکات دووبارە چاو بەبڕیارەکانی ئەنجوومەنی باڵای سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە بخشێندرێتەوەو پرۆژەیاسای تایبەت بەژێرخانی راستەقینەی ئیدارەی



موقتەدا و عەلاوی دوایین کۆبوونەوەیان لە سوریا فۆتۆ: دەیلایف

دەوڵەت دابڕێژێت و لەوادەی دیاریکراودا سەرژمێری گشتی ئەنجام بدرێت و سیستەمی ئیتحادی نا مەرکەزیی کارا بکات و رێوشوێنی پێویست بۆ هەمووارکردنی دەستوور بگرێتەبەر و رەچاوی تواناو دەستپاکی لەهەڵبژاردنی کاربەدەستان بکات.

سەرەرای ئەو هەوڵانەی خراونەتەگەڕ بۆ ئەوەی هەریەک لەلیستەکانی مالکی و عەلاوی بگەنە رێککەوتنێک لەبارەی دابەشکردنی پۆستە حکومییەکانەوە وەک ئـەوەی واشنتن دەیخوازێت، زۆرێـک لەچاودێران لەوبڕوایەدان کۆبوونەوەی چاوەڕانکراوی نێوان مالکی و عەلاوی رکابەر بۆ پۆستی سەرۆکایەتی حکوومەت دوا هەل و دەرفەتە بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێک لەبارەی پێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی وڵات و ئەمە هاوکاتە لەگەڵ تەواوبوونی ئەو مۆڵەتە دوو

هەفتەییەی کە دەستنیشانکراوە بۆ رێککەوتن لەسەر سێ پۆستە سەرەکییەکە.

بایەخی ئەو کۆبوونەوە چاوەڕوانـکـراوەی مالکی و عـەلاوی لـەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هـەردووڵا تەرکیزی زیاتر لەسەر سروشتی ئەو بیرۆکانە دەکەن کە بۆ چارەسەری کێشەکان دەخرێنەڕوو بەتایبەتی ئەو بیرۆکەو پێشنیازانەی لیستی ئەلعراقیە وەک ئەوەی کە داوایکردووە پۆستی سەرۆککۆماری یان سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ لیستی دەوڵەتی یاسا بێت و بە رەسمیش رەتیکردووەتەوە، رازی بێت نوری مالکی جارێکی دیکە ببێتەوە بە سەرۆکوەزیران و هەروەها لیستی عێراقییە سوورە لەسەر ئەوەی مافی دەستووری خۆیەتی حکوومەتی داهاتووی پێکبهێنێت.

لیستی هاوبەندی نیشتیمانی عێراق بەسەرۆکایەتی ئیبراهیم جەعفەری دژایـەتـی خـۆی بۆ دووبـارە خۆپاڵاوتنەوەی نوری مالکی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران دەربڕیوەو لەبارەی میکانیزمی دەستنیشانکردنی پاڵێوراوی سەرۆکایەتی حکوومەت لەگەڵ لیستی دەوڵەتی یاسا هاوڕا نییە.

سـەرەڕای جـیـاوزای و ناکۆکییە نێوخۆییەکان سەبارەت بەپێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی عێراق لەسەر ئاستی دەرەوەش فاکتەری دەرەکی بەتایبەتی فاکتەری هەرێمایەتی رۆڵ وکاریگەرییەکی گەورەی لەسەر رەوشەکە هەیە.

هەوڵەکای کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ یەکخستنەوەی لایەنە شیعییەکان تائێستاش بـەردەوامـەو تاران لەهەوڵی ئەوەدایە هاوبەندی هاوپەیمانی نیشتمانی شیعەکان کارا بکرێت و نوری مالکی ببێتەوە بە سەرۆکوەزیران.

دەکرێت بڵێین دیداری نێوان سەرۆکی سوریا بەشار ئەسەد و رێبەری رەوتـی سـەدر موقتەدا سەدر و پاشان کۆبوونەوەی نێوان عەلاوی و سەدر لەو چوارچێوەیەدایەو ئاماژەیە بۆ خواستی تـاران و دیمەشق سەبارەت بەپێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی عێراق و رێگرتن لەهێنانەدی خواستەکانی ئەمەریکا لەوبارەیەوە.

هەموو ئەمانە لەکاتێکدایە کەلیستی ئەلعراقیە سوورە لەسەر پێکێهانی حکوومەت بەو پێیەی دەستوور مافی پێداوەو لەلایەکی دیکەشەوە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بەسەرۆکایەتی عەممار حەکیم کە یەکێکە لەلایەنەکانی ناو بەرەی هاوبەندی هاوپەیمانی نیشتیمانی داوای لەلیستی دەوڵەتی یاسا کردووە پاڵێوراوێکی دیکە لە جێی مالکی پێشنیاز بکات وکۆتایی بەکێشەی پاڵێوراوی سەرۆکایەتی حکوومەت بهێنێت.

لەو نێوەندەدا دیمەشق وەک ئەوەی دەردەکەوێت هاتووەتەناو ئـەو بازنە هەرێمایەتییەی دەست لەکاروباری ناوخۆی عێراق وەردەدەن و هەریەکەیان دەیەوێت حکوومەتی داهاتووی عێراق بە جۆرێک بێ کە رەنگدانەوەی نیاز و خواستەکانی ئەوان بێت.

لێرەدا پێویستە ئەوەمان لا روون بێت کە فاکتەری کات، هۆکارێکە بۆ بردنەپێشەوەی ئەو جموجووڵە سیاسییانەی لە ئارادان لەپێناو پێکهێنانی حکوومەتی داهـاتـوو و گەیشتنە رێککەوتن لـەبـارەی پرسی پێکهێنانی حکوومەتەوە کە زیاتر لەچوار مانگە هەموو لایەنەکانی سەرقاڵکردووە. دەبێ ئەوەش بگوترێت لەئێستادا بەرچاوروونی و گەشبینییەکیش لەئارادایە لەمەڕ تێپەڕاندنی ئەو رەوشەو چارەسەرکردنی گرێی سەرۆکایەتی حکوومەت.




کچێک لەگەڵ دایکی بەر لە بردنی بۆ ژووری نەشتەرگەریی

فۆتۆ: ژولی عەدنان

## ململانێکان پرسی ژن بەرەو کوێ دەبەن؟

### چالاکوانانی بواری ژنان:

# حکوومەت خاوبووەتەوەو پێشێلکارییەکان زیاتر بوون

**دوای بڵاوبوونەوەی ئامارە شەش مانگییەکەی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان، ئەو بەڕێوەبەرایەتییە رووبەڕووی چەندین هەڵوێست و گلەیی بوویەوە. ماوکات رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە بەرنامەیاندایە لە داهاتوویەکی نزیکدا بەرانبەر بەردەوامبوونی توندوتیژییەکان هەڵوێست وەربگرن. ماوکات ئەوان رەتیدەکەنەوە هەڵویستەکەیان دژی ئەو ئامارە بێت، بەڵکو بەرانبەر کەمتەرخەمی حکومەتەو لەو بروایەشدان ئیرادەیەکی سیاسی لە پشت پەراوێزخستنی پرسی ژنانەوەیە.**

تایبەت

ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی لە ٢٠-٧ـی ئەم مانگە لە هەلێر بڵاوکرایەوە. بەپێی ئەو راپۆرتە، کۆی رووداوەکانی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٠ لە هەرێمی کوردستاندا لە هەریەک لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، سنووری گەرمیان)،بەمشێوەیە بووە: رێژەی کوشتنی ژنان ٥٩ حاڵەتە، سووتان ٢٠٧، سکاڵا ١٠٣٨، ئەشکەنجە ٦٧١، توندوتیژی سێکسی ٦٣ حاڵەت بووە.

### ناکۆکی

دوای راگەیاندنی ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ئافرەتان سەرەتاکانی ئەو ناکۆکییە ئاشکرابوو کە بەهۆی گۆڕینی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکەوە هاتبوونە ئاراوە. بەڕێوەبەری گشتی بەرێوەبەرایەتی توندوتیژی کوردۆ عومەر، لەبارەی ئەو رەخنەو گلەییانەی کە ئاراستەی کرانەوە سەبارەت بەزیادبوونی رێژەی سووتان و نەبوونی شەفافیەت لەو رێژەیەی کە بڵاوکراوەتەوە دەڵێ:“من بەرپرس نیم لەزیاد و کەمی ئەو ئامارە، چونکە من لە بەرواری ٤/٥ وەک بەڕێوەبەری گشتی دەستبەکاربووم، بەرلەمن بەڕێوەبەرێکیتر هەبووە خەریکی کۆکردنەوەی ئەو داتایانە بووە، ئەوەی ئێمە بڵاومان کردۆتەوە راستییەکانە“. کوردۆ عومەر، ئەوەش ئاشکرا دەکات کە شێوازی کارکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بۆ ئامادەکردنی داتاکان گۆڕیوەو لەکۆبوونەوەیەکدا بەڕێوەبەرایەتییەکانی راسپاردووە خۆیان بەدوای کەیسەکاندا بچن“شێوەیەی ئامارەکانمان گۆڕی زۆر بە وردی کارمان کردو خودی فۆرمەکان زۆر گۆڕانکاری تێدا کراوە“.

### ”ئامارەکان دەستکاری کراون“

هەندی لە چالاکوانانی بواری ژنان رەخنە لەستافی نوێی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان دەگرن و بە کەسانێکی ناپسپۆڕیان ناودەبەن و دەڵێن بەهۆی ئەوەی لەو بوارەدا شارەزانین رۆڵێکی ئەوتۆیان لە کەمکردنەوەی توندوتیژیدا نابێت. کوردۆ عومەر، لەوبارەیەوە دەڵێ:“بە توندی وەڵامی ئەو کەسانە دەدەمەوە کە دەڵێن من پسپۆڕیم نییە“و ئاشکراشی دەکات کە پێش ئەوەی ببێتە بەڕێوەبەر لە بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە ئەو ئامار و داتایانەی ئامادە دەکران وەک خۆیان بڵاونەکراونەتەوە دەستکاری کراون“دوای ئەوە خودی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیکە گلەییان هەبووە ئامارەکان دوای گەیشتنیان بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەستکاری دەکرا“. ئەو بەرپرسەی حکوومەت باس لەوە دەکات کە توندوتیژی دژی ژنان بەمزووانە کۆتایی نایەت“ئەوانەی دەڵێن ئەو دیاردەیە بە ساڵێک و دوو ساڵ کۆتایی دێت زۆر بەهەڵەداچوونە، ئەوانەی وادەڵێن دوای کڵاوی با بردوو کەوتوون، کوشتنی ژنێکیش زۆرەو ئەو رێژەیەی باس دەکرێت زۆر زۆرە“.



www.netewe.com



کوردستان- چیای قەندیل- ٢٠١٠. ژنێکی گوندنشین لە بناری قەندیل    فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

## بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتی هەماهەنگ نین

کوردۆ عومەر، سەبارەت بە شاردنەوەی زانیارییەکان دەڵێ: "ئێمە لە کەس قبووڵ ناکەین ئامارەکان بەشاراوەیی بهێڵێتەوە". چونکە بە بڕوای ئەو بەرپرسە چەندە راستییەکان بخەینەڕوو ئەوەندە دەتوانین کار بۆ چارەسەرکردنی دیارەدەکان بکەین". هاوکات هەریەک لە بەڕێوەبەر و کارمەندێکی دیکەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە رەخنە لە یەک دەگرن. ئاری رەفیق، بەڕێوەبەری پێشوو دەڵێ کە ئەو دوور و نزیک هیچ پەیوەندییەکی بەدوا ئاماری ئەو بەڕێوەبەرایەتییەوە نییە. "لەئێستادا هیچ بەرپرسیارێتیەکم لەناو ئەو بەڕێوەبەرایەتییەدا پێنەسپێردراوە". بەڵام کوردۆ عومەر، دەڵێ" ئاری بەڕێوەبەری پلاندانانە لە بەڕێوەبەرایەتیەکە، بەڵام تائێستا دەوامی نەکردووە". بەڵام ئاری رەفیق، رەتیدەکاتەوە کە بەرپرسیاری ئەو بەشە بێت.

## بۆ رەخنە لە کاری ژن دەگرن؟

سەبارەت بەکارەکانی ئێستای بەڕێوەبەرایەتییەکەو ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریدا هاتووە کوردۆ گوتی: "ئێستا ستاف گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، زۆربەی کێشەکان هی مانگەکانی پێشوون، من پێموانییە هەموو کەیس و کەمووکوڕییەکان هی ئەو دوو مانگە بن، بە دوو مانگ ئەو گۆڕانکارییە روویندەداوە، دەبێ دوور بکەینەوە لەو هەڵچوونانەو لەخۆمانەوە قسە نەکەین، جاران گلەیی هەبوو کە ژن نییە لە بەڕێوەبەرایەتیەکان ئێستا ژن لەو بەڕێوەبەرایەتییە کار دەکات بۆ ئەم هەموو رەخنەیە لێدەگیرێت". ئەو هیواشی خواست رەخنەکان نەگەنە ئاستی ململانێ و پەکخستنی کارەکان.

## ئاماری نەخۆشخانەیەک

وارڤین، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر سەبارەت بە ژمارەی ئەو ژنانەی سووتاون، ئاماری شەش مانگی رابردووی نەخۆشخانەی ئێمێرجنسی هەولێری بەدەستخست. لەو ئامارەدا ئەوە دەردەکەوێت تەنیا لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ١٣٥ ژن سووتاون. بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئێمرجنسی هەولێر،

www.netewe.com



دکتۆر ڕەوەند موشیر حەویزی دەڵێ:"ئەو ئامارەی لە ڕاپۆرتەکەی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی بڵاوکراوەتەوە دروستەو ئەو ١٣٥ ئافرەتە تەنیا لەناو هەولێر نین و بەڵکو هی دەوروبەری هەولێرو ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمن". لەبەرامبەردا ١٠٢ حاڵەتی سووتانی پیاوانیش هەبووەو حاڵەتەکانی سووتانی نێرینە زیاتر منداڵ بوون و لەو ژمارەیە ١٠٠ یان منداڵی کوڕ بوونە بەڵام لە ڕەگەزی مێ تەنیا ٧٩ یان منداڵی کچ بوونە. سەبارەت بەو پرسەی ئایا بۆچی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بواری یەکسانی جێندەری ئاماری تایبەت بەخۆیان بڵاو ناکەنەوە هانا شوان، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕێوان کە ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە ژنانەو یەکێتی ژنانی کوردستانی سەر بە یەکێتی نیشتیمانی لە سلێمانی دەریدەکات گوتی:"زۆرجار ڕێکخراوەکان داتایان لەبەردەستە، بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆرکات بارودۆخی کۆمەڵایەتی ڕێگرە لەبەردەم کۆکردنەوەی سەرجەم حاڵەتەکان بۆیە بڵاوی ناکەنەوە". هانا، پشتگوێخستنی یەک حاڵەتیش لەلایەن حکوومەت و ڕێکخراوەکانەوە بە"تاوان" دەزانێت"ئاماژە پێنەکردنی یەک حاڵەتیش لە حاڵەتەکانی توندوتیژی تاوانە، نەک پەراوێخستنی چەندین حاڵەت".

## حکوومەت خاوبووەتەوەو پێشێلکارییەکان زیاتر بوونە

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکوانانی بواری مافەکانی ژن و یەکسانی جێندەری دەڵێن کەلە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا هەست بەخاوبوونەوەی حکوومەت لەو هەوڵانەی کە بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دەکرێت، دەکەن و پێیانوایە ئەو ئامار و زانیارییانەی کە حکوومەت لەبارەی حاڵەتەکانی توندوتیژییەوە باسیان دەکات ئامار و داتای ڕاستەقینە نیین و لەگەڵ سروشت و قەبارەی ئەو دیاردەیە یەکناگرنەوە.

## "حکوومەت هێشتا پرۆژەی نییە"

سەبارەت بە نەخستنەڕووی تەواوی زانیارییەکان لەلایەن حکوومەتەوە چالاکوانی بواری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی عەلی کەریم، بە (وارڤین) گوت:"حکوومەت ئەگەر ڕاستی و ژمارە لە خەڵک بشارێتەوە، دەبێ ئەوە بزانێ کە بەشاردنەوەی پێشلکارییەکان کێشەکان چارەسەر نابن. تا نەبینە خاوەنی داتاو ژمارەی خۆمان ناتوانین پلانی جیدی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دابنێین". ئەو دەڵێ:"کێشەی ئێمە ئامار و بەڕێوەبەرایەتی نییە". ئەو ڕای وایە حکوومەت و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ژنان و پەرلەمان لە هەوڵەکانیان بەرامبەر بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خاوبوونەتەوە. عەلی کریم، هۆکارەکەشی لەوەدا دەبینێتەوە کە (کۆمەڵگای کوردستان ماوەیەک بە دیاردەیەکەوە دەیگرێت، تا چارەسەربوون لەگەڵی ناڕوات و دەستی لێ بەردەدات"ستراتیژییەتی حکوومەت بەرامبەر بە ژن دیار نییە، لەم کابینەیەدا حکوومەت هێشتا پرۆژەی نییە، لە کابینەی پێشوو لێژنەی وەزاری هەبوو بۆ ژنان، ئێستا نەماوە، پرۆژەکانی تایبەت بە ژن جێبەجێنەکراوە، پرۆژەیاساکانی تایبەت بە توندوتیژی خێزان و ژنان، نەخراونەتە جێبەجێکردنەوە، ئەنجوومەنێک لە بەرنامەدابوو کەس نازانێ چی بەسەرهات. ئەمانە هۆکاری خاوبوونەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە. جۆرێک لە خاوبوونەوە لە هەوڵەکانی حکوومەتدا هەیە بۆ بەداداچوون و نەهێشتنی توندوتیژی".

بەڕای ئەو چالاکوانە"کاتێک ئامارەکە بەراوورددەکەین لەنێوان ڕاپۆرتەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە هەست ناکەین توندوتیژی کەمی کردبێت، بەڵکو هەستەکەی پێشێلکاری زیاتر بووە".

## ئیرادەی سیاسی لە پشتی پێشنەخستنی پرسی ژنانەوەیە

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەڵێن کە دەبێ بۆ ڕێگرتن لە دیاردەی توندوتیژی کاری جیدی بکرێ هاوکات و چالاکوانێکی بواری مافەکانی ژنانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئیرادەیەکی سیاسی لە پشت پەراوێزخستنی پرسی ژنانەوەیە. عەلی کەریم، دەڵێ:"هەڵویستی ئێمە لەبارەی بەردەوامبوونی دیاردەی توندوتیژییە نەک ئامارەکە، ئەو ئامارە ئەوەندە گرنگ نییە، بەڵکو بەشێکە لە گفتووگۆکان". عەلی کەریم، گوتیشی:"ئێمە بەشێک نین لە ململانێی سیاسی، ناچینە ناو ململانێ سیاسییەکانەوە، ئەرکی ئێمە پەرەپێدان و پاراستنی مافی مرۆڤە، ئەو بەڕێوەبەراتییە بابەت نییە لای ئێمەو نە بەشێکم لە سیاسەت، نە دەبینە بەشێک لە ململانێکان بەڵکو ئێمە لایەنی سێهەمین، ئەرکمان پاراستن و پەرەپێدانی مافی مرۆڤە". هانا شوان، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕێوان لە سەنتەری ڕووناکبیری ژنان ڕەخنە لەحکوومەت دەگرێت و دەڵێ:"دەسەڵاتی سیاسی کورد نایەوێت پرسی ژن بەرەوپێش بچێت، دەسەڵات حەزدەکات ئەو پرسە ون و شاراوە بێت".

هانا، ڕەخنەش لە ئامار و داتاکان دەگرێت و لەو بڕوایەدایە ئەو ئامار و داتایانە کێشەکانیان پێ چارەسەر ناکرێت "ئامارو داتاکان نامانگەیەننە ڕاستی و کێشەکان بە ئامار چارەسەر نابێت". هانا، بە پێویستی دەزانێت کە کۆمیسیۆنێکی تایبەت و سەربەخۆ بۆ ئامادەکردنی ئامار و کۆکردنەوەی داتاکان و لێکۆڵینەوەی تایبەت بەو بوارەو بەدواداچوونی کێشەکانی ژنان دابمەزرێت.



# چیرۆکی ئەو ژنەی نیوەی تەمەنی لە شەڵتەرەکانی دالْدەداندا بەڕێ کرد

دوای بڕینی ڕێگایەکی دووکاتژمێری و لەشەقامێکی ئارامی شاری کۆڵنی ئەڵمانیا، دەگەیتە باڵەخانەیەکی چوار نهۆمی، کامێراکانی چاودێری چواردەوری باڵەخانەکەیان تەنیوە، ئاستەمە کەسێک بەئاسانی بگاتە ناو ئەو باڵەخانەیەی کە بەدەیان ژنی هەڵهاتووی تێدایە.

کۆڵن

سروە، کە نیوەی تەمەنی لە راکەڕاک و سەنتەرەکانی دالْدەداندا بەسەر بردووە، بەیەکێک لە کۆنترین ژنەکانی ناو ئەو باڵەخانەیە دادەنرێت. ئەو تازە پێینابووە بیستەکانی تەمەنییەوە کە خۆی گەیاندە ئەڵمانیا، بەڵام "بڕوای نەبوو جارێکیتر بگەڕێتەوە بۆ سەنتەرەکانی دالْدەدان، ئەو سەنتەرانەی کە دەبنە خانەخوێی ژنانی هەڵهاتوو.

سروە، لەبنەڕەتدا کچە کوردێکی دانیشتووی شاری هەولێرە، لە خێزانێکی نەخوێنەواردا ژیاوەو ئاستی خوێندەواری نەگەیشتووەتە شەشی سەرەتایی.

سروە، دەڵێ کە هێشتا گەڕانەوە بۆ قوتابخانە لە مێشکیدا بووە کە باوکی بەزۆر بەشووی داوە، دواتر بەهۆی ئاشکرابوونی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بریندار دەکرێت.

سروە، یەکێکە لەو سەدان ژنەی کە بەهۆی توندوتیژییەکانی سەریانەوە ماڵوحاڵیان بەجێدەهێڵن و روو لەسەنتەرەکانی دالْدەدانی ژنان دەکەن تا لەمەترسی و هەڕەشەکانی سەریان بیانپارێزن.

لەپایزی یەکەمی ژیانی هاوسەری خۆیدا سروە، خۆی دەگەیەنێتە شاری سلێمانی و دوای مانەوەی چەند ساڵێک لەناو شەڵتەرەکانی پاراستنی ژناندا خۆی دەگەیەنێتە ئەڵمانیا.

سروە، بە (وارڤین)ی گوت: "هەموو ژیانم لە ترس و دڵەڕاوکێدا بەسەر برد".

سروە، دەڵێ کە دەربازبوونی لەچنگی مێردەکەی و گەیشتنە ناو وڵاتێکی ئەورووپی نەیتوانیوە بەیەکجاری ژیانی بگۆڕێت و جارێکیتر بیر لەژیانی ناو شەڵتەرەکان نەکاتەوە. گوتیشی "وامدەزانی بە

www.netewe.com



فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی      ژنێکی دالدەدراو لە یەکێک لە شەڵتەرەکانی کوردستان

گەیشتنم بۆ ئەڵمانیا ژیانێکی تازە دەستپێدەکەم، بەڵام بەداخەوە هەمان ژیانی کوردستان دەژیم".
دوای گەیشتنی سروە، بۆ ئەڵمانیا لە زستانی ٢٠٠٦ دا جارێکیتر دەچێتەوە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری و دەبێتە هاوسەری کوڕە کوردێک. تەمەنی سروە، ڕوو لە هەڵکشان دەکات و لەدوای ساڵێک لە پرۆسەی هاوسەری، جارێکیتر لەلایەن هاوسەرە نوێیەکەیەوە لێیدەدرێت و بریندار دەکرێت.

سروە، دەڵێ:"شووم کرد تا کۆتایی بەنەهامەتییەکانم بێ، تا ئازارەکانی رابردووم بیر بچێتەوە، بەڵام تووشی بەڵایەکی گەورەتر بووم".

ئەو دوو ئەزموونە تاڵەی ژیانی هاوسەری وای لە سروەوە کردووە کەلە زۆر لەو رەوشە تووڕە بێت. سروە کاتێک باس لە پیاو دەکات نێوچەوانی گرژ و مۆن دەکات و دەڵێ:"پیاوەکان تەنیا لەشکڵدا جیاوازن، هەموویان لەبەرامبەر ژندا وەک یەک بیر دەکەنەوە".

لەشەش مانگی یەکەمی پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەیدا، سروە لەلایەن مێردەکەیەوە هێرش دەکرێتەسەری و پەنجەیەکی دەستی دەشکێنرێت".

سروە، دەڵێ"لەبەرئەوەی جارێکیتر ژیانم لێ تێکنەچێ. بە پۆلیسم گوت پەنجەم بەر دەرگای سەرخەر (مەسعەد) کەوتووە".

گوتیشی کە کێشەو شەڕەکانی نێوانیان تا دەهات زیاتر دەبوو، تا ئەو رادەیەی لەنیوە شەوێکدا بە چەقۆ لەلایەن مێردەکەیەوە هێرش دەکرێتەسەری و بریندار دەبێت.

وەک سروە دەڵێ رووداوەکە گەیشتووەتە دەستی پۆلیس و هاوسەرەکەی دەستگیر کراوە، بەڵام سروە، لەبەرامبەر جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی بڕیاریداوە سکاڵاکەی بکشێنێتەوە"هەرچەندە چەند ساڵێکیش سزای زیندانی بۆ بڕدرایەوە".

دەستگیرکردنی هاوسەرەکەی و جیابوونەوەی سروە، نەیتوانی ئارامی بۆ بگەڕێنێتەوە، جارێکیتر لەناوەڕاستی شەقامێکدا بەچەقۆ هێرشی کرایە سەرو بەخەستی بریندار کرا، بێئەوەی هێرشکار بدۆزرێتەوە.

سروە گوتی"گومانم لە کەسووکاری مێردەکەم هەبوو، بەڵام دڵنیا نەبووم کە کامیان کارەکەیان کردووە".

هەڕەشەکردن و بێزارکردنی سروە، دەگاتە ئەو ئاستەی کە شارەکەی جێبهێڵێت و لەشوێنێکیتر بژی، بەڵام ئەم ڕێگەیەش نەیتوانی رێگە لەمەترسییەکانی سەری بگرێت".

دواینجار و بە سکێکی دوو مانگییەوە خۆی دەگەیەنێتە لانەیەکی پاراستنی ئەو ژنانەی لەدەست هاوسەرەکانیان هەڵدێن.

سروە، دەڵێ:"هیچ رێگەیەکی تر نەبوو کە بیگرمەبەر، بۆیە بڕیارمدا روو لەم شێڵتەرە بکەم".

گوتیشی"بڕیارم داوە کە روو لە وڵاتێکی تر بکەم".

سروەو کچە دوو ساڵانەکەی ئێستا لەشەڵتەرەکەدا ژیان بەسەر دەبەن و رەنگە بیر لەگەڕانەوە بۆ کوردستان بکەن.

هەرچەندە ئێستا سروە ناو و ئەدرێسی خۆی بە یەکجاری گۆڕیوە، بەڵام بیر لە گۆڕینی شێوەی خۆی دەکاتەوە لەڕێگەی نەشتەرگەرییەوە تا لەداهاتوودا تووشی کێشە نەبێت.

رەنگە رووداوی هەڵهاتن و رووکردنە سەنتەرەکانی دالدەدانی ژنان لەناو هەرێمی کوردستاندا بەلای خەڵکەوە تارادەیەک ئاسایی بێ، بەڵام لەوڵاتێکی ئەوروپییدا کە نزیکەی ٤٠٠ خانەی دالدەدانی تێدایە بەلای هەندێکەوە جێگەی سەرسوڕمان بێت.

جگە لەهەبوونی چەندین یاسا کەلە ئەڵمانیا ژنان لەدەست چەوساندنەوەی پیاوان دەپارێزێت، هێزەکانی پۆلیسیش لە بەدەنگەوەچوونی ژناندا لەکاتی کێشەکانیان رۆڵیکی سەرەکییان هەیە.

بەڵام هێشتا توندوتیژییەکان بۆ سەر ژنانی بیانی لەزیادبووندایە و ژنان ناچار دەکرێن کەلە ماڵەکانیان هەڵبێن.

چالاکوانانی بواری مافەکانی ژنان دەڵێن کە رێژەی توندوتیژی سەر ژنان لە ئەڵمانیا زۆر لەوە زیاترە کەلە ئامارەکاندا دەخرێنەڕوو، ئەوان دەڵێن"بەشێکی زۆری ژنانی بیانی بەهۆی دابوونەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە ناتوانن هاوسەرەکانیان بەجێبهێڵن، چونکە ئەگەر کاری وەها بکەن ڕووبەڕووی مەترسی گەورە دەبنەوە".

بەبەراوورد لەگەڵ ژنانی هەندێ وڵاتی بیانی دانیشتووی ئەڵمانیا، ژنانی کورد لەناو ئامارەکانی توندوتیژیدا پشکی زۆرترینیان بەردەکەوێت، کە لەلایەن هاوسەر یان کەسوکاریانەوە توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت.

"لەیەک ساڵدا هەشت ژنی کورد هاتنە سەنتەرە. هەموویان لەدەست مێردەکانیان هەڵهاتبوون". سروە، وایگوت.

سروە، لەبنەڕەدا ناوی خوازراوە بۆ کاراکتەرەکە. لەبەرئەوەی کە باڵەخانەکە لە جێگایەکی زۆر نهێنی و پارێزراودایە، بۆ کامێراکانی میدیا نیبە وێنەی باڵەخانەکە، یان کەسانی ناوی بگرن بۆیە نەتوانرا وێنەی راستەقینەی لەگەڵدا بڵاوبکرێتەوە.

**ئامانج خەلیل**

www.netewe.com



# بەدریە...

## ئەو بەساڵاچووەی کەس نایگرێتە خۆ

تایبەت

جەستەی لاوازو بێهێزی ئەو ژنە بەساڵاچووە، وێنەیەکی برسێتی و لاوازی جەستەی مرۆڤێکی ئەفریقایی دەهێنایە بەرچاوی مرۆڤ .کاتێک چوومەژوورەوە، لەسەر کورسییەکی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دانیشتبوو، زۆری تەمەن و نەهامەتییەکانی ژیان پشتی تەواو چەماندبۆوە. کە لەتەنیشتی دانیشتم، چاوەکانی بڕییە چاوم و گوتی: "جگەرە زۆر خۆشە، خەڵکی لەڕای خوا جگەرەیەکم ئەدەنێ". وەک ئەو منداڵەی تازە فێری قسەکردن دەبێت، تەنها وەڵامی ناوی خۆی دەزانی و جارجار بزەیەکی بۆ دەموچاوم دەکردو دەیگوت نامەوێ بڕۆمەوە ماڵەوە لەگەڵ ئێوە دەمێنمەوە.

بەدریە، ژنێکە لەنێو سەدان نموونەیتری ژنانی وەک خۆی لە کۆمەڵگای کوردستاندا، کاتێک حوکمی عەشیرەت و کۆمەڵگا بەهۆی سزای عەشق و خۆشەویستیان بۆ کوڕێک یان تووشبوونیان بەنەخۆشی یان تەڵاقدانیان لەمێردەکانیان، لە سووچێکی ماڵی باوک و براکانیان حوکمی زیندانیان بەسەردا دەسەپێنێت و تا دواتاڵی ڕەشی سەریان لەو ژوورانە ژیان بەسەردەبەن و دواتر دەبنە تابلۆیەکی سپی بێڕەنگ و لەهیچ مۆزەخانەیەکی دنیادا تەماشا ناکرێن.

ئەو ژنێکی بەساڵاچووی لاواز و بێتواناب‌ە، بەڵام ئەگەر لەدەموچاوی وردبیتەوە هەستدەکەی لەتەمەنی گەنجیدا ژنێکی جوان بووە. بدریە، تاڵەکانی قژی تەواو سپی نەبووە وەک ئەوەی هێشتا نەیەوێت دەستبەرداری گەنجێتی بێت. جارجار دەستی بۆ لەچکە ڕەشەکەی دەبردو دەموچاوی خۆی لەبەینی هەردوودەستە لاوازەکانی کە تەواو لەرزۆک ببوو دەشاردەوە، وەک ئەوەی لەهەموو شتێ بێزاربێ و بیەوێ بەوجۆرە پەیامێک بەدەورووبەرەکەی بدات. بەقسەی خێزانەکەی بەدریە، ٤٠ ساڵ بەرلەئێستا دوای ئەوەی لەمێردەکەی جیادەبێتەوەو منداڵی نابێت، تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوە دەبێت. ئێستا لەحەوشێکی سەردانەپۆشراوی ماڵی برایەکی، بەبێ بوونی هیچ ئامرازێکی سەرەتایی ژیان بەسەردەبات. ئەوەی جێی گومان و هێمای سڕینەوەی ئەم ژنە بێت لە نەخشەی ژیان، نەبوونی ناسنامەی شارستانی بوو بەڵام بەقسەی براکەی تەمەنی نزیکەی ٧٠ ساڵ دەبێت و تاکو ئێستا ناسنامەی نییە.

پیرۆز، براژنی بەدریە، ژنێکی قەڵەوی کەتەبوو، عەبایەکی ڕەشی لەخۆی ئاڵاندبوو بەرامبەر بەدریە، دانیشتبوو بەرگری لەخۆی و مێردەکەی دەکرد. دوای ئەوەی بەدریە، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی بەهۆی خزمەتنەکردنی و فڕێدانی لەسووچێکی حەوشەی ماڵی براکەیدا دەهێنرێتەدەرەوەو ڕەوانەی خانەی بەساڵاچوان دەکرێت. بەدریە، کاتێک سەیری براژنەکەی دەکرد مۆڕەیەکی دەکرد، بەتایبەتی ئەو کاتەی پیرۆز، باسی ئەو چەند ساڵەی ڕابردووی دەکرد کە چۆن خزمەتی خوشکی مێردەکەی کردووە. بەپێی قسەی پیرۆزی "بەدریە بەگەنجی شوویکردووە، ئەوکات ژنێکی زۆر جوان بووە. وەک ئێستا لاواز نەبووە. لەلای مێردەکەی تووشی نەخۆشی دەروونی بووە. دواتر تەڵاقدراوە".

براکەشی دەڵێ "ئێمە لەساڵی ١٩٧٧وە بەخێوی دەکەین".

هاوینی ساڵی ٢٠١٠ یەکێک لەگەرمترین هاوینەکانی کوردستانە، بەپێی پێوانەی گەرمی لەسایتی سیفۆر کورد، پلەی گەرمی گەیشتووەتە ٥٠ پلەی سەدی. بەڵام بەدریە، بەبێ هۆکارەکانی ساردکەرەوە دەژیت. براکەی دەڵێ: "ئەو ناسنامەی باری شارستانی و مووچەو فۆرمی خۆراکی نییە. هیچ لایەنێکی حکوومیش یارمەتیم نادەن. خۆشم ئەوەندە دەسەڵاتەم هەیە". هەروەها دەڵێ، ئەگەر بمەوێ بیبەمە خانەی بەساڵاچوان "وەریناگرن" لەبەرئەوەی ناسنامەی باری شارستانی نییە. وەک گوتی زۆریش "هەوڵیداوە بەڵام بۆی نەکراوە". بەرپرسی خانەی بەساڵاچووان لەهەولێر ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە "ئەگەر کەسێک ناسنامەی باری شارستانی نەبێت، دەبێ بەفەرمانی دادوەر بۆ ئێرە بهێنرێت، چونکە ئەگەر لەگەڵ بەساڵاچووانیتر کێشە دروست بکات، دەبێ ڕادەستی کەسووکاری بکەینەوە". لەو حاڵەتەشدا پێویستە نزیکترین کەسی بەدریە کە براکەیەتی کەفالەتی بکات. بەڵام لەبەر خراپی باری گوزەرانی، نابێتە کەفیلی. دوای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان، لەهەولێر بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسە دەکەن و ڕەوانەی خانەی بەساڵاچوانی دەکەن (خ) برای بەدریە ڕازینابێت، دەڵێ: "من دەیبەمەوە ماڵی خۆم. نامەوێ لێرە بمرێت". بەدریە، دوای ئەوەی چارەنووس ڕەوانەی کولانەی مەرگی ماڵی براکەی کردەوە، دەستەکانی خستەسەر سەری و گوتی: "حەزت لە چا نییە" بەڵام کە ڕۆیشت دواتر زانیم کە ئەوە حەزی خۆی بووە.

www.netewe.com

# ژنێک بە ئازاری سووتانەوە مرد

## دوو هەفتە بەسەر خۆسووتاندنی سوعاد دا تێپەڕی کەچی هێشتا پۆلیس لێکۆڵینەوەی دەستپێنەکردووە

سلێمانی

**له نیوەڕۆیەکی هاویندا کە پلەی گەرما خۆی دەگەیاندە سەرو ٤٠ پلەی سەدی، لە ماڵە گڵینەیەکی گوندێکی نزیک شاری سلێمانیدا ژنێک بە گڕ و ئاگرەوە خۆی هێنایە دەرەوەو هاواری دەکرد"توخوا فریام کەون".**

شوێن گوندی (کانیپانکە)یە کە نزیکەی ٣٠ کیلۆمەترێک دەکەوێتە باشووری شاری سلێمانییەوە. کات دوانزەی نیوەڕۆیە، لەناوەڕاستی گەرمترین وەرز و مانگی ساڵ دا. (سوعاد نەجیب)ی تەمەن ٣٨ ساڵ لەدوای تێپەڕینی چەند مانگێک بەسەر جیابوونەوەی لەگەڵ هاوسەری دووهەمی، بڕیاریدا ئاگر لەجەستەی خۆی بەردا و کۆتایی بەژیانی خۆی بێنێت.

شایەتحاڵەکانی ڕووداوەکە بەجۆرێک باس لە ئاگرەکەی جەستەی سوعاد دەکەن، کە هیچ کەس نەیتوانیوە بەهانایەوە بچێت. پزیشکان دەڵێن ٩٠٪ی جەستەی سوعاد سووتاوە.

دوای ٢٤ کاتژمێرێک لەمانەوەی لەژێر چاودێری پزیشکدا، سوعاد بە دەم ئازارەوە گیانی لەدەستدا کە زۆر بەزەحمەت دیمەنی دەچوویەوە سەر ئەو ژنەی پێش ئەوەی بڕیاری خۆسووتاندن بدات. هەندێک لە کەسە نزیکەکانی دەڵێن کە بەهۆی کێشەی خێزانییەوە لەگەڵ برایەک و براژنەکەیدا و بەهۆی خراپی باروودۆخی ژیانی لەدوای جیابوونەوەی لەهاوسەری دووهەمی، بڕیاری خۆسووتاندنی داوە.

بەپێی دوایین ئاماری توندوتیژییەکانی دژ بەژنان، لەماوەی ٦ مانگی ڕابردوو کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی دژ بەژنان بڵاوکراوەتەوە سەبارەت بە ڕێژەی ئەو ژنانەی ڕووبەڕووی سووتان و خۆسووتاندن بوونەتەوە لە سنووری پارێزگای سلێمانی وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە ژمارەیان ٧١ ژنە، کە ٣٢ یان دوای سووتان لە ژیاندا ماون و ٣٩ شیان گیانیان لەدەستداوە. سەبارەت بەباری خێزانی ئەو ژنانە وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، ڕێژەی ٦٤٪ ی ئەو ژنانە ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە، ڕێژەی ٢٨٪یان (هاوسەرگیرییان نەکردووەو ڕێژەی ٨٪یان باری خێزانیان نەزانراوە .

دواتر سەبارەت بەشوێنی ئافرەتانی سووتاو لەراپۆرتەکەدا هاتووە کە ڕێژەی ٤٧٪ی ژنانی سووتاو لەناوەندی شاردا دەژین و ڕێژەی ٢٧٪ی ئەو ژنانە دانیشتووی قەزاکان و ڕێژەی ١٨٪یان دانیشتووی شارەدێکانی دەوروبەری سلێمانین و ڕێژەی ٨٪یان لە گوندەکاندا ژیاون.

گوندی کانی پانکە سەر بە قەزای سەیدسادقە. هەرچەندە بەرپرسانی پۆلیس دەڵێن کەلە لێکۆڵینەوەدان، بەڵام بێئەوەی بتوانن ئیفادە لە سوعاد وەربگرن و لێکۆڵینەوە لەگەڵ کەسووکارەکەیدا بکەن.

نەقیب ئەحمەد، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی سەید سادق لەوبارەیەوە بە (وارڤین)ی گوت کە چاوەڕێی وەڵامی نەخۆشخانەی ئیمرجێنسی سلێمانی دەکەن تا دەست بە لێکۆڵینەوەی تەواو لە ڕووداوەکە بکەن.

گوتیشی:"تائێستا کەس لەسەر ڕووداوەکە دەستگیر نەکراوە".

بەپێێ ئەو زانیارییانەی دەست وارڤین کەوتووە، سوعاد لە ئیفادەکەیدا لە نەخۆشخانە دانی بەوەدا ناوە کە بەهۆی کێشە لەگەڵ کەسووکارەکەیدا خۆی سووتاندووە.

یەکێک لە دراوسێ نزیکەکانی بەناوی ئارەزوو ڕووداوەکەی بۆ وارڤین گێڕایەوە. ئەو گوتی کە سوعاد، دوای ئەوەی چەند ساڵێک بوو بۆ جاری دووهەم ژیانی هاوسەری لەگەڵ پیاوێکی پێکهێنابوو، بەڵام لەم دواییانەدا جیاببوونەوە.

گوتیشی کە سوعاد لەمێردی یەکەمی دوو منداڵی هەیە، دوای جیابوونەوە هەندێک موڵک و ماڵی دەبێت و دەی فرۆشێت، دواتر لایەنی مادی خراپ دەبێت و لەگەڵ براو براژنەکەیدا تووشی کێشە دەبن، تا کار دەگاتە ئەوەی سوعاد بڕیاری خۆسووتاندن بدات.

سووتانی سوعاد ژمارەیەکی تری خستەسەر ئاماری ئەو ژنانەی کە ساڵانە بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە خۆیان دەسووتێنن.

سوعاد گیانی سپارد و دوو منداڵی بێ دایک کرد، بەڵام بێئەوەی کەس بەدوای هۆکاری خۆسووتاندن و مردنەکەیدا بگەڕێ، لەدوای خۆی تەنیا پرسەیەکی پێ برا.

www.netewe.com



# ٣ گەنج بە مۆبایل گێچەڵ بە ١٣ خێزان دەکەن

تایبەت

بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە ئافرەتێک تەڵاقدەدرێت، باوکی منداڵەکەی خۆی بە خاوەنی منداڵە نۆ مانگییەکەی نازانێت و لەرێگەی مۆبایلییەوە هەوڵی تێکدانی پەیوەندی نێوان ١٣ بنەماڵە دەدرێت و بەو هۆیەوە ١٣ سکاڵا لەسەر ئەو کەسانە تۆمار دەکرێت کە لەرێگەی مۆبایلەوە ویستوویانە خێزانەکان لەبەریەک هەڵوەشێننەوە.

(خۆشی) تەمەن ١٩ساڵ، ناوی خوازراوی ئەو ژنەیە، کە دوای ماوەیەک لەشووکردنی بە کورێک بەناوی (رەوەز) لەرێگەی مۆبایلەو بەهاوسەرەکەی دەگوترێت: "خێزانەکەت پەیوەندی لەگەڵ (مەریوان) ناوێک هەیە" و پاش ئەو پەیوەندییەش ژیانی خۆشی، و ژمارەیەک خێزانی دیکە رووبەڕووی کێشە دەبێتەوە.


ئەوەی لەبارەی ژیانی خۆشی دەزانرێت ئەو ئافرەتە ٥ ساڵ پێش ئێستا لەگەڵ مەریوان، پەیوەندی خۆشەویستییان هەبووەو دواتر بەهۆی کێشەیەکی نێوان هەردوو بنەماڵەوەخۆشی نەدراوە بە مەریوان.

راسان، تەمەن ٢٠ ساڵ، یەکێکە لەو کەسانەیە کە لەلایەن پۆلیسەوە بەتۆمەتی گێچەڵکردن بەو خێزانە دەستگیرکراوە. ئەو لە باوکییەوە خزمی مەریوانەو باس لەوە دەکات پێشتر هەردوو بنەماڵە خزمایەتی یەکتریان کردووەو دواتر کێشەیان هەبووەو بەو هۆیەوەخۆشی نەدراوەتەمەریوان .

دواترخۆشی شوو بەکوڕێک دەکات بەناوی رەوەز، منداڵێکیان دەبێت و مەریوانیش، سەرقاڵی کار و کاسبی خۆی دەبێت.

### "بیانووی پێدەگرتم "

خۆشی، دەڵێ هاوسەرەکەی لێی بەبیانوو



بووە"کاتی دەستگیرانی هیچ کێشەمان نەبوو کە گواسترامەوەش هیچ کێشەم نەبوو لەگەڵ کەسیان".

بەگوێرەی گوتەی خۆشی دواتر ڕەوەزی مێردی بیانووی پێگرتووە"بەهەنجەت بوو لێم و چەند مانگ جارێک دەیبردمەوە بۆ ماڵی باوکم. هەر جارێک دەچوومە ماڵی باوکم کە دەگەڕامەوە زۆر پرسیاری ئەوەی لێدەکردم کە کێ دێتە ماڵی باوکم و کێ دەبینم".

خۆشی، باس لەسەرەتای دەرکەوتنی کێشەکە دەکات"ڕۆژێک من لەگەڵ خەسووم دانیشتبووم و (ڕەوەز) هاتە ژوورێ، کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنەکەی بۆ هاویشتم و گوتی ئێستا تەلەفۆنێکم بۆ هاتووەو گوتویەتی ئەگەر ژنەکەت تەڵاقنەدەیت ئەوا دەتکوژین. خەزوورم تەلەفۆنەکەی لێوەرگرت و گوتی من تەلەفۆنی بۆ دەکەم کە تەلەفۆنی بۆ کرد ژنێک هەڵیگرت و گوتی ئەوە تەلەفۆنی مێردەکەمەو تەلەفۆن بۆ ئەو ژمارەیە مەکە".

### "ئەو ژنەمان ناوێت"

محەمەد، تەمەن ٤٥ ساڵ، کە برای گەورەی خۆشیە، لەبارەی بەسەرهاتی خوشکەکەیەوە دەڵێ، دوای شەش حەوت مانگ لەگواستنەوەی لەڕێگەی باوکی زاواکەیانەوە ئاگادار کراونەتەوە کە ڕەوەز و خۆشی لەگەڵ یەک ناسازێن و لەڕێگەی تەلەفۆنەوە قسەیان پێگوتراوە، بەڵام بەگوتەی خۆی کاتێک دەچن بۆ چارەسەری کێشەکە کەس گوێیان لێناگرێت و پێیاندەڵێن"ئەو ژنەمان ناوێت".

خۆشی ١٠٠ مسقاڵ زێڕی بۆکرابوو و براکانیشی ٤٠ مسقاڵیان بۆ کردبوو دوای چەندجارێ لەدروستبوونی کێشە لەلایەن محەمەدی برایەوە دەبرێتەوە، بەڵام وەک محەمەد، دەڵێ"ئێمە چاوەڕێی ئەوانمان دەکرد، بێن بیبەنەوە، بەڵام ئەوان هەر نەهاتن، دوای چەند ڕۆژێک ڕەوەز هاتبوو خوشکەکەمی بردبووەو ئەوەندەی نەبرد دووبارە تەلەفۆنیان بۆ کردمەوەو گوتیان خۆشکەکەی تۆ کێشەی دروست کردووەتەوە، وەرە بیبەوە ماڵی خۆتان، چونکە ئێمە نامانەوێت". بەڵام خۆشی پێش ئەوەی بڕواتەوە ماڵی باوکی لەلایەن دایک و خوشکی ڕەوەزەوە زێڕەکەی لێدەسەندرێت و لەبەرامبەریشدا محەمەدی برای پەنا دەباتەبەر دادگاو سکاڵا تۆمار دەکات.

### "خەزوورم گوتی دەبێ تەڵاقی بدەیت"

خۆشی، ژنێکی گەنجی لەش و لار باریکە، جلێکی ڕەشی لەبەردابوو ڕەنگی دەموچاوی زەرد هەڵگەڕابوو، ئەو هۆکاری سەرەکی تەڵاقدرانەکەی بۆ قسەی خەزووری دەگەڕێنێتەوەو دەڵێ"خەزوورم گوتی دەبێ تەڵاقی بدەیت". هەرچەندە لەسەرەتاوە تاکۆتایی خۆشی نکۆڵی لەبوونی پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوان خۆی و مەریوان دەکرد و دەیگوت:"لە ژیانمدا ئەو کوڕەم نەبینیوە، چونکە ئێمە عەشایەرین کە پیاو دێتە ماڵمان کەسمان نایەینە ژوورەوە ئیتر ئەو لەکوێ پەیوەندی لەگەڵ من هەبووە".

### "نەمزانی تەڵاق دراوە"

سەبارەت بەهۆکاری تەڵاقدانی خۆشی، کوڕە خاڵێکی مەریوان، باس لەوەدەکات پێشتر مەریوان و خۆشی پەیوەندی خۆشەویستیان لەگەڵ یەکتری هەبووە."خۆشی پێش ئەوەی مێرد بکات پەیوەندی خۆشەویستی هەبووە". ئەمە قسەی رائیدی تەمەن ٢٧ ساڵە کە شۆفیرە دەڵێ"نەمزانی لەسەر چی تەڵاقدراوە".

### کچێکی زۆر باش بوو

ڕاسان کە خزمێکی نزیکی مەریوانەو دوکانی فرۆشتنی مۆبایلی هەیە، لەبارەی چۆنیەتی زانینی هەواڵی تەڵاقدانی خۆشی گوتی:"من تائێستا نەمزانیووە ئەم ژنە تەڵاقدراوە. چەند ڕۆژێک پێش ئێستا باوکم چوو بۆ دوکانی برای خۆشی، ئەو پێیگوتبوو خوشکەکەی تەڵاقدراوە". ڕاسان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زۆر پێیناخۆشبووە ئەو ژنە تەڵاقدراوە، چونکە"ژنێکی ڕەوشتبەرزەو هیچ خراپەیەکم لێنەدیوە".

مەریوان، لەڕێگەی کوڕە خاڵەکەیەوە بەناوی

www.netewe.com

رائید، هەوڵیداوە ژمارەی مۆبایلی رەوەزی مێردی خۆشی وەربگرێت. رائید دەڵێ"مەریوان تاقیبی رەقەمی رەوەزی مێردی خۆشی دەکرد". بەڵام ئەو دەڵێت مەریوان، باسی هیچ شتێکی بۆ من نەکردووەو ناشزانم بۆ داوای رەقەمی ئەو پیاوەی لە من کردووە، چونکە من ئەو ناناسم".

بەگوێرەی گوتەی راسان، مەریوان هەوڵیداوە لەرێگەی ئەویشەوە ژمارەی رەوەزی مێردی خۆشی دەستبکەوێت، بەڵام راسان دەڵێ پێیگوتووە نییەتی"دواتر وەک خۆی دەڵێت رۆژێ مەریوان، دێتە لای و پێیدەڵێت ئەوە برادەرێکمە لەسەر هێڵی تەلەفۆنەو کێشەم لەگەڵی هەبووە"تۆ داوای لێبوردنی لێ بکە، منیش داوای لێبوردنم لێکرد". سەرەڕای ئەوەی قسەی لەگەڵ کردووە، بەڵام راسان، نکوڵی لەوەدەکات کە مێردیخۆشی ناسیبێت"من ئەو کورەم نەدیوەو نایناسم و هیچ کێشەیەکم لەگەڵی نییە".

### "تۆڵەکردنەوە"

راسان، باس لەوە دەکات مەریوان، هیچ شتێکی لەبارەی ئەو پرسەوە بەو نەگوتووە، بەڵام دەڵێ:"برایەکی خۆشی بەناوی (ب) تەلەفۆنی بۆ ماڵی مەریوان، کردووەو گەمەی بەئەوان کردووەو ئەویش ویستی تۆڵەی خۆی بکاتەوە".

### "کەس تەلەفۆنی بۆ خوشکم نەکردووە"

سەبارەت بەوەی گوایە مەریوان ویستوویەتی تۆڵە لەماڵی خۆشی بکاتەوە تەلەفۆنی بۆ هاوسەری خۆشی کردووە، چونکە (ب)ی برای خۆشی لەرێگەی تەلەفۆنەوە قسەی لەگەڵ خوشکی کردووە، بەڵام مەریوان ئەوە رەتدەکاتەوەو دەڵێ"ئەو قسانە بوختانە کەس تەلەفۆنی بۆ خوشکی من نەکردووە، منیش تەلەفۆنم بۆ رەوەز نەکردووەو بە راسانی کورە پوریشم نەگوتووە داوای لێبوردنی لێبکات".

مەریوان کەبە خراپبەکارهێنانی ئامێری پەیوەندیکردن تۆمەتبارکراوەو ئێستا لەلای پۆلیس دەستبەسەرەوە برای خۆشی سکاڵای لەسەر تۆمار کردووەو ئەو بەهۆکاری تەڵاقدرانی خوشکەکەی دەزانێت دەڵێ"پێش ئەوەی شوو بکات من خۆشمدەویست و دەمویست بیهێنم و بەس ماڵی ئێمە رازینەبوون و من ژنم هێناو ئەویش شوویکرد و دوای ئەوەش من هیچ پەیوەندیم لەگەڵ نەبووە".

سەبارەت بەو دەنگانەی لە مۆبایل تۆمارکراون و ئەو قسانەی محەمەدی برای خۆشی تۆماری کردووەو ئێستا وەک بەڵگەیەک لەدادگا داوای ماف و بێتاوانی خوشکەکەی پێدەکات. مەریوان، نکوڵی دەکات و رەتیدەکاتەوە کە دەنگە تۆمارکراوەکان دەنگی ئەو بن"ئەو دەنگانەی تەسجیلکراوە دەنگی من نییە هەمووی بوختانەو محەمەدی برای خۆشی رائیدی، کورە خاڵمی بە پارە کرییەو ئەو قسانەی لێدەرهێناوە".

### هانایان بۆ دادگا بردووە

ئەفسەری بنکەی پۆلیسی ئازادی نەقیب هیمداد عارف عەبدوڵڵا، لەوبارەیەوە بە وارڤینی راگەیاند، لەرێکەوتی ١٥-٧-٢٠١٠ هاووڵاتییەک بە ناوی (ل.ح) لەگەڵ خێزانەکەی (س) و خوشکەکەی بەناوی (خ)، هاتوونە بنکەو سکاڵایان لەسەر ٣ کەس تۆمار کردووە. گوایە بەتەلەفۆن چەند قسەیەکی"نابەجێ" و "بوختان"یان بۆ خوشکی دروستکردووە، بەوە تۆمەتباریان کردووە کە پەیوەندی لەگەڵ پیاوێک هەیەو ئەوەش بووەتە هۆکارێک بۆ تەڵاقدانی خوشکەکەی. کەسەکانیش (ر.م)، (م.ر) و کەسێکە بەناوی (ر ).

ئەو ئەفسەرەی پۆلیس گوتیشی:"پەراومان رێکخست و ناردمان بۆ لای دادوەر، دادوەر بڕیاریدا بەهێنانی شاهێدی سەلماندن، دوای وەرگرتنی گوتەی شاهێدەکان لەرێکەوتی ٨-٧ بڕیاری دەستگیرکردن بۆ ئەو "تۆمەتباران"ە دەرچوو، بەگوێرەی مادەی ٢ یاسای خراپبەکارهێنانی مۆبایل، کەلە پەرلەمان دەرچووە لەساڵی ٢٠٠٨، هەر ئەو رۆژە هەر ٣ تۆمەتبارمان دەستگیر کرد".

سەبارەت بەگوتەی شاهێدان نەقیب هیمداد، گوتی:"(ر.ر) کە هەردوکیان خزمی نزیکی (م)ن شایەتیان داوە لەسەر ئەوەی (م) ئەو کارەی کردووەو داوای ژمارەی (ر)ی مێردی (خ)ی کردووەو پێیانیگوتووە، هەندێک کاری بەو پیاوە هەیە.

هەرچەندە تائێستا مەریوان، دانی بەتاوانەکەدا نەناوە، بەڵام بەگوێرەی قسەی شاهێدان و ئەو بەڵگانەی لەبەردەستی پۆلیسن مەریوان، تەلەفۆنی بۆ مێردی خۆشی کردووەو قسەی نادروستی پێگوتووەو ئەویش لەبەرامبەردا هاوسەرەکەی تەڵاقداوە".

بەگوێرەی قسەی نەقیب هیمداد"لێکۆڵینەوە هەر بەردەوامە، هێشتا سیدێکمان لایە، بەڵام نازانین کە دەنگەکان هی کێیەو دواجار ئەو مەسەلەیە دادگا یەکلایی دەکاتەوەو داواشمان لە کۆمپانیای کۆرەک کردووە دەنگەکانمان بۆ دەربهێنێت".

### "تەلەفۆنیان بۆ ١٣ خزمانکردووە"

محەمەد، برای خۆشی باس لەوە دەکات کە بەتەلەفۆن هەرەشەی لێکراوەو داوای پارەی لێکراوەو هەروەها تەلەفۆنیان بۆ برایەکی کردووەو پێیانگوتووە"ژنەکەت وازمان لێناهێنێت"وبەوەشەوە نەوەستاون بۆ ماڵی ١٣ کەس لەخزمەکانی تەلەفۆنییان کردووەو کێشەی کۆمەڵایەتییان لەنێوان ئەو بنەماڵانەدا دروستکردووەو بەو هۆیەوە ١٣ سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە.

گوتیشی:"رۆژێک خزمێکمان هاتە لای من گوتی(راسان و مەریوان) خوشکی تۆیان بەتەڵاقدانداو تەلەفۆنیان بۆ مێردی خوشکەکەت کردووەو گوتوویانە ئێمە ئاسایشین ئەگەر ئەو ژنەت تەڵاقنەدەیت دەتکوژین".

### " بۆ تۆ چۆنە بۆ منیش وایە"

دواتر محەمەد، قسە لەگەڵ رائیدی کورە خاڵی مەریوان، دەکات و بەگوتەی خۆی ئەو هەموو شتی پێدەڵێت"ئەو هەمووی بۆ باسکردم و گوتی ئەوان دەیانەوێت ژنەکەی تۆش بەتەڵاقدان بدەن".

سەبارەت بەو تەلەفۆنەی کە بۆ رەوەزی مێردی خۆشی کراوە محەمەد گوتی:"تەلەفۆنیان بۆ رەوەزی زاوام کردووەو بەناوی کەسێکی دیکەو گوتوویانە ژنەکەت بۆ تۆ چۆنە بۆ منیش ئاوایە. تەڵاقینەدەیت ئەوا دەتکوژین".


### حاشا لە منداڵەکەی دەکات

رەوەز، هەر لەسەرەتاوە پێیناخۆش بووە هاوسەرەکەی دووگیان بێ وەک ئەوەی خۆشی باسی دەکات. ئێستا خۆشی، دایکی ساوایەکی نۆمانگییە پەرێشانی ئەوەیە کە رەوەز، باوکی منداڵەکە پێیگوتووە، ئەو منداڵە هی ئەو نییە". خۆشی سوورە لەسەر ئەوەی کە منداڵەکە هی رەوەزە و "گوتم با فەحسی بکەین". هەرچەندە ئەو تا ئێستا منداڵەکەی نەبینیوە.

سەبارەت بە باوکی منداڵەکە مەریوان، باس لەوە دەکات منداڵەکەی خۆشی بەهیچ شێوەیەک لەو نییەو داواش دەکات لە رێگەی پشکنینی تەندروستی نوێوە ئەو پرسە یەکلا بکرێتەوە"ئێستا فەحس هاتووە دەتوانێ تەکید بکاتەوە کە منداڵەکەی هی خۆیەتی یان نا".

**تێبینی: ناوەکان هەموو خوازراون**

www.netewe.com



# بە چوار کەس ژنێکی دووگیان دەکوژن

زاخۆ

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە پولیسی زاخۆ بە (وارڤین)ی رایگەیاند کە هێشتا بکوژانی ئەو ژنە دووگیانەی لە زاخۆ کوژراوە دەستگیرنەکراون و کەسێکی نزیکی کێشەکەش دەڵـێ، دەبێ ئەو کێشەیە لەرێگەی عەشایەرییەوە چارەسەر بکرێ.

رۆژی ١٤-٧- ٢٠١٠ ژنێکی دووگیان بەناوی گولێ محەمەد سەمۆ (٢٥) ساڵ لەلایەن برایەکەی و سێ پیاوی دیکەی بنەماڵەکەیەوە لە گوندی (شێناڤا)ی سنووری قەزای زاخۆ کوژرا.

سەرچاوەیەکی بەرپرس لەبەڕێوەبەرایەتی پولیسی زاخۆ کە نەیویست ناوی بهێنین گوتی: "کاتێ برا و خزمەکانی گولێ هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەی بە تەنیا لەگەڵ منداڵەکەی لەماڵ بوو مێردەکەی لەدەرەوە بوو. ئەوان زۆر بەبێڕەحمانەو لەپێش چاوی منداڵەکەی گولێیان کوشتووە".

سەرچاوەکەی پۆلیس لـەبـارەی هۆکارەکانی کوشتنەکەوە دەڵێ: "بەپێی زانیاری ئێمە سێ ساڵ لەمەوبەر گولێ رەدووکەوتووەو کێشەکەش لەنێوان هەردوو خێزانەکەدا بەهەڵپەسێردراوی مابووەوەو چارەسەرنەکرابوو، ئەو پیاوەی ژنەکەی هەڵگرتبوو بۆ پارێزگاریکردن لە ژیانی خۆی و ژنەکەی لە گوندی شێناڤا نیشتەجێ ببوو".

هاوکات سەرچاوە نافەرمییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە براکەی گولێ و دەستوپێوەندەکانی ویستوویانە مێردەکەی گولێش بکوژن، بەڵام بەڕێکەوت ئەو لەماڵ نەبووە.

(عیماد بەرواری) بەرپرسی راگەیاندنی تەندروستی زاخۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کاتێ تەرمی ژنە کوژراوەکە گەیەندراوەتە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدابوو و راپۆرتی پزیشکیش ئاماژە بەوە دەکات، کە ژنەکە دووگیان بووەو بە گوللە کوژراوە.

(گولێ محەمەد سمۆ) تەمەن ٢٥ ساڵ و دایکی منداڵێک بووەو منداڵێکیش لە سکی بووە.

سەرچاوەکەی پۆلیس ئـامـاژەی بـەوەشـدا کە بکوژەکان تائێستا دەستگیرنەکراون و هەوڵدانیان بۆ دەستگیرکردنی بکوژان بەردەوامە.

لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری نووسینگەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان (ملازم نیهاد عەلی) بە وارڤینی راگەیاند کە لێکۆڵینەوەکان لەبارەی رووداوەکەوە بەردەوامەو پۆلیس بەدوای بکوژەکاندا دەگەڕێن بۆ ئەوەی دەستگیریان بکەن و بیاندەنە دادگا.

بەپێی زانیارییەکانی وارڤین تائێستا چەندینجار پۆلیس چوونەتە ماڵی بکوژان، بەڵام ماڵەکەیان ماڵەکەیان چۆڵکردووەو بۆی دەرچوون.

سەرچاوەیەکی نزیک لەهەر دوو بنەماڵەکە باس لەوە دەکات کە هەردوو لایەن لەهەوڵی ئەوەدان کێشەکە بەرێگەی نووسینگەی کۆمەڵایەتی پارتەکان و سیستەمی عەشایەری چارەسەر بکەن و سەرچاوە بەرپرسەکەی پۆلیسیش ئەم زانیارییەی پشتڕاستکردەوە.

بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتی لقی٨.ی پارتی دیموکراتی کوردستان عەبدوڵڵا بەشار ئاغا دەڵـێ: "ئـێـمـە هێشتا نەچووینەتە نێو ئەم کێشەیەوەو تا بکوژەکان دەستگیرنەکرێن و دادگا بڕیاری یەکلاکەرەوە نەدات، ئێمە ناتوانین لەم کارەدا دەستوەردان بکەین".

ملازم نیهاد عەلی دەڵێ: "ئێمە وەک دامەزراوەیەکی حکوومی هیچ پەیوەندیمان بەوەوە نییە کە ئەوان سوڵحی عەشائیری دەکەن یان نا، ئێمە پابەندین بەجێبەجێکردنی یاساوەو پێویشتە بکوژەکان دەستگیر بکرێن و رادەستی دادگا بکرێن".

ئـەم کێشەیە ئێستا لـەدادگـای لێکۆڵینەوەی زاخۆیەو دادگاکەش ئامادە نییە لەوبارەیەوە هیچ لێدوانێک بۆ رۆژنامەنووسان بدات.



www.netewe.com



خانمی کاری ئیمارات (نەزیرە زەرعونی) بۆ وارڤین دەدوێت:

# دەوڵەتی ئیمارات دەرگای بۆ پێشکەوتنی ژن کردووەتەوە

لەخۆڕا خەڵاتی خانمی کاری بەدەست نەهێناوە، سەرەڕای ئەو دژواری و گرفتانەی لەژیانیدا هاتوونەتە ڕێی، خۆشەویستی خۆی بەسەر منداڵان، سەرمایەو کارەکەیدا دابەشکردووە.

حەزی لەداهێنانەو پاداشتی خەڵکانی کارامەدەکات و خواستەکانی زۆرن لەداهێنانی ئابووری و بازرگانیدا، ئەوەی پیاوان نەیانتوانیووە بەدیبهێنن، ئەم لەبواری ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانەوەدا بەدیهێناوە.

نەزیرە زەرعوونی، ئارەزووی وەبەرهێنان لەکوردستان دەکات و خوازیارە ژنانی کوردستان لەو بوارەدا بەشداری بکەن و سەرکەوتنەکانی دەکاتە دیاری بۆیان.

وارڤین: گەشتی سەرکەوتنت لەبواری ئابووری کەی دەستی پێکرد؟

نەزیرە: لەساڵی ٢٠٠٦ دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوت، بۆیەکەمجار وەک میانگیرێک لەبواری زەوی و خانووبەرەدا کارم کرد، نەمدەزانی ئەم دەرفەتە بۆ من چەند گرنگ و پڕبایەخە، لەبواری خانووبەرە هیچم نەدەزانی، یەکێک لەناسراوەکانم لەبواری ئەندازیاری ڕاوێژکاری کاری دەکردو ئاگای لەو ژیانە سەختەی من بوو، داوای لێکردم لەوبوارەدا کار بکەم، منیش بەبێ دوودڵی قبووڵم کرد چونکە دەمویست ئەو هیواو ئاواتانەی کە هەمە لەرێگای بڕوابەخۆبوونەوە بەدیبێنم. ئەمە سەرەتای گەشتەکەم بوو لە سەرکەوتن و بەردەوامبوون لەکارەکەمدا.

ڕۆژانە بەتامەزرۆییەوە چاوەڕێی هەڵهاتنی خۆرم دەکرد، ڕەنجم دەداو خۆم ماندوو دەکرد بەبێ بێزار بوون و شەرمکردن، پرسیارم لەشارەزایانی ئەو بوارە دەکرد، بۆ ئەوەی وردەکاری کاری زەوی و خانووبەرە فێربم.

لەگەڵ ئەو کرێکارانەی لەوڵاتانیترەوە دەهاتنە ئیمارات، تێکەڵدەبووم و گفتوگۆم لەگەڵ دەکردن، بۆ ئەوەی زۆرترین داهاتم دەستبکەوێت، سوپاس بۆ خودا سەرکەوتوو بووم. بەبیرم دێتەوە کە یەکەم گرێبەستم کە ئەنجامدا لەسەر بەرمیلێکی بۆیاخ دانیشتم. بۆ یەکەمجار بوو کرێی ماندووبوونەکەم وەرگرت و سوپاسی خودا و منداڵەکانم کرد کەهاندەرم بوون لەکارەکەمدا. فەلسەفەی ژیانی من شەیدایی کار و منداڵ و سەرمایەکەمە.

وارڤین: ئەو ڕێبازە چیبوو کە بۆ سەرکەوتن پێڕەوت کرد چی بوو؟

نەزیرە: زۆر بەدڵسۆزییەوە کارم دەکردو هەوڵمدەدا، سیستەمی پاداشتی ئەوانەی کارامەن و سوودی زیاتر بۆ کۆمپانیاکە وەدەستدەهێننم بەکار دەهێنا،

# ڕێژەی زۆری ژنانی پەرلەمانی کوردستان خۆشحاڵی کردم

هەروەها پاداشتی ئەو کەسانەم دەدایەوە کە پێشنیارێکی باشیان دەکرد و چارەسەرەکانیان دەخستەڕوو. ڕۆژانە ئەو ڕاپۆرتانە دەخوێنمەوە کە لەلایەن کادرانی کۆمپانیاوە دەخرێنەڕوو، دەچمە ناو بیرۆکەکانیانەوەو لەوانەوە فێردەبم و هەرچی باشی تێدا بێت بۆ پەرەپێدانی کۆمپانیاکە بەکاریدەهێنم.

لەگەڵ ئەوەشدا خەڵاتی ئەوانە دەکەم کە شارەزاو پسپۆڕن، ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی زیاتر کاری باشترو داهێنانی جوانتر بکەن، پەیوەندیم لەگەڵ خاوەن موڵک و بازرگانەکان پتەو کردووەو شارەزایی زیاترم لەیاساکانی خانووبەرە پەیداکردووە (وەبەرهێنان، کڕین، فرۆشتن، کارگێڕی بەکرێدان، نرخدانان).

وارڤین: چ پێوەرێکت بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بەئامانجەکان هەیە؟

نەزیرە: بۆ هەموو ئامانجەکان پلانێکی تایبەتی دادەنێم، بایەخی زیاتر بەو کارمەندو کادیرانەی کۆمپانیا دەدەم کە پەرە بەشارەزایی خۆیان بدەن، چونکە ئەمە دەبێتە مایەی سەرکەوتنی من و بەدیهێنانی ئامانجەکان بەکەمترین خەرجی.

بەشداریکردنی کارمەندانی کۆمپانیا لەخولەکانی مەشق و ڕاهێنان لەناوەوەو دەرەوەی وڵات، تەنانەت خۆشم بەشدار دەبم، چونکە ئەمە لەداهاتوودا بەسوودو قازانج بۆ کۆمپانیا دەگەڕێتەوە.

لەم بارودۆخەی ئێستا چالاکییەکانم زیاتر چڕ کردۆتەوە لەسەر کۆکردنەوەی زۆرترین تەلارو سەرپەرشتیکردنیان، چونکە ئەمە یارمەتیمدەدا لەدەستکەوتنی زۆرترین داهات و باشترین ئەنجام، بەبێ ئەوەی ئامانجە ستراتیژییەکان لەبیر بکەم.

زۆرکردنی هەماهەنگی و هاریکاری لەنێوان کۆمپانیاکانم، بەمەبەستی کەمکردنەوەی خەرجی و دەستەبەر کردنی ئەو خەرجییانەی پێویست نین بکرێن، بۆ سوود وەرگرتن لەکات هەموو کۆمپانیاکانم لەیەک تەلاردا کۆکردۆتەوە.

دژوارترین ئاستەنگ یان ئاستەنگگەلێک کە لەژیانتدا وەک خانمێکی کار هاتوونەتە بەردەمت چی بوون؟

نەزیرە: لەژیاندا زۆر ناخۆشیم دیوە، بەڵام چاوەڕێی دەستی کەسم نەکردووە. سەرەتا لەماڵەوە هەندێ خواردنی ئامادەکراوم دروست دەکردو بەدراوسێ و ناسراوەکانم دەفرۆشت، پێمدەگووتن ئەوە چێشتلێنەرێکی باش دروستیان دەکات و ڕاستییەکانم دەشاردەوە کە خۆم دروستیان دەکەم. پاشان داواکاری لە سەر ئەم خواردنانە زیادیکرد، دوای ئەوە دەستم کرد بەفرۆشتنی بۆن، لەماڵەوە جۆرەها بۆنی عەرەبیم تێکەڵدەکردو دەمفرۆشتە هاوڕێ و خزم و ناسراوان. هەرچەندە ئەمکارە بۆ من باش بوو، پێداویستی خۆم و منداڵەکانی پڕ دەکردوە، بەڵام هیواکانی وەدینەدەهێنام و بەردەوام لە نەهامەتیدا دەژیام.

زۆر کاری حکوومی خرایە بەردەستم و بیرم کردەوە کە قبووڵی بکەم، بەڵام نەمتوانی چونکە ئەم کارە کۆتوبەندی دەکردم و دەبووە گۆڕستانی هیوا و خەونەکانم.

ساڵی ٢٠٠٠ چوومە خولێکی فێربوونی کومپیۆتەر، پاش تەواوکردنی خولەکە بەیەکەم دەرچووم و خاوەنی پەیمانگاکە داوای لێکردم لەهەمان پەیمانگەدا وانە بڵێمەوەو منیش قبووڵم کرد. لەوێ وانەم بەخاوەن بڕوانامەباڵاکان دەوتەوە. ڕۆژیانێک ئاواتم ئەوەبوو کە بڕوانامەم هەبێت. سەرەتا هەستم بەشپرزەیی دەکرد دوایی زەردەخەنەم بۆ دەکردن ئەمە سەرەتای ڕزگار بوونم بوو، پاشان خاوەنی پەیمانگە پێیگووتم کە ببمە سەرپەرشتیاری کارگێڕی، ئەمە باشترین دەرفەت بوو کە زیاتر پەرە بەشارەزایی و تواناکانم لەبواری کومپیوتەرەوە بدەم. لەناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٤ لەبەر چەند هۆکارو هەلومەرجێکی تایبەت کارەکەم بەجێهێشت.

وارڤین: بۆ پێشکەوتن و بەدیهێنانی ئامانجەکانت پشتت بە کەس بەستووە؟

نەزیرە: لەریگەی ئەو شارەزاییەی دەستمکەوتبوو پەرەم بەتواناکانم دا. پلانێکم بۆ فراوانکردن و پەرپێدانی کارەکەم دانا، بیرم لەدروستکردنی چەند کۆمپانیایەک کردەوە کە هەموویان تەواوکەری یەکتربوون لەوانە:

- للابد لمقاولات البناء (ز.م.م )
- المانيا لخدمات اداره المنشات ( ز.م.م)
- المجره الزرقاء للتجاره العامه (ز.م.م)

لەرێگەی کۆمپانیای (للابد لمقاولات البناء) کە سەرەتا بەتەنیا دامەزراند، کارم بۆ بەدیهێنانی خواستەکانم کە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تایبەت

www.netewe.com


شهادة مشاركة

قدمت هذه الشهادة إلى

تقديراً منا للجهود المتميزة والمساهمة الفعالة في إنجاح وفد الدولة المشارك في

"معرض ماليزيا التجاري الدولي الثاني عشر"

وزارة التجارة الخارجية




بەناوی ( گروپی کۆپانیایەکانی نەزیرە زەرعونی )بوو، کرد. ئەو پرسەم کردبووە ئامانجێکی ستراتیژیکی خۆم. کارەکانم لەرێگەی کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی و چاککردنەوەوە نەکرد، بەڵکو خۆم سەرپەرشتی و کارگێڕی تەلارەکانم کرد. ئەوەش پارەیەکی زۆری بۆ گەڕاندمەوە. ئەوانەی من سەرپەرشتیم دەکردن، لەکارەکانم زۆر رازیبوون. وەک (حکوومەت، کۆمپانیاکان، کۆمپانیا تایبەتەکان، کەسایەتییەکان).خێرایی و باشی کارەکانمان و زوو راپەڕاندنی وایکرد هێدی هێدی وشەی سوپاس و ستایشکردن بەرگوێم بکەوێ.

وارڤین: تا چەند ئەو زەمینە لەبارەی ئیمارات کاریگەری لەسەر سەرکەوتنەکانت داناوە؟

نەزیرە: کاریگەری هەبووە، بەڵام من خۆیشم ویستوومە، بەلای منەوە گرنگ هەبوونی ئیرادەیە. راستە ئێمە لە ئیمارات دەژین کە وڵاتێکی تازەپێگەیشتووە شوێنیکی گرنگی لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهان هەیە، لەم سۆنگەیەوە ( گرووپی کۆمپانیاکانی نەزیرە زەرعوونی) دەخوازێت خزمەتی گەل و رۆڵەکانی بکات لەرێگای بەشداریکردن لەپەرەپێدانی تواناو شارەزایی لاوان. ئەوەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پێشکەوتنمان هەبووە.

وارڤین: وەک دەزانن لە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکاندا لەبەر زاڵبوونی دەسەڵاتی باوک و مێرد کێشە بۆ ژن دروست دەبێت. ئەو پرسە تا چ رادەیەک گرفتی بۆ دروست کردووی؟

نەزیرە: بەهیچ شێوەیەک لەلایەن خێزانەکەمەوە گرفت و ئاستەنگم بۆ دروستنەکرا. بەپێچەوانەوە خێزانەکەمان کراوەن و هەمیشە پاڵپشت و هاندەرم بوون، وێرای ئەمەش دەوڵەت بەسەرکردایەتی شێخ زاهیدی خوالێخۆشبوو و خیزانەکەی شێخ فاتمە هاندەرمان بوو.

وارڤین: ئەمساڵ (٢٠١٠) خەڵاتی خانمانی کارت وەرگرت. بەڕای خۆت بۆچی تۆ شایستەی ئەم خەڵاتەی؟

نەزیرە: لەناخمدا وزەیەکی پڕ لەخواستی دوورمەودا هەیە لەسەر پلانی زانستی بنیاتنراوە کە لەو رێگەیەوە دامەزراوەکانم بەڕێوەدەچن، خواستەکانم زیاتر یارمەتیمدەدات کە خزمەتی وڵات و گەلەکەم بکەم.

هیواکان سنوور ناناسن. سەرکردایەتییە زاناکەمان لە ئیمارات دەرگای سەرکەوتنی بۆ ژن و گەنجە لێهاتووەکان کردووەتەوەو هانیاندەدات تا بگەنە ئامانج و خواستەکانیان. بۆیە لێرە تەنیا جێگای خەڵکی لێهاتو و بەتوانا دەبێتەوە، سەرەتا پشتم بەخۆم بەست، پەرەم بەئیش و تواناکانمدا ئەمڕۆ کۆمەڵێک کۆمپانیام هەیە کە جۆرەها خزمەتی بەرچاو پێشکەش دەکەن.

لە کاروانی ژیانمدا کێشەی من ئەوە بوو بەردەوام هەوڵبدەم لەهەست و سۆزی خەڵکیتر تێبگەم. ئەمەش بووە مایەی سەرکەوتنی هەڵسووکەوتم لەگەڵ خەڵکانیتر، کە یارمەتیدەرم بوون بۆدیاریکردنی شێوەی مامەڵەکانم، لەڕێگای سوودوەرگرتن لەبەرنامەو خولەکان پەرەم بەتواناو بەهەرەکانم دا. هەروەها سوودم لە پەیوەندییە فراوانەکانم وەرگرت و لەکۆبوونەوەو کۆنگرە زانستییەکانی ناوخۆ و دەرەوی وڵاتدا بەشداریم کرد. سەرکەوتنم لەوەدا بوو کە هاوسەنگیم لەنێوان سەرکەوتنی کارەکەم و خێزانەکەمدا راگرتووە. ئەمەش پاڵنەرێکی گەورە بوو، کە بەخششی گەورەی پێشکەش بکەم. هەستدەکەم کە دەتوانم بەباشترین شێوە نوێنەرایەتی ژنانی وڵاتەکەم بکەم.

وارڤین: لەگەڵ وەزیری بازرگانی سەردانی کوردستانت کرد و لەکۆڕبەندی ئابووریدا بەشداریت کرد. بەنیاز نیت لەکوردستان کاری وەبەرهێنان بکەی؟

نەزیرە: بەدڵنیاییەوە ئارەزووم هەیە لەکوردستان وەبەرهێنان بکەم، لەمیانەی سەردانەکەماندا پەیوەندیمان لەگەڵ کەسایەتییەکان کرد و لەبارەی چۆنیەتی وەبەرهێنان و زەمینەکانی بیروڕامان ئاڵوگۆڕ کرد، ئێستا خەریکی دیراسەتی هەندێ بابەتین و پاشان لەسەر پرۆژە هاوبەشەکان رێکدەکەوین.

وارڤین: وەک خانمێکی سەرکەوتوو چ پەیامێکت بۆ ژنانی کوردستان هەیە؟

نەزیرە: پەیامی من ئەوەیە کە کەڵک لە دەرفەتەکانیان وەربگرن، چونکە ئەو دەرفەتانە هەموو کاتێک نایەنەپێش. راستیتان بوێت رێژەی زۆری ژنانی پەرلەمانی کوردستان دڵخۆشی کردم. بەشداریکردنی ئەو ژنانە لەبواری سیاسەتدا مایەی شانازییە بۆ ژنانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئامۆژگاری من بۆ ئەو ژنانەی ئارەزوو دەکەن بێنەنێو دنیای کاروباری بازرگانییەوە ئەوەیە: لەرێگەیەکی راست و دروستەوە هەولێ دروستکردنی دەرفەت بدەن. بە پەرەوەردگارەوە پابەندبن. پێویستە شارەزاییان لەیاساکاندا هەبێت و بەباشی یاسای ئەو وڵاتانە بزانن کە وەبەرهێنانی تێدا دەکەن. ئەگەر دەیانەوێ پرۆژەکەیان سەرکەوتوو بێت، دەبێ لەو یاسایانە دەرنەچن و سەرەڕای هەموو ئەو شتانە لەگەڵ خەڵکدا راستگۆ بن و رێزی گەل بگرن.

## پرۆفایل

نەزیرە عەبدولڕەحیم زەرعونی.

ئامادەیی تەواو نەکردووە.

خولی پێشکەوتووی لەبواری کۆمپیوتەر بینیوە.

خاوەنی گرووپی کۆمپانیاکانی نەزیرە (زەرعونی)یە.

**دیمانە/ ئیبراهیم پەهلەوی**



www.metewe.com



# ئیمارات

# دەروازەی بازرگانیکردن بە ژنان

**لەمدواییەدا راگەیاندن و حکوومەتەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا بایەخی زیاتر بەباسکردنی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە دەدەن. هەرچەندە ئەم پرسە لەڕووی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەوە هەستیارە. چاودێرانی رەوشی جیهانی دەڵێن، ئەم دیاردەیە تەشەنەی سەندووەو بەتایبەتیش لەلایەن باندەکانی تاوانە رێکخراوەکانەوە خەریکە شێوازگەلی وەک چەوسانەوەی سێکسی، فرۆشتنی منداڵ و بازرگانیکردن بەئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ لەخۆدەگرێت.**

دوبەی

لەمادەی ٣ـی پرۆتۆکۆڵی قەدەغەو بنبڕکردن و سزادانی بازرگانی بەمرۆڤدا هاتووە:"بازرگانی بە مرۆڤ بریتییە لە: بەکارهێنانی کەسەکان و گواستنەوەیان و پەنادانیان، بەرێگای هەڕەشەکردن و هێز یان شێوەی ناچارکردن یان رفاندن، یان فێڵ و فریودانیان، یاخود خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، یان قۆستنەوەی بێهێزی یان پێدانی بڕێک پارەو پاداشت بۆ وەدەستهێنانی رازیکردنی کەسێک کە بتوانێت کەسێکیتر کۆنترۆڵ بکات و پاشان بۆ مەرامە تایبەتییەکان بەکاری بێنێت".

چەوساندەوەش بریتیەلە: بەکارهێنانی کەسێک بۆ مەبەستی سێکسی یان کارپێکردنی بەزۆر و خزمەتکاری و کردن بەکۆیلەو چەوسانەوەو لێکردنەوەی ئەندامێکی جەستەی مرۆڤ.

لەکۆنگرەی یەکەمی ئەنتەرپۆڵ کە لەمدواییانەدا لەدیمەشق گرێدرا، راگەیەندرا کە ئەو دەزگایە نیگەرانە لەوەی ئەم دیاردە ترسناکە لەسەر ئاستی جیهانی لەپەرەسەندندایەو پێویستە هەموو هەوڵەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی چڕ بکرێتەوە.

ئیمارات، یەکەم وڵات بوو کەلەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناڤین هەستی بە دەرەنجامەکانی ئەم دیاردەیە کرد و یەکەم دەوڵەتیش بوو یاسایەکی تایبەتی بۆ ئەم پرسە دەرکرد و تێیدا سزای توندی بۆ ئەو کەسانە دیاریکرد کە بەشێوەیەکی رێکخراو ئەم تاوانە ئەنجامدەدەن.

هۆکاری تەشەنەسەندن:

جۆرەها رەگەزو پێکهاتەی جیاواز لەرۆژهەڵات و رۆژئاواوە بۆ کارکردن روویان لە ئیمارات کردووە. ئەوانەی دێنە ئەم وڵاتە زۆرجار لەلایەن کەسانی خراپەوە دەقۆزرێنەوەو مامەڵەو بازرگانییان پێوە دەکرێت. بەنرخێکی کەم کاریان پێدەکەن و ئەم چەوسانەوەیەش زیاتر ژن و منداڵ و هەژاران دەگرێتەوە. ئەم بازرگانیکردنەش بەشێوەیەکی دڕندانەیەو لەهەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی دوورە.

ئەگەر لەلایەکەوە ئیمارات بووبێتە جێگەی چاوچنۆکی و بازرگانی و مامەڵە بەمرۆڤەوە، ئەوا لەلایەکی دیکەوە، ئەو گەنجانەی لەرێگەی هاوسەرگیرییەوە تێرنەبوون و پارەیەکی زۆریان هەیە بازاڕیان گەرمەو سەرقاڵی کڕین و فرۆشتنی مرۆڤەکانن.

هاوکات ئەم وڵاتە پێویستی بەکرێکار و خزمەتکار هەیە، لەمکاتەدا بازرگانەکان بەدەیانشێوە ژن و منداڵ فریودەدەن و دەیانهێننە ئەم وڵاتە.

مستەفا گەنجێکی (٢٥) ساڵی ئیماراتییەو دەڵێ:"دانپێدانانی ئێمە سەرەتای چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەیە، پێویستە ئەوەش بزانین کە ئیمارات تاکە وڵات نییە کە بەدەست ئەم کێشەیەوە دەناڵێنێ. بڵاوبوونەوەی ئەم تاوانە بۆ ئەو شەپۆل و هێرشە فراوانەی رەگەزی جیاوازی وڵاتانی دنیایە کە روو لەوڵاتەکەمان دەکەن، ئەم بابەتە دەبێتە بازرگانی و سەرچاوەی نانپەیداکردن، زۆر خێزان هەن کە بۆ پەیداکردنی بڕێک پارەو نان کچەکانیان دەفرۆشن".

ساجیدە (٣٠) کە کچێکی باڵابەرز و گەنم ڕەنگە بۆ وارڤین دەڵێ:"ناتوانین نکۆڵی لێ بکەین. گرنگ

www.netewe.com

ئەوەیە دەوڵەت لەهەوڵداندایە بۆ کەمکردنەوەی، ئەو تاوان و بازرگانیکردنە زۆرجار پەیوەندی راستەوخۆی بەو وڵاتانەوە هەیە کە ئەو کەسانەی لێوەهاتوون یان باندو بازرگانەکان کە پەیوەندی راستەوخۆیان بەسەرکردەی تاوانی ریکخراوەکان و ئەوانەی پەیوەندییان بەکۆمپانیای گەشتیاری و هۆتێلەکانەوە هەیە".

**دۆسیەی بازرگانی لای پۆلیس تۆمارکراوە؟**

وێڕای ئەوەی بازرگانی بەمرۆڤەوە جۆرەها شێوەی هەیە، بەڵام ئەوەی لای پۆلیس تۆمارکراوە تەنیا چەوساندنەوەی سێکسییە. بۆ نموونە لەمدواییانەدا دادگای ئەبوزەبی تاوانی بازرگانیکردنی بەمرۆڤەوە خستەئەستۆی ١٤ پیاو و ئافرەتێک، دۆزەکەش پەیوەندی بەگەورەترین باندی بازرگانی بەمرۆڤی سۆزانییەوە هەیە. ئەم ١٥ کەسە لە باندێکەوە گلاون کە بەڵێنی بە ١٣ئافرەتی مەغریبی دابوو، دەرفەتی کارکردنیان بۆ فەراهەم بکەن، بەڵام لەگەڵ گەیشتنیان بۆ ئیمارات ناچاریان کردبوون کاری سێکسی ئەنجامبدەن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە وارڤین لەپۆلیسی ئیماراتەوە بەدەستی خستووە، ئەو باندە کەسی تێدابووە لەمەغریب ئافرەتەکانی ئامادەکردووەو هەروەها کەسانێکتر سەرپەرشتی کارەکەیان کردووە. هەروەها خەڵکانیتر کاری دەڵاڵی سێکسییان کردووە. هاوکات بەپێی گوتەکانیان لەبەردەم دادگا، ئەو ئافرەتانە پاش گەیشتنیان براونەتە ناو ڤێلاو چەند شوقەیەک و ئینجا رووبەڕووی لێدان و هەڕەشە بوونەتەوەو پێیانگوتراوە"ئەگەر لەشفرۆشی نەکەن، دەتانکوژین".

یەکێک لەو باندانەی کەلە دەرەوە هاتبوو و لە ئیمارات سەرپەرشتی باندێکی لەشفرۆشی دەکرد بەناو هی ئۆکرانیا بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ٣پیاوی بەناوبانگی ئیماراتی کەلە بواری دارایی و کاردا ناویان دیارە لەناو ئەو باندانەدا بوون. دوو کەسیتریان لەگەڵ بوو کە یەکێکیان ئێرانی و ئەویتریان رووسی بووەو ئەوانیتر ئۆکراینی بوون.

کاری ئەم باندە هەناردەکردنی ژنی ئۆکراینی بووە بۆ ئیمارات تا کاری لەشفرۆشییان پێ بکرێت.

لەوبارەیەوە، وەزیری ناوخۆی ئۆکرانیا لەپرێس کۆنفرانسێکدا لە (کێف)ی پایتەختی ئۆکرانیا رایگەیاند:"ئەندامانی ئەو گرووپە تۆمەتی بازرگانی بەمرۆڤ خراوەتە پاڵیان، چونکە لەم ماوەیەی دواییدا ٥٠٠ ئافرەتی ئۆکراینیان هەناردەی ئیمارات کردووە".

هاوکات سەرچاوەکانی وەزارەتی ناوخۆی ئۆکرانیا ناوی کەسایەتییە ئیماراتییەکانی نێو ئەو باندەیان ئاشکرا کرد کە سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی کۆمەڵەی دوبەی بۆ خانووبەرە هاشم دەبل و دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری راپەراندنی کۆمپانیای داماک حسێن سەجوانی و سەرۆکی راپەراندنی کۆمپانیای دوبەی ئەحمەد بەیاتی تێدابوو.

ئەم کەسانە تەنیا ئەوانەن کە ئاشکرا بوون و بوونە لاپەڕەی سەرەکی رۆژنامەو گۆڤارەکان و بەوشێوەیەش ریسوا دەکرێن. بەڵام هەندێکیتر لەو دۆزانە ئاشکرا نابن یان بۆ ماوەیەکی درێژ لەکارەکانیان بەردەوام دەبن تا سەرەنجام ئاشکرا دەبن.

دەوڵەت و داموودەزگا پەیوەندیدارەکانی ئیمارات شەونخوونی دەکەن لەپێناو نەهێشتنی ئەو جۆرە تاوانانە، هەرچەندە چەند ئاستەنگ و گرفت ناهێڵن کە بەتەواوەتی کۆنترۆڵی رەوشەکە بکرێت.

*** ئاستەنگەکان**

بەرپرس عەقید مەحەمەد مۆر، لەوبارەیەوە دەڵێ:"لەنێوان لایەنە حکومییە پەیوەندیدارەکان بۆ بنبڕکردنی ئەو تاوانانە هەماهەنگی نییەو هاوکاری قوربانییەکان ناکرێت و هەروەها لەنێوان بەرنامەو چالاکییەکاندا دووفاقی هەیە".

سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوە سەبارەت بەبازرگانیکردن بەمرۆڤ لە نیابەی دوبەی، خەلیفە دیماسی دەڵێ"رووبەڕووبوونەوەی گەورە لەبەردەم ئێمەدا ئەوەیە کە زۆربەی قوربانیان هۆشیارییان نییە کاتێک بازرگانییان پێوەدەکرێ و دەزگاکانی پۆلیس ئاگادار ناکەنەوە، هەروەها ئەوانەی دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەریان وەکو قوربانی سەیریان ناکەین و دەیاندەینە دەست دەزگای دوبەی بۆ چاودێری ئافرەتان و منداڵان".

دیماسی وەها درێژە بەقسەکانی دەدات:"گرفتێکیتر ئەوەیە هەندێ لەو ئافرەتانەی بازرگانییان پێوەکراوە، لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون، بەڵام راستییەکان دەشارنەوە. ئەوەش لەبەر ئەوەیە باندەکان هەڕەشەی ئەوەیان لێکردوون کە ئەگەر باسیان بکەن ئەوا خێزانەکانیان رووبەڕووی ئازار و تۆڵەسەندنەوە دەبنەوە.

ئەو وڵاتانەی ئەم تاوانانەی لێوە هەناردە دەکرێت، هاریکاری پێویستمان لەسەر ئاستی جیهانی و نێوخۆی لەگەڵ ناکەن، وەک یاریکردن بەتەمەنی ئەو ئافرەتانەوە بۆ ئەوەی ئاسانکارییان بۆ بکرێ گەشت بۆ وڵاتانیتر بکەن، ئەمەش دەبێتە ئاستەنگێکی دی".

هاوکات لەگەڵ ئەم ئاستەنگانەدا حکومەتی ئیمارات لەبەرامبەر ئەم پرسەدا دەستەوەستان نییەو بەردەوام لەهەوڵداندایە بۆسنووردارکردنی.

هاووڵاتیانی ئیماراتی ئەوە رەتدەکەنەوە کە رێگە بدەن وڵاتەکەیان ببێتە شوێنی بازرگانیکردن بە ژن و دەڵێن"ئەم دیاردەیە پێچەوانەی ئایین و دابوونەریتمانە".

*** ستراتیژییەتی بنبڕکردن**



www.netewe.com

بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە ئیمارات چەندین یاسای دەرکردووە، هەروەها شوێنی تایبەتی بۆ داڵدەدانی قوربانیان ئامادەکردووە، لەگەڵ توندکردنی سنوور و دەروازەکانی. گرنگترین دامەزراوەو ئەو شوێنانەی بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە دایمەزراندوون ئەمانەن:

لیژنەی نیشتمانی بۆ نەهێشتنی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە، ئەمە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، وەک توێژینەوەی یاساکانی تایبەت بەبازرگانیکردن بەمرۆڤەوەو ئامادەکردنی راپۆرت سەبارەت بەرێوشوێنی دەوڵەت لەو بوارەداو هەماهەنگی لەنێوان سەرجەم دامودەزگاکانی دەوڵەت و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری.

* دامەزراوەی دوبەی بۆ سەرپەرشتیکردنی ئافرەتان و منداڵان.

ئەم دامەزراوە یەکێکە لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ساڵی ٢٠٠٧ دامەزراوە، بۆ پشتیوانیکردنی چالاکییەکانی نەهێشتنی کاری توندوتیژی و چەوسانەوەی مرۆڤ، کە لەگەڵ ستاندارده جیهانییەکاندا یەکدەگرێتەوە.

هەروەها ئەم دامەزراوە هاوکارییەکی باشی بۆ قوربانیانی ئەمجۆرە تاوانانە پێشکەش کردووە لەڕووی جەستەیی و دەروونی، کەلە ئەنجامی ئەو توندوتیژی و چەوسانەوەیە رووبەڕوویان بووەتەوە، ئەوانەی ساڵی رابردوو ئەم دەزگایە دەستی هاوکاری بۆ درێژکردن ٨٩ قوربانی بوون.

* کارگێری گشتی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ

ئامانجی ئەم دەزگایە دەستەبەرکردنی هاریکاری کۆمەڵایەتی و یاسایی و دەروونییە بۆ ئەو ژنانەی بوونەتە نێچیری ئەم تاوانە.

خزمەتگوزاری و یارمەتی جۆراوجۆر پێشکەشی قوربانیان کراوە، وەک داڵدەدان بۆ ماوەیەکی کەم و ڤیزەو بلیتی فڕۆکە بۆ گەرانەوەیان بۆ ئەو وڵاتانەی کە لێیەوە هاتوون. تائێستا ٢٧ حاڵەت یارمەتیدراون.

هەروەها چەندین ناوەندی وەک رەئسخەیمەو ئوم قەیون لەو بوارەدا کار دەکەن و مۆڵەتی یاساییان هەیە.

لەلایەکیترەوە ئیمارات چەندین یاسای توندی بۆ نەهێشتنی ئەو تاوانە دەرکردووە، وەک یاسای ٥١ـی ساڵی ٢٠٠٧.

ئیمارات یەکەم وڵاتە یاسایەکی لەوشێوەیە دەردەکات تا ئەو کێشەیە چارەسەر بکات.

بەپێی ئەو یاسایە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە بۆ ماوەی ٥ ساڵ تا زیندانی هەتاهەتایی سزایان بەسەردا دەسەپێندرێت.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بۆ رێکخستنی ئەو شەپۆلە کرێکارە بیانییەی کە رووی تێدەکەن و پاراستنیان لەفێڵ و فریودانی ئاژانسەکانی بازرگانیکردن بەمرۆڤ، ئیمارات چەند رێککەوتنی لەگەڵ هیند، پاکستان، بەنگلادش، چین، تایلاند و فلیپین مۆر کردووەو ئێستا گەشتەکان لەرێگەی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانەوە ئەنجامدەدرێت.

ئەم رێککەوتنە دەرئەنجامی باشی لێکەوتەوە. بۆ نموونە، لە فیلیپین، ئەو ژنەی کە تەمەنی لە٢٥ ساڵ کەمتر بێ، مۆڵەتی کارکردنی نادرێتێ و لەهیندیش نابێ لە ٣٠ ساڵ کەمتر بێت.

ئەوەی جێی رامانە، سەرەڕای ئەو هەموو رێوشوێنانەی کە باسمان کرد، ئامارەکان ئەوە نیشاندەدەن کە تاوانەکان زیاتر بوون.

راپۆرتەکان لە ئیمارات پێماندەڵێن تا کۆتایی ساڵی٢٠٠٧، بەلایەنیکەمەوە ١٠ حاڵەتی لەمشێوەیە تۆمارکراون و ساڵی ٢٠٠٨ گەیشتۆتە ١٠ حاڵەتی تۆمارکراو و ٤٢ تاوانبار دەستگیر کراوە. لەساڵی ٢٠٠٩ گەیشتۆتە ٤٣ حاڵەت و ١٢٥ تاوانباریش دەستگیر کراون و ژمارەی قوربانییەکان گەیشتۆتە ٩٦ کەس.

دادگاش حوکمی ١٥ ساڵ تا زیندانی هەتاهەتایی بۆ تاوانباران بریوەتەوە.

ئەم دۆزە ترسناکە کێشەیەکی نێودەوڵەتییە، بۆیە دەبێت سنوورێکی بۆ دابنرێت، ئەویش لەرێگای هەماهەنگی و هاریکاریی نێوان دەوڵەتانەوە، چونکە قوربانییەکان دەستەو تاقمێکی لاوازن و توانای خۆپاراستنیان نییە. زۆربەی قوربانییەکان ژن، منداڵ، کەمئەندام، کرێکار، هەژار و خزمەتکارانی ماڵانن، بۆیە ئەم کێشەیە رەهەندی مرۆڤایەتی هەیەو کاریگەری نەرێنی هەیەو ناتوانرێ قەبارەکەی لەسەر هەموو ئاستەکان دیاریبکرێت.

**سەنا کوردی**







# نازناوێکی تازە بۆ ئانا چاکفیتادزە

کچەیاریزانی رووسی "ئانا چاکفیتادزە" توانی نازناوی پاڵەوانیەتی نێودەوڵەتی پۆرتۆرۆزی لە وڵاتی سلۆڤینیا بەدەست بهێنێت، دوای ئەوەی لە یاریی کۆتاییدا توانی لە کچەیاریزانی سوێدی یۆهانا لارسۆن بباتەوە بە ئەنجامی ٢-٠ کۆمەڵە، ئەنجامی کۆمەڵەکان ٦-١ و ٦-٢ بوو.

بەم سەرکەوتنە، کە کۆتایی هەفتەی رابردوو بوو، ئانا چاکفیتادزە بڕی ٢٢٠ هەزار دۆلار و جامی پاڵەوانیەتییەکەی بردەوە، هاوکات یەکەم نازناو بوو بۆ ئەو کچەیاریزانە لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٨ـەوە، هەروەها هەشتەم نازناوی بوو لەوەتەی لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە وەکو یاریزانێکی پیشەگەر دەرکەوتووە.

# (کارمن سڵێوا) بەشداری پاڵەوانییەتییەکی نێودەوڵەتی تۆپی سەرمێز دەکات

بڕیارە کچەیاریزانی شارۆچکەی شەقڵاوە کارمن سڵێوا بەشداریی پاڵەوانیەتی نێودەوڵەتیی یاریی تێنسی سەرمێز بکات لە وڵاتی ئێراندا.

لەو بارەیەوە سەرۆکی یانەی شەقڵاوە فەرهات خەیات بە "وارڤـیـن"ی گـوت: "کچەیاریزانی شـەقـڵاوە و پاڵەوانی کوردستان و عێراق و وڵاتانی عەرەبی لە یاری تۆپی سەرمێز "کارمن سڵێوا" بەشداریی فێستیڤاڵی تەمموزی دەیەمی نێودەوڵەتی لە شاری ئورمیەی ئێراندا دەکات، کە یاریزانانی کریستیانی وڵاتە جیاجیاکانی دنیا بەشداریی تێدا دەکەن".

گوتیشی: "ساڵانە ئورمیە ئەم فێستیڤاڵە لە خۆ دەگرێت و تێیدا ململانێ لە چەندین یاریی جۆراوجـۆردا دەکرێت، یەکێک لەم یارییانەش تۆپی سەرمێزی کچانە، بڕیاریش وایە یاریزانی پاڵەوانی کوردستان و عێراق (کارمن سڵێوا) بە نوێنەرایەتی مەسیحییەکانی کوردستان و عێراق بەشداریی پاڵەوانیەتییەکە بکات".



سەرۆکی یانەی شەقڵاوە هەروەها ڕایگەیاند: "ساڵانە لە فێستیڤاڵەکەدا جگە لە پێشبڕکێیە وەرزشییەکان، چەندین نمایشی فۆلکلۆری و پێشانگەی جیاجیا دەکرێتەوە و چەندین چالاکی جۆراوجۆر ڕێک دەخرێت."

کچەیاریزانی بەتوانا (کارمن سڵێوا) وەکو یەکێکە لە باشترین یاریزانەکانی تۆپی سەرمێزی کچان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و وڵاتانی عەرەبی ناسراوە و چەندین نازناو و میدالیای ڕێزلێنانی بەدەست هێناوە.



کارین کمال

# چوار کچەکورد بەشداری ئۆڵمپیادی شەترەنج دەکەن

چوار کچەیاریزانی کورد لە یاریی شەترەنجدا بەشداری لە ئۆڵمپیادی شەترەنج دەکەن، کە لە وڵاتی بیلاروسیا دەکرێت.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە "وارڤین"ی گوت کە چوارکچە یاریزانی کـورد لە ڕیزەکانی هەڵبژاردەی عێراقدان بۆ بەشداریکردن لە ئۆڵمپیادی شەترەنج، کە لە بیلاڕووسیا بەڕێوە بچێت.

یاریزانەکانیش ئەمانە: (دڵپاک ئیسماعیل، کارین کەمال، چنار وریـا، سونیا تەها)، هەروەها کچەیاریزان ئیمان حەسەنیش لەگەڵ ئـەو کچانەدا بەشداریی پاڵەوانیەتییەکە دەکات.

هەڵبژاردەی عێراق بە ١١ یاریزان، کە ٥یان کچن، بەشداریی ئۆڵمپیادی شەترەنجی نێودەوڵەتی دەکات، کە لە مانگی سێپتەمبەری داهاتوودا دەستپێدەکات.

www.netewe.com

# پاڵەوانیەتی تۆپی دەستی کچانی یانەکانی کوردستان لە کۆیە دەکرێت

بڕیارە بە بەشداریی ٧ یانەی شارەکانی کوردستان، پاڵەوانیەتیی تۆپی دەستی کچانی کوردستان لە شارۆچکەی کۆیەدا ئەنجام بدرێت.

لەم بارەیەوە سکرتێری یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان سەرکەوت موحسین لە لێدوانێکدا بە "وارڤین"ی ڕاگەیاند: "لە سەرەتای ئەم مانگەدا، یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان پاڵەوانیەتیی تۆپی دەست بۆ تیپی کچانی یانە نایابەکانی کوردستان لە شارۆچکەی کۆیەدا ڕێک دەخات، کە ٧ یانە بەشداریی تێدا دەکەن".

گوتیشی: "پاڵەوانیەتییەکە ٧ ڕۆژ دەخایەنێت و تێیدا یانەکانی (کۆیە، فەتاتی هەولێر، فەتاتی کەرکوک، قەڵای تورکمان، ئەفرۆدێت، سیروانی نوێ و سۆلاڤ) بەشداریی تێدا دەکەن و بە پێی سیستمی پاڵەوانیەتییەکەش، هەر یانەیەک بە دوو دۆڕاندن لە پاڵەوانیەتییەکەدا دەچێتە دەرەوە".

سکرتێری یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان هەروەها ئەوەی خستە ڕوو کە ئەوان بەشی ناوخۆیی زانکۆی کۆیەیان بۆ مانەوە و حەوانەوەی تیپەکان دابین کردووە و تیپەکان هەموویان لەوێدا کۆدەبنەوە و دەمێننەوە، هەروەها ئاماژەی بەوە دا کە بە هاوکاریی زانکۆی کۆیە ئەو کارەیان کردووە، هەروەها ڕایگەیاند: پاڵەوانیەتییەکە لە هۆڵی داخراوی پەروەدەی وەرزشیی کۆیە بەڕێوە دەچێت و هەموو ئامادەکارییەکیش بۆ ئەنجامدانی پاڵەوانیەتییەکە کراوە".

جێی باسە یانەکانی فەتاتی کەرکوک و کۆیە و قەڵای تورکمان و فەتاتی هەولێر بە پێی زانیارییەکان تیپی بەهێزی تۆپی دەستی کچانیان هەیە و پاڵێوراون بۆ ئەوەی نازناوەکە ببەنەوە.



تیپی قەڵای تورکمان



تۆپی دەستی یانەی ئافرەتانی هەولێر



تۆپی دەستی یانەی ئافرەتانی هەولێر

# کچان دەتوانن بە حیجابەوە کاراتێ ئەنجام بدەن

یەکێتی کاراتێی ئاسیا لە دواترین بڕیاریدا رێگەی دا کە کچان لەمەولا دەتوانن بە پۆشینی حیجابەوە بەشداریی پاڵەوانیەتییەکانی کاراتێ لە ئاستی کیشوەری ئاسیادا بکەن.

بە پێی بڕیارەکە لە خولی یارییە وەرزشییەکانی ئاسیاوە، کە پاڵەوانیەتییەکی گەورەیە و لە مانگی نۆڤەمبەری (تشرینی دووەم) داهاتوو لە وڵاتی چین دەکرێت، کچانی وڵاتانی ئیسلامی دەتوانن بە پۆشینی حیجابەوە بەشداریی پێشبڕکێی کاراتێ بکەن.

لە لای خۆیەوە ئەنجومەنی ئۆڵمپی ئاسیا خۆشحاڵی خۆی بە بڕیارەکەی یەکێتی کاراتێی ئاسیا دەربڕی، ئەوەشیان راگەیاند کە ئەو بڕیارە بە هەوڵی سەرۆکی ئەنجومەنی ئۆڵمپی ئاسیا بووە، کە لەگەڵ یەکێتی کاراتێی ئاسیا رێککەوتووە تا کچانی موسڵمانیش لە بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتییەکانی کاراتێی ئاسیادا بێبەش نەبن.

کچانی حیجابپۆشی ئاسیا یەکەم پاڵەوانیەتیی فەرمی کە بەشداریی تێدا بکەن، پاڵەوانیەتی ئاسیایە بۆ کاراتێ، کە سەرەتای ئەم مانگە لە چین ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئامانجی سەرەکی، بەشداریکردنی ئەوانە لە خولی یارییە وەرزشییەکانی ئاسیای ژمارە ١٦، کە ئەویش لە وڵاتی چیندا دەکرێت و خولێکی گەورە و فراوانە.

جێی باسە لە ئاستی کیشوەری ئاسیا و لەو وڵاتانەی کە دانیشتوانی زۆرینەیان موسڵمانن، ژمارەیەک کچەپاڵەوانی یاریی کاراتێ هەیە، بە تایبەتی لە ئیمارات و پاکستان و کازاخستان و ئێران.



**بە پێی بڕیارەک**
**لە خولی یارییە وەرزشییەکان کچانی وڵاتانی ئیسلامی دەتوانن بە پۆشینی حیجابەوە بەشداریی پێشبڕکێی کاراتێ بکەن**

www.pretewe.com

# لە هەولێر پزیش



www.neiwa.com

فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

کوردستان- هەولێر- ٢٠١٠. کۆمەڵگەی پزیشکی خێزان

# ـــك دەچێتە هەموو ماڵێک

هەولێر



ساکار رۆستەم

پزیشکی خێزانی، یەکێکە لەو بەشە پزیشکیانەی کە خزمەتی تەندروستی هەمەلایەنە پێشکەش بەمندال، گەورە، پیاو و ژن دەکات و بەبەشێک لەخزمەتی تەندروستی سەرەتایی دادەنرێت کە پابەندە بەزانیاری پزیشکەکە لەبارەی نەخۆشیی ئەندامانی خێزانەکە. ئەم پسپۆڕیە جەخت لەخۆپاراستن و بەرەوپێشبردنی تەندروستی تاکەکانی نێو خێزان دەکاتەوە.

تایبەتمەندی پزیشکی خێزانی

١.خێزان یەکەی سەرەکی گرنگی پێدانە.

٢.ناسین و هاورێیەتی لەنێوان پزیشک و ئەندامانی خێزانەکە دەبێت.

٣.بەردەوامی لەخزمەتگوزاری تەندروستی لەلایەن پزیشکەکەوە.

٤.متمانەو پەیوەندی بەهێز لەنێوان پزیشک و ئەندامانی خێزانەکە.

## پزیشکی خێزانی

پسپۆڕی تەندروستی خێزان، بەشێوەیەک ئامادە دەکرێت کە توانای دیاریکردن و چارەسەرکردنی ٩٥٪ی کێشە تەندروستییەکانی بۆ هەردوو رەگەزی نێو خێزانێک هەیە. ئەم سیستەمە نوێیەی جیهان، رێگاچارەیەکی باشە لەچارەسەرکردنی کێشە تەندروستییەکانی نێو خێزانێک بەتایبەت کاتێ ئەندامێکی خێزان تووشی کێشەیەکی تەندروستی دەبێت، لەرێگەی ئەو پزیشکەوە چارەسەر دەکرێت. ئەگەر توانای چارەسەرکردنیشی نەبوو، ئەوا نەخۆشەکە بۆ لای پزیشکێکیتری پەیوەندیدار دەگوازرێتەوە. زانستی پزیشکی پسپۆڕی زۆری هەیە. لەساڵی ٢٠٠٤ پسپۆڕی پزیشکی خێزانی لەئەمریکا لەرێزبەندی گرنگترین پسپۆڕی پزیشکیدا بەپلەی چوارەم، پۆلێن کرا. لەساڵانی ١٩٩٠، لەعێراق تاقیکردنەوەیەک بۆ ئەم پرۆژەیە کرا، بەڵام پرۆگرام و کاتی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە نەبوو. هاوکات لەوڵاتانی دەوروبەری عێراق، لەساڵانی ١٩٨٠ بەشێوەیەکی رێکوپێک ئەو پرۆژەیە جێبەجێ کرا.

لەساڵی ٢٠٠٦ لەعێراق، دەست بەدانانی بناغەی سیستەمی پزیشکی خێزانی کرا، بەڵام پەیڕەو نەکرا. لەکۆتایی ساڵی٢٠٠٧، ئەم پرۆژەیە لەلایەن چەند پزیشکێکی شاری هەولێر، پێشکەش بەفەرمانگەی تەندروستی هەولێر کرا. لەمانگی یەکی ٢٠٠٨ وەک سەرەتایەک، دەست بەجێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە کرا. پرۆژەی پزیشکی خێزانی لەکوردستان، تائێستا لەقۆناغی دانانی پرۆگرام و ئامادەکاریدایە.

د.هێمن فازل، یەکێکە لەو دکتۆرانەی کەلە دانانی پرۆگرامی پرۆژەی پزیشکی خێزانیدا بەشداریکردووە. ئەو پزیشکە بە (وارڤین)ی راگەیاند: "ئەم پرۆژەیە دەبوو پێشتر تەواو بووایە، بەڵام بەهۆی رۆتینیاتی کاری ئیداری و نەبوونی لێکگەیشتن لەدانانی پرۆگرام و سیستەمەکە دواکەوت، بەڵام ئێستا لە قۆناغی کۆتاییدایە". ئەو دکتۆرە دەڵێ، پزیشکی خێزانی بەمانای ئەوە نایەت کە پزیشکەکە بچێتە ماڵی نەخۆشەکان، بەڵکو بنکەیەکی تایبەت هەیە کە نەخۆش لەو بنکەیەدا بۆ لای پزیشکەکە دەچێت. مەبەست لەپزیشکی خێزانی ئەوە نییە کە پزیشکێک بۆ یەک خێزان بێت، بەڵکو بۆ کۆمەڵە خێزانێکە بەگوێرەی ژمارەی پزیشکەکان و خێزانەکان دەگۆڕێت. کۆی گشتی ژمارەی خێزانی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر (٣٢٢٧١٩) خێزانەو بەهۆی زۆری ئەو ژمارەیەوەو کەمی پزیشکی خێزانی د.هێمن دەڵێ: " پرۆژەکەمان بەشێوەیێکی تاقیکاری پێشکەش کردووە کە رەنگە بۆ چەندین خێزان لە هەولێر یەک پزیشکمان هەبێت، بەڵام لەداهاتوودا ئەم کێشەیە چارەسەر دەبێت. چونکە لەگەڵ پرۆژەکەدا ئێمە پرۆژەیەکیترمان پێشکەشکرد ئەویش پرۆگرامی پسپۆڕی پزیشکی خێزانییە". د. هێمن، وەها درێژە بەقسەکانی دەدات:"لەگەڵ پرۆژەکە دوو قوتابی بۆ ماستەر لەپزیشکی خێزانی وەرگیران و ئەم ساڵ ٤-٦ قوتابی دیکەش وەردەگیرێن، چەند ساڵێکی تریش دەتوانین لەسلێمانی و دهۆک ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکەین".

لەهەموو عێراق سیستەمی تەندروستی سەرەتایی هەیە، بەڵام سیستەمی پزیشکی خێزانی نییە، تەنیا بنکەی برایەتی لە هەولێر سیستەمی پزیشکی خێزانییەو ئەو بنکەیە بەپێی سیستەم و پێوەرە جیهانییەکان لەلایەن پزیشک و کارمەندی شارەزا لەبواری پزیشکی خێزانییەوە بەڕێوەدەچێت.

## تایبەتمەندی بنکەکەی برایەتی

بەپێی دەوامی بنکەی برایەتی کە بەیانیان و ئێوارانە، ئەو خێزانانەی کە لەو بنکەیە ناویان تۆمارکراوە، بۆیان هەیە سەردانی ئەو بنکەکە بکەن. ئەو بنکەیە سنووری گەڕەکی (برایەتی - راپەرین) دەگرێتەوە.

www.netewe.com




فۆتۆ: ساکار ڕۆستەم

# لەسەرەتای ساڵی ٢٠١١ کۆنفراسێکی تایبەت بە ریفۆرمی سیستەمی تەندروستی گرێدەدرێ و پزیشکی خێزانیش یەکێک لەو بابەتانە دەبێت کەلە کۆنفراسەکەدا باس دەکرێت



پزیشکی خێزانی ئارامی و دڵنیایی بە خێزان دەبەخشێ

فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

چۆنیەتی مۆڵەتی بینینی پزیشک بەڕێگای تەلەفۆن یان سەردانی ڕاستەوخۆ دەبێت. هەروەها بۆ حاڵەتی ڕووداوی لەناکاو یان نەخۆشی کتوپڕ، سەردانی ئەو بنکەیە ڕاستەوخۆ دەبێت. بەپێی گوتەی د. هێمن فازڵ، تایبەتمەندییەکی ئەو بنکەیە لەوەدایە کە هەر نەخۆشێک لەکاتی بینینی پزیشکەکە ماوەی ٨-١٠ خولەکی بۆ تەرخان دەکرێت و دەتوانێت نەخۆشییەکەی بەتەنیا لەگەڵ ئەو پزیشکە باس بکات.

بایەخی ئەو پرۆژەیە لەوەدایە کە هەموو ئەندامانی خێزانەکە یەک پزیشکیان دەبێت و هەروەها هەموو زانیاری نەخۆش لەڕێگای بەرنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەتەوە تۆمار دەکرێت و لەهەرکاتێکدا پێویست بێ لەناوەوە دەرەوەی بنکەکە بەڕەزامەندی نەخۆش بەکار دەهێنرێت. بایەخێکیتری ئەو بنکەیە لەوەدایە کە هەرچەند مانگ جارێک بەگوێرەی تەمەن و ڕەگەز و نەخۆشی، پشکنینی خولی بۆ کەسەکە لەلایەن پزیشکی تایبەتەوە ئەنجامدەدرێت. بوونی پزیشکی ڕاوێژکاریش بایەخێکی دیکەیە کەلە کاتی پێویستبوونی پشکنینی زیاتر یان تایبەتتر، نەخۆش ڕەوانەی لای پزیشک و شوێنی تایبەت دەکرێت کەپەیوەندییان بە بنکەکەوە هەیە. بەقسەی د. هێمن، جیاوازی بنکەی تەندروستی خێزانی برایەتی لەگەڵ سیستەمەکانیتر ئەوەیە کە سیستەمێکی دارایی تایبەتی هەیە. مەبەست لە سیستەمی دارایی تایبەت ئەوەیە کە هاووڵاتییان خۆیان بەشدارن لەگەڵ حکوومەت، تا خزمەتگوزارییەکی گونجاو بۆ خۆیان دابین بکەن کە لەهەموو جیهاندا بەوشێوەیە. ئەمەش بۆ ئەوەی زۆرترین جۆرەکانی پشکنین هەبێت، واتا نزیکەی ٥٠ پشکنین هەبێت. هەروەها هەموو جۆرە دەرمانێک دابین بکرێت کە ئەمەش بەو داراییەی حکوومەت دەیدات ناتوانرێت دابین بکرێت. لەگەڵ ئەوەی ئەم سیستەمە٩٠٪ ی بۆ قازانجی هاووڵاتییانە. سیستەمی بەشداریکردنی خەڵک لەخزمەتگوزارییەکان بەشێوەیێک داناروە کە لەگەڵ بژێوی ژیانیان بگونجێت، واتا بە نرخێکی هەرزانە.

ئەو نەخۆشانەی سەردانی ئەو بنکەیە دەکەن دەبێ نیشتەجێی گەڕەکی برایەتی، گوڵان و ڕاپەڕین بن. خەرمان ئەحمەد (٣٢) ساڵ یەکێکە لە نەخۆشەکانی بنکەی برایەتی دەڵـێ: "زۆر سـوودم لەم بنکەیە وەرگـرتـووە دکتۆرەکان زۆر گرنگی بەنەخۆش دەدەن و لەلایەنی مـاددییـەوە زۆر کێشەی بۆ چارەسەرکردووم". ئازاد ئەنوەر (٣٨) باوکی یەکێک



www.netewe.com

لەو منداڵەیە کە نەخۆشی بنکەی برایەتیە دەڵێ:" لەلایەنی ماددی زۆر سوودی بۆمان هەبووەو هەروەها لەوەرگرتنی چارەسەرییەکان زۆر سوودی هەبووە". ناجیە سیروان (١٥) نیشتەجێی هەولێر دەڵێ"زۆر سوودمان وەرگرتووە لەبنکەی تەندروستی خێزانی و هەر کاتێک کێشەیەکی تەندروستیمان هەبێت پێشتر پەیوەندی بە بنکەکەوە دەکەین و دواتر سەردانیان دەکەین و چارەسەری زۆر باش وەردەگرین. لەرووی ماددی زۆر کێشەی بۆ چارەسەرکردووین، چونکە نرخەکەی زۆر هەرزانە".

د.گـۆران زەنگەنە، پسپۆر لەبواری سیاسەتی تەندروستی دەڵێ، پزیشکی خێزانی وەک ئایدیا یەکێکە لەگرنگترین ئەو پرۆژانەی کە سیستەمی تەندروستی کوردستان بەرەو پێش دەبات. بەقسەی د.گۆران:"ناتوانرێت لەماوەیەکی کورتدا بۆ هەر خێزانێکی کوردستان پزیشکێکی تایبەت دابین بکرێت، ئەمەش بەهۆی کەمی ژمارەی پزیشکەوەیە بەتایبەت لەقەزاو شارەدێیەکاندا". ئەو جگە لەکەمی ژمـارەی پزیشکان، گوتی کە بەهۆی نایەکسانی دابەشبوونی پزیشکان لەنێو شارەکان بەبەراوورد لەگەڵ دەرەوەی شاردا ناکرێ ئەو پرۆژەیە بەزوویی جێبەجێ بکرێت. وەک باسی کرد لەهەندێ ناوچەی جیۆگرافی دانیشتووان بۆ هەر ١٠٠٠٠ کەس پزیشکێک هەیە. د. گۆران، ئاماژەی بەچەند خاڵێک کرد تابتوانرێت سیستەمی پزیشکی خێزانی لە کوردستان جێبەجێبکرێت:"پێویستە پزیشکی خێزانی وەک پسپۆرییەکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، جیاواز لەپسپۆرییەکانی تری پزیشکی. سیستەمی خوێندنی پزیشکی خێزانی لەپرۆگرامی خوێندنی کۆلێژەکانی پزیشکی بخوێندرێت و بەشێکی پزیشکی خێزانی هەبێت کەلە پرۆگرامیدا راهێنان بە پزیشکان بکات. لەهەموویان گرنگتر پێویستە ژمارەی پزیشکەکان زیادبکرێت بەتایبەت پزیشکی خێزانی چونکە ئێستا ژمارەی پزیشکەکان ئەوەندە نییە کە رێگا بەداهێنانی خێرای ئەم سیستەمە بدات".

گوتەبێژی گشتی راگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی د. خالس قـادر، دەڵـێ، لەسەرەتای ساڵی ٢٠١١ کۆنفراسێکی تایبەت بە ریفۆرمی سیستەمی تەندروستی گرێدەدەن و پزیشکی خێزانیش یەکێک لـەو بابەتانە دەبێت کەلە کۆنفراسەکەدا باس دەکرێت."بەشێوەیەکی ورد، هەموو لایەنەکانی دیاری دەکرێت و هەوڵی پێشخستن و گەشەپێدانی دەدرێت. مەرج نییە بارودۆخی هەرێمی کوردستان ١٠٠٪ لەبار بێت بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە پەیرەو بکرێت، بەڵام لەوانەیە بەشێوەی قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێ بکرێت و دواتر هەموو ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە". ئەو گوتیشی ئەگەر پێویست بکات، ئەوا دەتوانین لەدەرەوە پزیشک بهێنین، بەڵام جارێ هیچ بڕیارێک لەم بارەیەوە نەدراوە.

رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کار بۆ ئەوە دەکەن کە سیاسەتێکی نوێی تەندروستی لە کوردستان پـەیـرەو بکرێت. رێکخراوی پـاو لەساڵی ٢٠٠٦ پرۆگرامی رێفۆرمی تەندروستی دەست پێکردووە. بەرپرسی رێکخراوی فریاگوزاری میللی هۆگر چەتۆ، دەڵێ:"پەیڕەوکردنی پرۆگرامی پزیشکی خێزانی یەکێکە لەداواکارییەکانی رێکخراوەکەمان، بەڵام بەهۆی کەمی ژمـارەی پزیشکان لەکوردستان کە بۆ ٢٤ هـەزار کەس پزیشکێک هەیە، ناتوانرێت بۆ هەموو هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت. هەرچەند بۆ چارەسەرکردنی ئەمەش دەتوانرێت لە وڵاتانی دەرەوە پزیشک بهێنرێت". د. ئینتسار ئەحمەد هەڵگری بروانامەی ماستەر لە تەندروستی گشتی و پسپۆڕ لەهێڵکاری نەخۆشییەکان دەڵێ کە سیستەمی پزیشکی خێزانی زۆر گرنگە بۆ کوردستان، چونکە دەتوانرێت لەو رێگەیەوە سوود بەنەخۆش و پزیشکەکان بگەیەنرێت."یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لەماوەی نەخۆشەوتنی کەسێک، چەند پزیشک نەگۆرێت، وەک ئەوەی کە ئێستا نەخۆشەکان زۆر پزیشکەکانیان دەگۆرن. ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوبردنی کاتی خۆی و پزیشکەکان و هەروەها دەرمانیش، چونکە زۆربەی کات ئەو دەرمانەی کە پزیشک بۆی دەنووسێت، دواتر بەکاری ناهێنێت و دەچێتە لای پزیشکێکی تر".



ژن و منداڵێک لە کاتی خوێن وەرگرتن لە کۆمەڵگەی پزیشکی خێزانی فۆتۆ: جەماڵ پێنجوێنی

www.netewe.com

## لەوڵاتی دانیمارک دا..

# بێکاری پەنابەرانی تووشی نەخۆشی دەروونی کردووە

لەوڵاتی دانیمارک دا نەخۆشخانەیەکی دەروونی تایبەت بە پەنابەران هەیە کە تێیدا چارەسەری ئەو پەنابەرانە دەکرێت کە بەهۆی بێکاری و بارودۆخی نالەباری ژیانەوە تووشی نەخۆشی دەروونی دەبن.



شیلان یاسین

دانیمارک – هۆلستەبرۆ

نەخۆشخانەی دەروونی پەنابەران، لە دانیمارک لە شاری هۆڵستە برۆیەو ٣ ساڵە دروستکراوە. نەخۆشخانەکە تایبەت بەو پەنابەرانەیە کە تووشی نەخۆشی دەروونی بوون و زۆربەی نەخۆشەکانی ئەو نەخۆشخانەیەش پەنابەری کورد، عەرەب، سۆماڵی و ئەفغانن. ئەو نەخۆشخانەیە ١٤٤ نەخۆشی بەرەگەز بۆسنی، عێراقی و چیچانی، لێ بوو کە بەپێی زانیاری پزیشک ئەو کەسانە بەهۆی بێکارییەوە تووشی نەخۆشی دەروونی بوون. هۆکاری توشبوونەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو کەسانە رەگەزنامەی دانیمارکییان نییە تابتوانن کار بکەن، بۆیە ناتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن و لە شارە گەورەکاندا ژیان بگوزەرێنن.

د.ئەلیاس، پزیشکێکی دەروونی، خەڵکی وڵاتی ئایسلەندایەو بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەیە. ئەلیاس خوێندنی لەدانیمارک تەواو کردووەو خۆی بە دۆستی کورد دەزانێت و میللەتەکەی لەرووی ستەملێکردن و داگیرکارییەوە، بەمیللەتی کورد دەچوێنێت"کاتی خۆی دانیمارک، ئایسلەندای داگیر کرد، ئەویش وەک گەلی کورد زوڵم و داگیرکاری زۆری بینیوەو تووشی نەهامەتی هاتووە". ئەلیاس، ئاشکرایکرد کە یاساکانی دانیمارک کێشە بۆ پەنابەران دروستدەکات.

چونکە حکومەتی دانیمارک زوو زوو یاساکانی تایبەت بە مانەوەی پەنابەران دەگۆڕێت. ئەوەشی بەهۆکارێکی سەرەکی بۆ تووشبوونی پەنابەرانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە بەنەخۆشی دەروونی دانا. ئەو باسی لەوەکرد کە ساڵی رابردوو ١٧١ نەخۆش کە سەربە٢٩ نەتەوەی جیاواز بوون، سەردانی نەخۆشخانەکەیان کردووە. سەبارەت بەئاسانکاری کاروباری پەنابەران، لەسیستەمی تەندروستیدا د.ئەلیاس گوتی:"بەپێی ماددەی ٥٠ لەیاسای کاروباری تەندروستی دانیمارک دا، نەخۆش مافی ئەوەی هەیە کە کەسێکی وەرگێڕی زمانی هەبێت، بۆیە بەبەردەوامی لەو نەخۆشخانەیەدا، وەرگێڕمان هەیەو ئەوەش بۆ نەخۆشخانەکان کارئاسانییە".

هاوکات ئەوەدەخاتەڕوو کەلەو نەخۆشخانەیەدا چەندین نەخۆشی دەروونییان چاک کردووەتەوە. ئەو نەخۆشخانەیە سێ لقی تری لەشارەکانی دانیمارک، هەیە کە جگە لە پێدانی دەرمانی پێویست و رێنمایی، پشکنینی مێشک و دڵ و ماسوولکەشی لێدەکرێت. بەقسەی ئەو پزیشکە نەخۆشی دەروونی کاریگەری لەسەر ئەندامانی جەستەش هەیە، بۆیە هەموو خزمەتگوزارییەکان لەو نەخۆشخانەیەدا دابین کراوە. د. ئەلیاس، دەڵێ

کە زۆربەی ئەو نەخۆشانەی سەردانیان دەکەن، بەهۆی زاڵبوونی کەلتوور و دابونەریت، نەخۆشی دەروونی بە شێتی و عەیبە ناودەبەن و هەست بەشەرمەزاری دەکەن، بەڵام پێویستە ئەوە بزانرێت کە نەخۆشی دەروونیش جۆرێکە لەنەخۆشی کە مرۆڤ تووشی دەبێت. لەبارەی جۆری نەخۆشی دەروونی کە تووشی پەنابەران دەبێت د. ئەلیاس گوتی:"زۆربەیان تووشی نەخۆشی خەمۆکی و گوشاری پاش زەبری دەروونی هاتوون".

د. فریشتە، ژنێکی بە رەگەز کوردەو خەڵکی سلێمانییە. لە وڵاتی سوید ماستەری لەبواری پزیشکی بەشی دەروونی بەدەستهێناوەو لەو نەخۆشخانەیە لەگەڵ پێنج توێژەری دەروونی، پزیشکێکی بواری چارەسەری سروشتی، پزیشکێکی پسپۆری دەروونی کاردەکات.

د. فریشتە بەپێچەوانەی د. ئەلیاس ئاماژەیدا کە حکومەتی دانیمارک جەخت لەکارکردنی پەنابەرەکان دەکاتەوە، بەڵام ئەوان کار ناکەن و دەڵێن توانای کارکردنمان نییەو خۆیان خانەنشین دەکەن، لەماڵەوە دادەنیشن و تووشی بیرکردنەوەی قووڵ دێن. ئەوان لە کوردستان و عێراق بەهۆی ئەو بارودۆخە ناخۆشەی کە پێشتر دووچاریان بووەو

www.nefewe.com


لەگەڵ ئەو دۆخەی کەلە دانیمارک دەیبینن، بیر دەکەنەوەو تووشی خەمۆکی دێن.

بەڕای د.فریشتە، کارنەکردن و بیرکردنەوەی بەردەوام و بیرکردنەوە لە رابردووە، گوشارێکی دەروونی زۆر دەخاتەسەر کەسەکەو تووشی نەخۆشی دەروونی دەکات. هەروەها بەشێکی تریان لە دڵەڕاوکێدان، چونکە مافی پەنابەرییان، بۆ ماوەی ساڵێک پێدراوە. سیستەمی دانیمارک، مافی پەنابەری ساڵانەیەو بەردەوامی نییە، بۆیە پەنابەران ترسی گەڕانەوەیان هەیەو جێگیر نیین و ئەمەش وادەکات پەنابەر تووشی نەخۆشی دەروونی بێت.

د. فریشتە کە وەک پزیشک و وەرگێڕ لەو نەخۆشخانەیە کاردەکات، لەبارەی رێژەی پزیشکە کوردەکان لەدانیمارک گوتی: "لەوڵاتی دانیمارک ١٥١دکتۆری کورد هەیە. زۆربەی ئەو نەخۆشانەش کە روودەکەنە ئێرە جگە لەرێنمایی پێدان دەرمانیشیان پێدەدرێت و چارەسەری خەمۆکی و گوشاری دەروونی تووشبووان دەکرێت".

د. فریشتە، روونیکردەوە کە پزیشکە دانیمارکییەکان سەرنجی ئەوەیانداوە، زۆرترین رێژەی تووشبوان بەنەخۆشی دەروونی، ئەو پەنابەرانەن کە بێکارن، زۆربەشیان دوای وەرگرتنی رەگەزنامەی دانیمارکی، بەماوەیەکی کەم چاکدەبنەوە. هاوکات دانی بەوەدا نا کە زۆرترین ئەو گرفتەی رووبەڕووی پزیشکەکان دەبێتەوە ئەوەیە کە وەرگێڕەکان ناتوانن وەک پێویست گرفتی نەخۆشەکان و نیشانەکانی و شوێنی ئازارەکانیان، بۆ دکتۆرەکان وەرگێڕن. "نەخۆش مافی ئەوەی هەیە کە لەگەڵ کام پزیشک هەست بەئاسوودەیی بکات، ئەو بە پزیشکی خۆی هەڵبژێرێت". پزیشکانی ئەو نەخۆشخانەیە لەگەڵ ئەوەی هیواخوازبوون کە سیستەمی هاوشێوەی نەخۆشخانەکەیان لەهەرێمی کوردستانیش بکرێتەوە، ئاماژەیان بەوەشکرد کەلە دانیمارک ئاستی هۆشیاری تاکەکان هێندە بەرزە کە سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتەش مانگی جارێک لەگەڵ پسپۆڕی دەروونی، دادەنیشێت و گرفتەکانی بۆ باس دەکات.





# کاریگەری ددانکێشان لەسەر نەخۆشییە درێژخایەنەکان

د.شەهێن عەلی ئالانی*

ئەو کەسانەی کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیەو دووچاری ددان ئێشان دێن، لەکاتی ددانکێشاندا دەبێ لەلایەن پزیشکی تایبەتی ددانەوە، ڕەچاوی نەخۆشییەکەیان بکرێت و پزیشکی تایبەتی ددان بەوردی لە نەخۆشییەکانیان بکۆڵێتەوە.

## ددانکێشان و نەخۆشی دڵ

بۆ ئەوکەسانەی کە نەخۆشی دڵیان هەیە، پێویستە پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ددان ئەوە لەبیر نەکات کە نەخۆشی دڵ چەندین جۆری هەیە، بۆیە دەبێ ڕەچاوی بارودۆخی نەخۆش بکرێت.

ئەوانەی کە دڵەکوتێیان هەیە، دەبێ حەبی تایبەتیان پێبدرێت کە حەبی ژێر زمانە. لەکاتی دانیشتن لەسەر کورسی ددانکێشان، نەخۆش دەبێ ئاسوودە بێت. بۆ ئەوانەی کە حەبی ئەسپرینیان هەیە، لەبەرئەوەی حەبەکە ڕێژەی مەیینی خوێن لەلەشدا کەمدەکاتەوە، نەخۆش تووشی خوێنبەربوون دێت. پێویستە دووڕۆژ بەرلە ددانکێشان واز لەخواردنی حەبی ئەسپرین بهێنن. باشتریش وایە ئەو کەسانەی تووشبووی نەخۆشی دڵن لە نۆرینگەی تایبەت کاریان بۆ نەکرێت، بەڵکو لەنەخۆشخانە کاریان بۆ بکرێت، هەروەها ڕەچاوی جۆری بەنجەکەیان بکرێت و حەبی دژی بەکتریاو ئەمپیسیلینیان پێبدرێت.

## نەخۆشی شەکرە

دووجۆر نەخۆشی شەکرە هەیە. بەشێکیان پشت بە دەرزی ئەنسۆلین دەبەستن. بەشەکەیتر بەهۆی حەبەوە کۆنترۆڵی ڕێژەی شەکرەکەی دەکات. بەزۆری ئەوانەی کە بۆ ددانکێشان دێن، ئەگەر شەکرەکەیان کۆنترۆڵ بوو، واتا ڕێژەکەی لە ٦٠ تا ١٢٠ بوو ئەوا ئاساییەو دەتوانرێ کاری بۆ بکرێت. بەڵام ئەگەر ڕێژەی شەکرەکەی زیاتر بوو، ئەوا ڕەوانەی پزیشکی تایبەت بە نەخۆشی شەکرە دەکرێت. بۆ ئەوانەشی کە دەرزی ئەنسۆلین لێدەدەن چاکتر وایە بەیانیان چارەسەری نەخۆشی ددانیان بۆبکرێت. خۆیان ژەمی بەیانی بخۆن و دەرزی ئەنسۆلین لێ بدەن، ئینجا بڕۆنە لای پزیشکی ددان. هەندێکجار نەخۆش، لەبری ئەوەی ڕێژەی شەکرەکەی بەرز بێتەوە کەم دەبێتەوەو ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێت و لەشی سارد دەبێتەوەو زۆر ئارەق دەکات. دەبێ لەو حاڵەتەدا ڕاوێژ بە پزیشک بکرێت و لەحاڵەتەکە ئاگادار بکرێتەوەو چوکلێت یان شیرینییان پێ بدرێت.

بەگشتی ئەوانەی کە نەخۆشی شەکرەیان هەیە، چونکە لەمرۆڤی ئاسایی زیاتر هەست بە نەخۆشی، سووتانەوەی ناو دەم و ئازاری پووک و وشکبوونی دەم دەکەن، کە بەهۆی زۆر میزکردنەوەیە، بۆیە ئەگەری ددان کلۆربوونیان زیاترە. کلۆربوونەکەشی ئاسایی نییە چونکە کلۆربوونەکە تووشی ڕەگی ددان دەبێت.

## گوشاری خوێن

بەشێوەیەکی گشتی، هەموو مرۆڤێک تووشی دڵەڕاوکێ دێت. بەڵام هی ئەوانەی کە نەخۆشی پاڵەپەستۆی خوێنیان هەیە، دڵەڕاوکێیەکەیان زیاترە. بۆیە دەبێ ڕەچاوی نەخۆشییەکەیان بکرێت. بەیانیان سەردانی پزیشکی ددان بکەن. ئەگەر ترسیان زۆر بوو، دەتوانرێت شەوێک پێشتر حەبی تایبەتیان پێبدرێت. ئەو کەسانەی کە گوشاری خوێنیان ئاساییە، دەتوانرێت بەشێوەیەکی باشتر کاریان بۆ بکرێت. ئەو کەسانەی کە گوشاری خوێنیان زۆر بەرزە دەبێ، دکتۆر زیاتر ئاگاداری بارودۆخیان بێت. زۆر لەو نەخۆشانەی کە گوشاری خوێنیان هەیە، بەهۆی ترسەوە بەرزتر یان نزمتر دەبێتەوە، دەبێ لەژێر چاودێری پزیشکدا بن.

* هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لەبواری پزیشکی دەم و ددان.

www.netewe.com

# نەخۆشییە زایەندییەکان چین؟

د. خالس قادر

کۆمەڵێک نەخۆشی درمیین ( واتە بەهۆی میکرۆبەوە— ڤایرۆس، بەکتریا، کەڕوو، مشەخۆر— بەئاسانی مرۆڤ توشی نەخۆشی دەکەن و لەکەسێکەوە بۆ کەسێکیتر دەگوازرێنەوە) کە بەشێوەیەکی سەرەکی بەڕێگەی کاری سێکسییەوە دەگوازرێنەوە. لەوانەیە لەڕێگەی تریشەوە بگوازرێنەوەو مرۆڤ تووشی نەخۆشی بکەن وەک بەڕێگەی خوێنوەرگرتن، دەرزی و سرنجی پیسبوو یان لەدایکەوە بۆ کۆرپە.

## مەترسییەکان:

١- زۆربەی تووشبووان گەنجن

٢- سەرەڕای کێشەی تەندروستی، کێشەگەلی ئابووری، کۆمەڵایەتی و دەروونی گەورەش دروست دەکەن

٣- لەناو کۆمەڵگادا خێرا بڵاودەبنەوە

٤- زۆرجار بێنیشانەن

٥- ئەو نەخۆشییە زایەندییانەی کە چارەسەر ناکرێن مەترسی تووشبوونی نەخۆش بە HIV دەجار پتر دەکەن وەک لەکەسێکی ئاسایی

## جۆری نەخۆشییە زایەندییەکان

●بەکتریایی: وەک سۆزەنەک (گۆنۆریا)، سفلس کلامیدیا

●ڤایرۆسی: وەک ئەیدز، هەوکردنی جگەر جۆری بی، بالووکەی کۆئەندامی زاوزێ (وارت)، هێرپس سمپلکس، جگەر جۆری سی

●جۆریتر وەک ترایکۆمۆنیاسیس.

گرنگترین نیشانەکان

●کێم و دەردراو لەکۆئەندامی میز (نێرینە) وەک گۆنۆریا، کلامیدیا

●کێم و دەردراو لەکۆئەندامی زاوزێ (مێیینە) گۆنۆریا، کلامیدیا ترایکۆمۆنەس، کەڕوو (کاندیدیا)

●سووربوونەوەو برین لە ئەندام

●ژانی بن سک لە (مێیینە)

●ژان و هەڵئاوسانی گون

●کیم و دەردراو لەچاوی منداڵی ساوا گۆنۆریا، کلامیدیا، بەکتریایتر (لەدایکی توشبوو)

## جۆرەکانی بەگوێرەی نیشانەکان

١- کێم و دەردراوی میزەڕۆ لە پیاو: گرگنترین و بڵاوترین نیشانەی نەخۆشییە زایەندییەکانە لەنێرینە دا کەلە ناکاو دەستپێدەکات و چەند رۆژێک دوای کرداری سێکسی (کرداری سێکسی نا دڵنیا) ٢ رۆژ تا٧ رۆژ

لەوانەیە ژان لەکاتی میزکردن یان سووتانەوە یاخود زۆر میزکردنی لەگەڵدا بێت.

هۆکارەکەی: گۆنۆریا ( کێمەکە سەوزی زەردباوە) و کلامیدیا (دەردراوەکە سپییە)

چارەسەر: دەنکی سیرۆدار، سپێکتینۆمایسین دەرزی بۆ گۆنۆریا

تتراسایکلین کەپسول یان ئریرۆمایسین بۆ کلامیدیا

٢- دەردراوی کۆئەندامی زاوزێ (مێیینە ):

●گرنگترین و بڵاوترین نیشانەیە کە لەوانەیە ژانی بن سک و خوران و زیادبوونی خوێنبەربوون (کاتی بێنوێژی) و ژان لەکاتی کرداری سێکسی لەگەڵدابێت.

●هۆکاری سەرەکی: ترایکۆمۆنا، کەڕوو (کاندیدا)، گاردینێلا

●چارەسەر:

●کاندیدیا .. کلۆتریمازۆل

●گۆنۆریا .. سپێکتینۆماسین، گارامایسین

●کلامیدیا ... دوکسیدار، ئریرۆمایسین

٣- برین لە کۆئەندانی زاوزێ

●گرنگترین هۆکار لەهەردوو رەگەز برتینلە: سفلس (ترێپۆنیما) هێرپس سمپلکس، چانکرۆید

●بوونی برین لەکۆئەندامی زاوزێ، ژمارەو قەبارەیان و شوێنیان جیاوازە.

●سفلسی یەکەمی: بەزۆری بێ ژانە، تاکە، زۆر رەق نییە.

●چانکرۆید: ژمارەیان زۆرەو بەئازار و نەرمن.

●چارەسەر:

●سفلس.. دەرزی بێنزاسین پێنسلین، دۆکسیدار، ئرترۆمایسین

●چانکرۆید... سیرۆدار، ئریرۆمایسین

●هێرپس.. ئەسایکلۆڤیر

٤- بالووکەی کۆئەندامی زاوزێ

●یەکێک لە نەخۆشییە زایەندییە زۆر باوەکانە لەهەردوو رەگەز.

●لەزۆربەی حاڵەتەکاندا بێنیشانەیە، بەڵام هەندێکجار ژان و نارەحەتی و خوران و خوینلێهاتنی لەگەڵدا دەبێت.

●بەشێوەی بالووکە یان بەرزبوونەوەیەکی کەمی سەرورپێست دەردەکەوێت.

●ماوەی کرکەوتنی لە ٣ هەفتە تا ٨ مانگ دەبێت.

## ●گواستنەوەی:

بەهۆی بەرکەوتنی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی بوونی دارووشان یان برینی بچووک

●چارەسەر:

بەڕێگەی نەژادی کیمیاوی.. پۆدۆفیلین ٢٠٪.

بەڕێگەی کەوی، کرایۆ، نەشتەرگەری.

خۆپارێزی

–دوورکەوتنەوە لەکرداری سێکسی لە دەرەوەی ژیانی هاوسەری

– بەکارهێنانی کۆندۆم

– هاوسەرەکەشی پێویستە چارەسەر وەربگرێت

– چاودێریکردن و بەدواداچوون بەتایبەتی ئەگەر هەستیکرد دوای چارەسەر نیشانەکانی هەر ماون.

١.سۆزەنک

٢.نەخۆشییەکی زایەندییە، زۆر بڵاوە، ساڵانە سەدان ملیۆن کەس لەجیهان تووشی دەبن.

## ڕێگەی گواستنەوەی:

١- کرداری سێکس لەگەڵ کەسێک کە هەڵگری نەخۆشییەکە بێت.

٢- بەکارهێنانی کەلوپەلی پیسبوو بەمیکرۆبەکە

ماوەی کرکەوتن: لەچەندرۆژێک (٥رۆژ) تا مانگێک یان زیاتر.

نیشانەکان

●ژان یان سووتانەوە لەکاتی میزکردن

●دوای رۆژێک یان زیاتر، دەردانی کێم لە میزەڕۆ

●لەوانەیە پلەی گەرمی لەشی بەرز بێتەوەو ژانەسەری لەگەڵ بێت.

www.netewe.com

# پزیشکی وارڤین و پرسیاری خوێنەران

پرسیار: بەهار عەبدوڵڵا – سلێمانی: ئایا رێژەی خوێنی لەشی مرۆڤ، لەنێوان ژن و پیاودا جیاوازە یان وەک یەکە؟

وەڵام– بەکتریۆلۆجیست سمیر میرخان، دەرچووی کۆلێژی زانست بەشی بایۆلۆجی: رێژەی خوێن لەژن و پیاودا جیاوازە،چونکە رێژەی خڕۆکەی سوور لە پیاواندا زیاترە. بەڵام رێژەی خڕۆکەی سپی، لە ژن و پیاو وەک یەکە. کاری خڕۆکەی سپی، بەرگریی لە لەشە لەکاتی هەبوونی بەکتریاو ڤایرۆس و هەوکردن و نەخۆشیدا.

پرسیار: رێحان سەعید – هەولێر: پێچی سک، تاچەند ئاساییەو هۆکاری چییە؟

وەڵام – پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو دکتۆر عومەر سورچی: پێچکردنی سک ئاساییە، بۆ کرژی و پەستی باری دەروونی کەسەکە دەگەڕێتەوە لەکاتی نارەحەتیدا. چونکە میشک و ریخۆڵە بەدەمارێک پێکەوە پەیوەستن پێیدەگوترێت دەماری (ڤیگەس). بۆیە ئەگەر مێشک پەست بوو، ئەو دەمارە وادەکات جۆرە دەنگێگ لەهەناو و ناو ریخۆڵەدا دروست بێت. یان لەکاتی برسیبووندا کە ئەوحاڵەتە شتێکی فەسلەجییە، یان لەکاتی هەوکردنی ریخۆڵەدا دروستدەبێت.

پرسیار: سولین بەهجەت – دهۆک: نەشتەرگەری جوانکاری و خۆلاوازکردن تەندروستە؟ ئایا لە پاشەڕۆژدا ئەو چەورییە دروست نابێتەوە؟

وەڵام: پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو و دڵ د. یوسف بەهائەدین: ئەو جۆرە نەشتەرگەرییانە بۆ دوو مەبەستی سەرەکی ئەنجامدەدرێت و دەوەستێتەسەر کەسەکە. ئەگەر کەسەکە ویستی شێوازی لەشی بگۆڕێت و باریکی بکاتەوەو چەوری لەشی نەهێڵێت ئەوا باشە، بەڵام پاشەڕۆژ ئەگەر خۆی نەپاراست و بەردەوام بوو لەسەر خۆراکی زۆر و جووڵەی کەم ئەوا قەڵەو دەبێتەوەو کاریگەری دەروونیشی هەیە لەسەر نەخۆش. چارەسەری یەکجارەکی نییە چونکە چەورییەکە دروست دەبێتەوەو کەسەکە دیسان قەڵەو دەبێتەوە. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر کەسێک بیەوێ تا هەتاهەتایە هەر لاواز بێ و قەڵەو نەبێت، ئەوا جۆرێکیتری نەشتەرگەریی هەیە کە وادەکات قـەوارەی گـەدە بچووک بێتەوەو کەمتر خۆراک بچێتەناو گەدە، ئەمەش بە تەسککردنەوەی بەشێک لە گەدە لەرێگەی دانانی ئەلقەیەکەوە ئەنجامدرێت. لەئەنجامدا قـەوارەی گەدە بچووکدەبێتەوە. ئەو جۆرانەی نەشتەرگەری دەبـێ لەلایەن پسپۆڕی زۆر کارامەو لێهاتووەوە ئەنجامبدرێت. چونکە نەشتەرگەرییەکە گەورەیەو کردنەوەی سکەو دەبێ کەسەکە هیچ نەخۆشییەکیتری نەبێت. واتە تەنیا قەڵەوی هەبێت. کەسەکە نابێ بەهیچ شێوەیەک نەخۆشی شەکرەو فشاری خوێن و دڵی هەبێت و بەرگەی نەشتەرگەرییەکەش بگرێت. بەگشتی ئەو نەشتەرگەرییانە زۆر باشن و ئێستاش لەوڵاتانی دەرەوە زۆر باون و خەڵک پێشوازییەکی باشی لێدەکات.

خوێنەری بەڕێز، بۆ وەڵامدانەوەی هەرپرسیارێکی تەندروستی لەسەرجەم بوارەکاندا، دەتوانیت پرسیاری تایبەت بۆ فایلی تەندروستی بنێریت. لەلایەن کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕەوە وەڵامی شیاوت دەست دەکەوێت.

خوێنەرانی بەڕێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن:

ناونیشانی گۆڤار: هەولێر- شاری خەونەکان
0662647813
ئیمێل: SHELAN_YASEN@YAHOO.COM

# منداڵ و ئەتەکێت



کنێر عەبدوڵڵا

ئـەگـەر لـەکـاتـی کـارێـکـتـدا مـنـداڵـەکـەت، هەڵسووکەوتی شیاو نەبوو، پێویستە گرنگی پێبدەی و لێی تووڕە نەبیت، چونکە منداڵ وەک گەورە لێپرسینەوە لە هەڵسووکەوتی ناکرێت.

ئێمە بەردەوام لەبەرامبەر رەفتارێکی هەڵەدا، دەڵێن منداڵانەیە. ئەوە شیاونییە، چونکە هەڵسووکەوتی منداڵ، بۆ شێوازی پەروەردەکردنی دەگەڕێتەوە. ئەگەر شێوازی پەروەردە لە سەرەتاکانی تەمەنەوە، دروست بووبێت ئەوا خۆی لە رێسا گونجاو و ئارەزووەکاندا دەبینێتەوە ( ئەتەکێت) کە لەلایەن خۆیانەوە لەهەر هەڵوێستێک لەهەڵوێستەکانی ژیانیاندا پەیڕەو دەکرێت. وەک گفتوگۆکردن لە تەلەفۆن یان کاتی هاورێیەتیان لەشوێنە گشتییەکاندا.

لەکاتی ئەنجامدانی هەڵوێستە ناشیاوەکانی منداڵێکدا، پێویستە بەمشێوەیە هەوڵی رازیکردنی بدرێت:

※ بـرگـەکـانـی مـنـداڵ بـۆ پـەیـوەنـدییـە تەلەفۆنییەکان: ئەگەر هاتوو سەبارەت پرسێکی گرنگ، بە تەلەفۆن گفتوگۆت لەگەڵ هاورێکەت یان لێپرسراوەکەتدا کرد و هاوکات گوێت لەلاواندنەوەو گریانی منداڵەکەت بوو، دەربارەی ئارەزووی گفتوگۆکردنی لەگەڵ لایەنێکی دیکەدا، ئایا دەگونجێ دەسکی تەلەفۆنەکەی بۆ بەجێبهێڵی بۆ ئەوەی لەجیاتی تۆ گفتوگۆ بکات؟

هیچ منداڵێکی نموونەیی نییە، کەلەو رەفتارە بەدوور بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە چۆن رادەهێنرێ لەسەر رەفتارێک، کەلەو تەمەنەیدا پێویستە رەچاوی بکات، چارەسەری نموونەیی بۆ گەیشتن بەوە ئەوەیە کە:

١. خـواحـافـیـزی لـە هـاورێـکـەت بکەیت و گفتوگۆکەت، لە گەڵیدا دوابخەیت بۆ کاتیکی دیکە کە دوور لە منداڵەکەت، بێت.

بەڵام ئـەوەش تارادەیەک لەگەڵ لێپرسراوی کارەکەتدا سەختە.

٢. چـارەسـەری دووهـەم واز لەمنداڵەکە بهێنە، گفتوگۆ لـەگـەڵ هاورێکەتدا بکە، بەشێوەیەک تاکە تەوەری گفتوگۆکردن، وشەی خواحافیزی "بایبای" بێت.

※ هاورێیەتی منداڵان لەشوێنە گشتییەکاندا:

گونجاو نییە کە منداڵەکەت فێربکەی، بۆ هەر جێگەیەک رۆیشتی لەگەڵ خۆتدا بیانبەیت، ئـەوەش لەپێناوی روونـەدانـی ئـاژاوەدا، بەڵام ئەگەر بارودۆخەکەت ناچاری کردیت، ئـەوا هیچ رێسایەکی دیاریکراو نییە تەنیا سەرنجی بـەردەوام و ئاگادارکردنەوەیان بە هەڵەو راستەکانیان لەکاتی ئەزمووندا. دەرگا داخستن لەسەر منداڵەکەت قەدەغەیە، بەڵکو رووبەڕووبونەوە لەکاتی ئەو هەڵوێستانەدا شارەزایی و فێرکردنیان پێدەبەخشێ، چونکە کرداری فێرکردن ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت، بەدرێژایی ماوەی منداڵی تا گەیشتن بەقۆناغی گەنجێتی، بۆیە تووشی دڵـەراوکـێ مەبە، لەبەرئەوەی دەرفەت لەبەردەم منداڵەکانتدایە، تا فێری رێساکانی ئەتەکێت بن.

KNER_ABDULLAH@YAHOO.COM

www.netewe.com

# چۆن ڕێگا لە هەڵوەرینی قــــژ بگرین؟

**هەڵوەرینی قژ، بریتییە لە ڕووتانەوەو وەرینی تاڵەکانی قژ کە لەڕۆژێکدا زیاتر لەسەد تاڵە موو، هەڵدەوەرێت. شارەزایان جەخت دەکەنەوە کە هەموو جۆرە هەڵوەرینێکی قژ، پێویستی بەوەرگرتنی چارەسەر نییە.**

هەولێر

پسپۆڕی بواری نەخۆشییەکانی پێست، د.سوهام ئامێدی دەڵێ کە هەموو جۆرە هەڵوەرینێکی قژ بە نەخۆشی هەڵوەرینی قژ، هەژمار ناکرێت. ئەگەر لەکاتی شوشتنی قژدا بینرا ژمارەیەکی زۆر تاڵی قژت هەڵدەوەرێت کە ژمارەی لە سەد تاڵە موو زیاترە، واتە لەژمارەی مووە هەڵوەریوە ئاساییەکان تێپەڕیوە، ئەوا بە هەڵوەرینی قژ دادەنرێت و پێویستە هۆکارەکانی دەستنیشان بکرێت. بەڵام ئەگەر لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا پەنجا تا سەد تاڵە موو لە قژ هەڵوەری، ئەوا بە قژ هەڵوەرینی ئاسایی دادەنرێت.

## هۆکارەکان

بەڕای پسپۆڕان هەڵوەرینی قژ، هۆکاری زۆری هەیە و ناتوانرێت بەسادەیی دەستنیشان بکرێت. چونکە چەندین هۆکار هەیە دەبێتە هۆی هەڵوەرینی قژ وەک، گۆڕانی هۆرمۆنەکانی لەش، نەخۆشی ڕژێنی پەریزادەو خواردنی ناتەندروست. هەروەها قژ وەک هەر بەشێکی تری جەستەی مـرۆڤ، پێویستی بەخۆراکە تا جـوان و بریقەدار بێت. بوونی نەخۆشیگەلی شەکرە، کەمخوێنی، کەمی ئاسن، ڕژێنە دەرەقی، دڵەڕاوکێ، هۆکاری هەڵوەرینی قـژن. هەروەها وەرگرتنی دەرمـان بەتایبەت چارەسەری کیمیایی کە بۆ نەخۆشی شێرپەنجە بەکاردێت، زۆر پەستان خستنەسەر قژ وەک، پەستانی لەچک بە توندی بۆ ماوەی دوور و درێژ، یان بەساڵاچوون و تەسریحەی زۆر توند وا دەکات کە قژ هەڵبوەرێت.

## شێوازەکان

لەزانستی پزیشکیدا هەڵوەرینی قژ، بەچەند شێوازێک دەستنیشان کراوە:

١.هەڵوەرینی قژ، لەهەموو بەشەکانی سەر.

٢.هـەڵـوەریـنـی قـژ، لـەیـەک بەشی سـەر کە بەشێوەی کۆمەڵ دێتە دەرەوەو پێیدەگوترێت دەردە ڕێوی.

٣. دوای چـوار مـانـگ، منداڵبوون، کاتێک منداڵ دایک دەناسێت و شیر دەدات، بە کۆرپەلە.

٤.تـووشـبـوون بـەنـەخـۆشی گـرانـەتـا، یان ئەنجامدانی نەشتەرگەری کرانەوەی سک (فتح بگن) و خەمۆکی.

ســازان جـەمـیـل، (٢١) خوێندکاری کۆلێژی





www.netewe.com



# بۆ تەندروستی قژ، پێویستە ئاگاداری جۆری خواردن و ماندوونەکردن و چۆنیەتی بەستنی بەلەچک یان لاستیک بیت

ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین دەڵێ هەڵدەوریێت"ماوەی سێ ساڵە قژم هەڵدەوەرێت و پزیشکیش هۆکارەکەی بۆ دەستنیشان کردووم و پێیگوتووم کە بەهۆی گرانەتاوە قژم هەڵدەوریێت".

قژی مرۆڤ وەک نینۆک بە پاشکۆی پێست دادەنرێت، بەڵام بەهۆی مانەوەی بە پێستەوە گەشە دەکات. لەماددەی کیراتین پێکهاتووەو رەنگەکەشی بەگوێرەی ماددەی میلانین کە لەشەفتی مووی قژەکە هەیە دەگۆڕێت. قژی تەندروست لەقژێکی پتەو و بریسکەدار پێکهاتووە، بەڵام کاتێ گرفتی تێکەوت دەبێتە قژێکی رەنگ تەڵخی تەنک و تاڵەکانی باریک دەبێتەوە. زۆرجاریش تووشی دووسەری دێت یان هەڵدەوەرێت. بۆ تەندروستی قژ، پێویستە ئاگاداری جۆری خواردن و ماندوونەکردن و چۆنیەتی بەستنی بەلەچک یان لاستیک بیت.

ڤالاٰ ئەدهەم (٢٨) دانیشتووی گەڕەکی رووناکی هەولێر دەڵێ ماوەیەکە ژمارەیەکی زۆری موو لە قژی هەڵدەوریێت."سەردانی پزیشکم کرد پێیگوتم، هۆکارەکەی بۆ شیردان بەمنداڵەکەت دەگەرێتەوەو دوای ماوەیەکیتر نامێنێت". نەرمین رەشید، دانیشتووی گەڕەکی برایەتی، بێزاری خۆی دەربڕی لەوەی کەبەردەوام هەڵوەرینی قژی هەیە"لەوەتەی بیرم دێت قژم هەڵدەوەرێت، چەندینجار سەردانی پزیشکم کردووە، هەر دەڵێ قژ هەڵوەرینەکەت ئاساییەو ناتوانین بەنەخۆشی دایبنێین. هیچ دەرمانم بۆ نانووسێت تەنیا دەڵێ، خۆراکت چاک بکە".

قژ زۆرجار بەهۆی بەکارهێنانی بۆیەو زوو گۆڕینی رەنگەکانەوە ماندوو دەبێت. نەرمین لەوبارەیەوە گوتی"من تەنیا خەنە بۆ قژم بەکاردەهێنم و هیچ نەخۆشییەکی جەستەییشم نییە". شنۆ حەکیم، (٢٩) ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی نیشتمان دەڵێ"ماوەی ساڵێکە قژم هەڵدەوەرێت، بەهۆی ئەوەی کە قژم زۆر ماندوو کردبوو خەنەی پێوەبوو، خەنەکەم لاداو بۆیەم کردو لەسەر بۆیەکەشەوە مێشم کرد. بەوهۆیەوە تووشی هەڵوەرینی قژ بووم".

## چۆن قژ هەڵوەرین دەستنیشان دەکەی؟

جگە لەهەڵوەرینی قژ بەهۆی نەخۆشییەکان، پسپۆڕان جەخت لە رۆڵی بۆماوەیی دەکەنەوەو دەڵێن کە کاریگەری بەسەر هەڵوەرینی قژەوە هەیە. ئەگەر کەسێک دایکی تووشی هەڵوەرینی قژ هاتبێت، یان کەسێکیتری نزیکی رەنگە ئەویش تووش بێت. شارەزایانی بواری پێست، ئاماژە بەهەندێ جۆری دەرمان دەکەن کە رەنگە ببێتە هۆی هەڵوەرینی قژ وەک:ڤیتامین ئەی، بۆ لابردنی زیپکەی روخسار بەکاردێت، لەماوەی بەکارهێنانیدا مرۆڤ تووشی قژ هەڵوەرین دەکات، بەڵام دوای وازهێنان لێی قژ هەڵوەرینەکەش نامێنێت. هەروەها دەرمانی قژ بۆیەکردنیش، بەیەکێک لە هۆکارەکانی هەڵوەرینی قژ دادەنرێت، چونکە ماددەی کیمیایی تێدایە.

بۆ چارەسەری قژهەڵوەرین، پێویستە هۆکارەکەی دەستنیشان بکرێت. بۆ نموونە، ئەگەر کەسێک بەهۆی دڵەڕاوکێ تووش بووە، ئەوا دەبێ دەرمانی دژە خەمۆکی پێبدرێت. ئەگەر بەهۆی نەخۆشی شەکرەوە بێت، دەبێ چارەسەری نەخۆشییەکەی بکرێت. هاوکات جۆری خواردن زۆر گرنگە. لەکاتی خواردنی میوەدا، دەبێ هەوڵبدرێ سەوزەو میوەی تازە بخورێت. بۆ راگرتنی تەندروستی قژ، دەبێ پارێز لەخوادەمەنی وەک، شیرنەمەنی، سوێری، چەوری و رۆنی ئاژەڵ بکرێت، چونکە وەک چۆن زیانی بۆ تەندروستی لەش هەیە، ئاواش زیانی بۆ تەندروستی قژ هەیەو تووشی نەخۆشی دەکات. ئەم جۆرە خواردنانە لەش ماندوودەکەن و دەرئەنجام دەبنە هۆی کەمکردنەوەی ڤیتامین بی لە لەشدا کە سەرەکیترین ڤیتامینە بۆ تەندروستی لەش و قژ و نینۆک، چونکە دەبێتە هۆی بایۆتین و پارێزگاری لەهەڵوەرینی قژو تەندروستی نینۆک دەکات.

www.netewe.com



# سپاگێتی ئیتالی لەس

خوێنەرانی خۆشەویست. ئەگەر میوانتان هات پێویست ناکات بیبەنە دەروە بۆ خواردنگە، بەڵکو لەماڵەوە دەتوانن بە سادەترین شێوە خواردنێکی بەتام و چێژی بۆ دروست بکەن. بەشێوەیەک کە تا ماوەیەکی زۆر چێژەکەی لەلا بمێنێتەوەو لەبیری نەچێت.

**پێداویستییەکان:**

سێ کوپ نانی پارچەکراوی وشک بەشێوەی چوارگۆشەی مامناوەند

کۆپێک شیر

قیمەی گۆشت بەپێی ئارەزوو

سێ هێلکە

نیو کوپ پەنیری هاڕدراو

چواریەکی کوپێک کەرەوزی جنراو

خوێ و ئاڵەتی رەش بەپێی ئارەزوو

زەیتی زەیتوون، سپاگێتی

تێبینی: دەتوانرێت بە ئارەزوو گۆڕانگاری لەم خواردنەدا بکرێ. وەک زیادکردنی مێوژ یان پیاز یان توێکڵی لیمۆ بۆ ناو گۆشتەکە لەکاتی کوڵان دا. ئەگەر مێوژت تێکەڵ کرد پیازی تێمەکە. چونکە ئەو دووە دژی یەکن و تامیان جیاوازە.

**چۆنیەتی دروستکردن:**

یەکەم: نانەکە بکەرە قاپێکەوەو شیری تێ



# ـــەر شێوازی ئەمریکی

www.retewe.com

بکە لە قاپێکی تر دا قیمەو هێلکەو پەنیرو کەرەوزەکە تێکەڵکە، بەڵام ئاگاداربە نەبێ بە هەویر

نانەکە بەدەست بگوشە، بەشێوەیەک کە کەمێک شیری پێوە بمێنێ، پاشان تێکەڵی قاپەکەی تری بکە

خوێ و ئاڵەتی رەشیان تێبکە بەشێوەیەک نەبن بە هەویر

زەیتی زەیتوونەکە گەرم بکە، دەستەکانت بەکاربهێنە بۆ دروستکردنی چەند تۆپەڵە گۆشتێک لە شێوەی تۆپی بچووک

ئەم تۆپەڵە گۆشتانە بخەرە ناو زەیتی زەیتوونەکەو جارجار ئەمدیو ئەودیوی بکە تا سوور دەبێتەوە (ماوەی ١٠ خولەک لەسەر ئاگر بێت)

دوای دەرهێنانی گۆشتەکە بە کلینێکس تۆزێ رۆنەکەی لێ بکەرەوە باچەور نەبێت

دەتوانی ئەم پێکهاتەیە لەگەڵ دۆشاوی تەماتە تێکەڵ بکەیت و پاشان بیکەی بەسەر سپاگێتییەکەدا

# ŞEMO



www.netewe.com

وێنەکان: وارڤین

# ئەیام ئەکرەم (شەمۆ):

## دڵسۆز ماوەتی دەبڵی ئۆتۆمبیلەکەی شکاند

لەسەر مێزەکەی دانیشتبوو، یەکراست گوتی ئای شەمۆ ئەگەر قەڵەو بوای نانت دەبڕاو کاری کۆمیدیت پێنەدەکرا، کەسیش نەیدەناسیت تا دیمانەت لەگەڵ بکات. شەمۆ، دان بەوە دا دەنێت کە دووجار رەفزی لەکچانی هەولێری و موسڵاوی وەرگرتووە.

شەمۆ، ئەسمەرێکی باریکەلانەیە، رووخۆشەو هەمیشە پێدەکەنێت. زۆر بە راشکاوی قسە دەکات، وێڕای دەربڕینی خۆشەویستی خۆی بۆ هونەر، بەسەرچاوەی بژێوی ژیانیشی دەزانێت و دەڵێ:"بەهۆی نواندنەوە، دەوڵەمەند بووم". ئەو لە نەوەدەکانەوە دەستی بەکاری نواندن کردووەو پەیمانگای هونەرەجوانەکانی موسڵی تەواوکردووە. وەک گوتی، ماوەیەک کاری مامۆستایەتی کردووەو دواتر پلەی یەکەمی لەبەشی شانۆ، وەرگرتووە. ناوی راستەقینەی شەمۆ ئەیامە، بەڵام لەناوخەڵکیدا بە "شەمۆ" ناسراوە. ئەو دەڵێ:"سەدا نەوەدونۆ و نیوی خەڵک، بەشەمۆ بانگم دەکەن. هەندێ کەسیش نازانن ناوم ئەیامە، شەرم دەکەن پێمبڵێن شەمۆ، دەڵێن کاک شەمسەدین، منیش تێر پێدەکەنم".

ئەو نازناوەش بۆ بەشداریکردنی لەفیلمێک دەگەڕێنێتەوە کە ئەیام، لەو فیلمەدا ناوی شەمۆ بووە. سەبارەت بەهەڵبژاردنی کارەکتەری کۆمیدی، ئەیام، دەڵێت:"کاریگەری هونەرمەندی گەورەی کۆمیدی، عەلی فەندی، بەسەرمەوەبوو. بەرلەوەی بچمە پەیمانگە زۆر سەیری دراما کۆمیدیەکانی، شەمسەو زێڕین، عەلی فەندیم دەکرد، لەناخەوە ئارەزووم دەکرد ببمە ئەکتەرێکی کۆمیدی".

کەوەکانی قەرەچوغ، یەکەم کاری ئەیامە کە رۆڵی پۆلیسێکی هەبوو و سمێڵەکانی وەک، سمێڵی گەورە ئەکتەری کۆمیدی چارلی چاپلن، بوو. ئەوەش ئەوە دەردەخات کە ئەیام، بە گەورە ئەکتەرانی کۆمیدی سەرسامەو هیوا دەخوازێت کە بگاتە ئەو ئاستە".

شەمۆ، لەژیانی هونەری خۆیدا، خاوەنی ٤٠ فیلم و ٤٩ شانۆگەرییە، ئەمەش جگە لەبەرنامەو دراماکانی. بەبڕوای خۆی، لەشانۆدا سەرکەوتووترە وەک ئەوەی لەفیلمدا، ئەوەش ئاشکرا دەکات کە خۆشی دەزانێت، لەهەندێ فیلمدا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام ئامانجی بەشداریکردنی، لایەنە مادییەکەیەو دابینکردنی بژێوی ژیانییەتی. دەڵێ:"لەسفرەوە دەستم پێکرد، ئێستا خاوەن ئۆتۆمبیل و خانووم". ماوەی ساڵێکە ئەیام، بەشداری لەفیلمەکانی بازاڕدا ناکات، هۆکاری ئەوەش بۆ باشبوونی باری دارایی خۆی دەگەڕێنێتەوە"لایەنی ماددیم زۆرباش بووە، حەز ناکەم ببم بەپیاوێکی ملیۆنێر ئەوەندە بەسە کە هەمە". بەڕای زۆر کەس ئەیام، لەبەشداریکردن لەفیلمی "شەوی زاوایی"دا پەشیمانە، بەڵام ئەو رەتی



دەکاتەوە"لەبەشداریکردن لەو فیلمەدا هیچ پەشیمان نیم، ئەو بیرۆکەیە بەڕاستی لەو هۆتێلە روویدابوو، کە دوو بووک، ژن بەژنیان پێکرابوو، بوکێکیان ئەو شەوە بەزاوا، رازی نابێت و لەپەنجەرەوە خۆی فڕێدەدات و هەردوو قاچی دەشکێت".

ئەو روخسارێکی کۆمیدی هەیە، بەڵام خۆی واهەست ناکات کە زۆر کۆمیدی بێت. ئەگەر بۆ ژیانی منداڵیشی بگەڕێینەوە دەڵێ:"منداڵێکی لاسارو بزۆک بووم، حەزم لەسواری پایسکیل بوو و چەندجارێکیش لەسەر پایسکل بەربوومەتەوەو بەو هۆیەوە دەستوپێم شکاوە. هەروەها شەڕی زۆرم کردووەو هەمیشە لەمنداڵەکانترم دەدا". ناوبانگ پەیداکردن، یەکێک لە ئامانجی هونەرمەندانە، بەڵام ئەو دەڵێ"لەگەڵ ئەوەی خەڵک زۆر رێزم دەگرێت، هەستدەکەم ئازادیم نەماوە. خەڵکێکی زۆر داوای وێنەگرتنم لێدەکەن، لەجیاتی ئەوەی خۆشحاڵبم، بێزاربووم".

ئەیام، دەڵێ کە لەژیانی تایبەتی خۆیدا ١جار خۆشەویستی کردووەو ٢جار رەفزی وەرگرتووە، جارێک لەهەولێرو جارێکیش لەموسڵ، بەڵام ئێستا ژیانی هاوسەری پێکهێناوە"لەگەڵ هاوسەرەکەمدا، وەک دوو هاوڕێین". زۆرکەس ئاماژە بەوە دەکەن کەلە کاتی تەنیاییدا، خۆیان بەخوێندنەوەوە سەرقاڵ دەکەن، بەڵام ئەیام، بەپێچەوانەوە"سپلیتێکم بەرامبەر خۆم داناوە کە تەنیا بووم یەکسەر دەخەوم". ئەو کەسێکی لاوازە، ئەوەش بەچانسێکی باش بۆ خۆی دادەنێت، چونکە بەڕای ئەو ئەگەر قەڵەو بوایە، نەیدەتوانی کاری نواندن بکات، بەتایبەت کاری کۆمیدی"ئەگەر قەڵەو بومایە، نانم دەبڕا".

ئەو، یادگارییەکی خۆش لەگەڵ فیلمی (تۆ بڵێی وابێ) دەگێڕێتەوە"پێشتر بۆ فیلم بەشەو کارمان نەکردبوو، بۆیە کاتی کارکردن لەفیلمی تۆ بڵێی وابێ، جاری وا هەبوو بەپێوە خەومان لێدەکەوت، بۆیە ئەوەندە پێدەکەنین دەکەوتینە سەر زەوی".

ئەیام، سەفەری دەرەوەی وڵاتی نەکردووە، تەنیا جارێک بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی سەردانی ئێرانی کردووەو دەڵێ من لەکوێ و سەفەر لەکوێ". سەبارەت بەپەیوەندی لەگەڵ هونەرمەند دڵسۆز ماوەتی، گوتی، کەسێکی زۆر دڵساف و بەتەحەمولە، بەو کێشە زۆرەوە لەکاتی دەرهێناندا بەرگەی سەرماو گەرما دەکات. گووتیشی"جارێک لەگەڵ خۆم سواری ئۆتۆمبیلم کرد، کەچی دەبڵەکەی شکا، بۆیە جارێکیتر نەموێرا سواری ئۆتۆمبیلی بکەمەوە".

**رۆشنە عومەر**



www.netewe.com

## ئەڤین بەیاز بۆ وارڤین:

# سەرتاپام ئەڤینە



دیلار سەولەدار

**هونەرمەندی دەنگخۆش ئەڤین بەیاز کە بە ئەلبۆمی "ئەز ژ تە حەز دکەم" خۆی بەلایەنگرانی ناساندەوە لەهەڤپەیڤینێک دا لەگەڵ وارڤین رایگەیاند کە پێشتر ناوی ئەڤین بووەو دواتر بووەتە نەورۆز. ئەو گوتی: "لەبەرئەوەی شەوی نەورۆز لەدایکبووم و نەورۆزیش زۆر بەباشی کورد دەناسێنێت، ویستم ناوم نەورۆز بێت. لەوەی کە ناوی ئەڤینیان لێ نابووم تووڕەبووم. بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە ناوێکی راستەقینەیان لێناوم، چونکە سەرتاپام ئەڤینە".**

ئامەد

وارڤین: بنەماڵەی تۆ لە بەدلیسەوە چوونەتە ئەستەنبوڵ. چیرۆکی ئاوارەیی بنەماڵەکەتان چۆن بوو؟

ئەڤین بەیاز: باوکم یەکێک لەو کەسانە بوو کەلە دژوارترین و ناخۆشترین چرکەساتەکانی تورکیادا کە کوردبوون قەدەغە بوو، ناوی کوردی لەمنداڵەکانی نا. رێگەیان نەدا ناوی خوشکەکەم بە کوردی بێت. لەبەرئەوەش باوکم سکاڵای تۆمار کرد و دۆسیەکەی ساڵێک بەردەوام بوو. لەئەنجامدا باوکم داواکەی بردەوەو ناوی کچەکەی نا زۆزان. راگەیاندنی ئەوکات گرنگییەکی زۆریان بەو بابەتە دا. من ئەوکات هێشتا ٥ ساڵان بووم. نیوەشەو پۆلیس هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەمان. پۆلیس هەموو شتێکیان پشکنی و شێواندیان و جنێوی خراپیان بە دایک و باوکم داو باوکمیان لەگەڵ خۆیان برد. دایکم شەو و رۆژ دەگریا. مام و مامۆژنم و منداڵەکانیان بەپەلە چوونە دەرەوەی وڵات. لەبەر ئەوەی پوورم لە سینەمای بەدلیس بە کوردی گۆرانی گوتبوو، زۆر کەس دەستگیر کران. ئەو شتانەی کە بەبیرم بێنەوە ئەوانەن: پۆلیس هەمیشە هەڵیاندەکوتایە سەر ماڵمان و پەنجەکانی باوکم لەژێر ئەشکەنجەدا سەقەت ببوون. کورت و کورمانجی وازیان لێنەدەهێناین. لەبەرئەوەش ئێمە ناچاربووین بەدلیس بەجێبێڵین. باش ئەو رۆژەم بەبیردێتەوە کە بەدلیسمان بەجێهێشت باران دەباری. لۆرییەک هات و هەموو شتەکانی ناو ماڵمانی بار کرد و روومان لە ئەستەنبوڵ کرد. من ئەوکات ٧ ساڵان بووم. تا هاتیشمە ئەستەنبوڵ عەقڵم ئەو رووداوانەی نەدەبڕی و لێیان نەدەگەیشتم.

وارڤین: لەئەستەنبوڵ چ دیمەنێکت بینی؟

ئەڤین بەیاز: کاتێک چوومە ئەستەنبوڵ منداڵان پێیاندەگوتم "تۆ کوردی" و گاڵتەیان پێدەکردم. من تا ئەوکات مانای کوردبوون و تورکبوونم نەدەزانی. ئەو نزیکبوونەوەی ئەوان زۆر نارەحەتی کردم. ئەوکات یەکەمجاربوو لەبەر کوردبوون ئازارم دەبینی. هەموو بنەماڵە کوردەکان و چەندکەسێکیش لە بنەماڵەی ئێمە دەستگیر و ئەشکەنجە کران و گیانیان لەدەست دا. ئەو رووداوانەش زۆر ئازاریان دەدام و هەمیشە دڵمیان دەسووتاند.

وارڤین: ئەو رەوشە لەباری دەروونییەوە کاریگەری لەسەرت هەبوو؟

ئەڤین بەیاز: زۆر تووڕەبووم و هەستی نەتەوەپەرستی لە مندا دروست کرد. ئەوەندە تووڕەبووم کە لە ١٢ ساڵیدا دەمویست بچمە سەر چیاو ببمە شەڕڤان. چونکە ئەو تووڕەییەی دڵم هەرگیز تەواو نەدەبوو. هەرچی کاتیش تێپەڕ دەبوو زیاتر دڵم دەئێشا. باش بوو کە موزیک هاتەنێو ژیانم ئەگەرنا بەو تووڕەییەوە رەنگە زۆر هەڵەی گەورەم کردبایە.

وارڤین: لە وتووێژێکدا گوتووتە "من کوردبوون و ئازاری کوردبوونم لە ئەستەنبوڵ ناسی". مەبەستت چییە. دەتوانی روونی بکەیتەوە؟

ئەڤین بەیاز: کاتێک هاتمە ئەستەنبوڵ، لەگەڵ هەندێک تورکدا بوومە برادەر. پاش ماوەیەک ئەو برادەرانە وشەگەلی وەک: "کوردی پیس، دایکم نایەوێ لەگەڵت قسە بکات" یان بەکاردەهێنا.

www.netewe.com



کاتێک چوومە ئەستەنبوڵ منداڵان
پێیاندەگوتم "تۆ کوردی" و گاڵتەیان پێدەکردم
من تا ئەوکات مانای کوردبوونم
نەدەزانی

www.netewe.com





تا ئەوکات نەمزانیبوو کە کوردم. هەرچەندەم لەدایکم دەپرسی، دایکم سەری دادەخست و وەڵامی نەدەدامەوە. باوکم هەرگیز دەنگی نەدەکرد و خەریکی کاری خۆی بوو. ئەوەی زۆر بەلامەوە زەحمەت بوو ئەوە بوو: مامۆستایەک کە من خۆشمدەویست، ئەویش هەمان قسەی پێگوتم. ئیتر دڵم دەئێشاو تووڕەییەکەم زیاتر دەبوو. ئەستەنبوڵ تێیدەگەیاندم کە من کێم، بەڵام باوک و دایکم هێشتا بێدەنگ بوون. ئەستەنبوڵ خەریک بوو دەیکوشتم و کەسیش هیچی بۆ روون نەدەکردمەوە.

وارڤین: لە منداڵیدا کوردیت دەزانی؟

ئەڤین بەیاز: سەرەڕای ئەوەی بنەماڵەکەم وڵاتپارێزبوون و هەمیشەش لەناو کورد دا بووم، بەڵام کەس بە کوردی قسەی نەدەکرد. ئەو کەسانەی کەلە تورکیا بەشێوەی قانوونی و ناقانوونی کاری کوردایەتییان دەکرد، رێبەرەکانیان و رۆشنبیرەکانیشیان بە تورکی قسەیان دەکرد. ئەوەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر گەل دەکرد. هەر کوردێک کە دەستی بە سیاسەت دەکرد یەکڕاست دەستی بە قسەکردن بە تورکی دەکرد. منیش لەناو ئەو تەڤگەڕەدا گەورەبووم. گوێم هەندێک فێری دەنگی کوردی باپیر و داپیرم ببوو. من تێدەگەیشتم، بەڵام نەمدەتوانی ئەوەی دەمەوێت دەرییبڕم.

کاتێک چوومە قوتابخانە، ئیتر رۆژانە زمانم بەتەواوەتی بووە تورکی، من کوردییەکەشم لەبیرکردبوو. بەڵام دواتر لەبەرئەوەی لەگەڵ موزیکی کوردیدا تێکەڵ بووم و هەرچی کات دەڕۆیشت کوردییەکەم پێشدەکەوت و تووڕەییەکەشم بە موزیک دەتوایەوە. تەنیا موزیک دەیتوانی تووڕەیی دڵەکەم دامرکێنێت. من دەستم بە وانەی کوردی کرد. بەڵام هێشتا تائێستاش بەباشی کوردی نازانم.

وارڤین: تۆ لەکۆڕاڵی منداڵانی ناوەندی چاند و هونەری مێزۆپۆتامیا دا بەشداریت کردووە. چۆن بوو بەشداریت کرد. ئەو رۆژانە چۆن بوون؟

ئەڤین بەیاز: هێشتا ١٠-١٢ ساڵان بووم کەلە شایی کوردی و داوەتەکاندا چوومە سەر شانۆ. لەشاییەکدا کۆڕاڵی ناوەندی چاندو هونەری مێزۆپۆتامیام ناسی. ٤ ساڵ لەگەڵیان بووم لە چەندین وڵات کۆنسێرتمان ساز کرد و ٢ ئەلبۆمیشمان دەرکرد.

وارڤین: دەکرێ چیرۆکی گۆڕینی ناوی خۆتمان بۆ باس بکەی. ئەڤین چۆن بوو بە نەورۆز؟

ئەڤین بەیاز: ناوی راستەقینەی من لە ناسنامەدا (ئەڤین)ە. تەمەنم ١٠ ساڵان بوو کە چوومە سەر شانۆ. لەبەرئەوەی ناوی ئەڤین لە تورکیشدا هەبوو، من کەیفم پێنەدەهات.

من دەمویست نە ناوم و نە فۆرم و روخسارم و نە هیچ شتێکم لە تورک نەچێت. چونکە لەشەوی نەورۆزدا لەدایکببووم و نەورۆزیش زۆر باش کورد دەناسێنێت، ویستم ناوم نەورۆز بێت. ئەو ویستەی من زیاتر لەبەر رق بوو. پاشان بۆم دەرکەوت کە ناوێکی راستەقینەیان لە من ناوە، لەبەرئەوەی من لەسەرەوە تا بن ئەڤینم.

وارڤین: تۆ حەسوودی یان نا؟

ئەڤین بەیاز: لەمنداڵیدا تۆزێک حەسوود بووم. من زۆر کوردم خۆشدەویست و دەمویست کوردیش زیاتر لەهەر کەسێک منیان خۆشبوێت. من نەمدەتوانی کورد لەگەڵ هیچ کەسێکدا بەش بکەم. کورد لەگەڵ کەموکورتییەکانیشدا بۆ من مانای ئەڤین دەگەیەنێت. لەمنداڵییەوە تائێستا گەلی خۆمم خۆشدەوێت و شانازیشی پێوەدەکەم و خۆشحاڵم.

وارڤین: کەی بۆ یەکەمجار دەستت بە هونەر کرد؟

ئەڤین بەیاز: تەمەنم ١٠ ساڵان بوو کە دەچوومە سەر شانۆ. لە کۆڕاڵی منداڵانیشدا کارم کردووە. پاشان کۆنسێرڤاتۆر و موزیک دەستی پێکرد و لەگەڵ ئەوەدا کەوتمە ناو هونەر. ٦ مانگ لەمەوپێشیش ئەلبۆمی "ژ تە حەز دکەم" م دەرکرد.

www.netewe.com

# ئەڤین بەیاز





وارڤین: کە بۆ جاری یەکەم چوویتە سەر شانۆ هەستت بەچی کرد؟

ئەڤین بەیاز: یەکەمجار ١٠ سالأن بووم کەلە داوەتێکدا چوومە سەر شانۆ. لەبەر قەرەباڵغی و جۆشی داوەتەکە سەرم بەر مایکرۆفۆنەکە کەوت و مایکرۆفۆنەکە کەوتە خوار. تەمبورژەنەکە ویستی بیگرێتەوە، ئەویش لەگەڵی کەوتە خوار. ئەو شەوە زۆر پێکەنیم و لەبەر پێکەنین نەمتوانی گۆرانی بێژم. ئێستاش کاتێک ئەو دیمەنەم بەبیردێتەوە پێدەکەنم.

وارڤین: نێوانت لەگەڵ گۆرانیبێژان چۆنە. حەزت لەدەنگی کامیانە؟

ئەڤین بەیاز: بەڕای من مەرجی بنچینەیی فێربوون و ئافراندنی موزیک دەنگبێژییە. دەبێ مرۆڤ گوێ لەدەنگبێژان بگرێت و بەباشی لەو هونەرە تێبگات. لەبەرئەوەش دەنگبێژی بۆ من زۆر تایبەتەو گوێی لێدەگرم.

وارڤین: زیاتر حەزت لەدەنگی کام دەنگبێژە؟

ئەڤین بەیاز: شاکیرۆ...

وارڤین: موزیکی پۆپ لەناو کورد دا زۆر نەناسراوە. کاتێک ئەو هونەرەت هەڵبژارد تۆ نەدەترسای. بیرت لێ نەکردەوە، نەتدەگوت کە رەنگە کورد حەزیان لێ نەبێت؟

ئەڤین بەیاز: لەمنداڵیدا زۆر حەزم لە مایکڵ جاکسۆن دەکرد، زۆر پێی سەرسام بووم. من دەمویست وەک ئەو برەقسم، بەڵام بە کوردی گۆرانی بڵێم. من لاسایی هونەرمەندی پۆپی تورکی سەزان ئەکسۆم دەکردەوە. بەڵام لەگەڵ گۆرانییەکانی شڤان پەرەوەر، گەورە بووم و زۆریش کەیفم پێدەهات. من دەمگوت چی دەبێ با ببێ، دەبێ هونەرەکەم کوردی بێت. ئەلبۆمی "ژ تە حەز دکەم" ١٠ گۆرانی کوردی تێدایە. ئەڵبەت ئەوەندەی ئەو کەسانەی حەزیان لەدەنگی منە، کەسانێکیش هەن کە حەزیان لێ نەبێت. با موزیکی رۆک، هیپ هۆپ، جاز و پۆپیش لەناو کورد دا هەبێت، ئەوە دەوڵەمەندییە. بەڵام با هەموویان بە کوردی بن. گرنگترین شت لەلای من کوردایەتی و کوردبوونە.

وارڤین: دەتەوێ لەهەرێمی کوردستان کۆنسێرت ساز بکەی؟

ئەڤین بەیاز: چۆن نامەوێ؟ ئەگەر لەوێ پێشنیاز بۆ کۆنسێرت هەبێت بەدڵخۆشییەوە قبووڵی دەکەم. چەندجاران هەوڵی وەها دراوە، بەڵام من نەمویستووە بچمە ناو رێکخستنێکی ئاماتۆرەوە. چونکە من دەمەوێ بەشێوەیەکی زۆر باش دەردی خۆم بە گەلەکەم بڵێم. ئەگەر نەتوانم زۆر بەباشی خۆم پێشکەش بکەم، ئەوکات هیچ واتایەکی نابێت. پاش ئەلبۆمەکەم لە زۆر شوێنەوە پێشنیازم بۆ کرا، بەڵام لەهیچ شوێنێک نەچوومە سەر شانۆ. دوایینجار لە ١٤.ی نیساندا لە ئەستەنبوڵ لەگەڵ گرووپەکەی خۆمدا کۆنسێرتێکمان دا. جاری یەکەم بوو کە کورد لەشوێنێکی وەهادا گوێیان لە کوردی دەگرت. نەتەوەیەک کە بە ئەدەبیات و هونەری خۆی هەیە. لەبەرئەوەش دەبێ گرنگییەکی زۆر بدەنە هونەرمەندان. دەبێ ئامادەکاری باش بۆ هونەرمەندان بکرێت.

وارڤین: پێتخۆشە لە کوردستان بژی؟

ئەڤین بەیاز: بەڵێ، بەدڵنیاییەوە.

وارڤین: زیاتر لە کام شار؟

ئەڤین بەیاز: ئامەد یان تاتوان.

وارڤین: رات سەبارەت بە پێگەی کورد لەداهاتوودا چییە؟

ئەڤین بەیاز: دەمەوێت پێگەیەکی وایان هەبێت کە بتوانن ئازاد بژین. بەهەموو شێوەیەک لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا یەکسان بێت. دەبێ کورد و گەلێکی دیکە وەک یەک خۆدان ماف بن.

وارڤین: ئەڤین هەڵگری کام یەک لەم چوارچێوانەیە؟

ئەڤین بەیاز: لەراستیدا من هەرگیز خۆم نەخستووەتە ئەم چوارچێوانەوە. مرۆڤبوون گەورەترین هونەرە.

### ئەڤین بەیاز کێیە؟

لەساڵی ١٩٨١ لە بەدلیس چاوی بەدونیادا هەڵهێناوە. لەسەرەتاییەوە تا زانکۆ تەواوی قۆناغەکانی خوێندنی لە ئەستەنبوڵ بڕیوە. لەزانکۆ بەشی موزیکی تەواو کردووە.

www.netewe.com

# کوردناسان و ژنی کورد



کابان عەبدولکریم

یەک لەسەرچاوە هەرە گرنگەکانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد ئەو نووسینانەیە کە گەریدەو و رۆژهەڵاتناسانی ئەورووپی لەسەر کوردیان نووسیووە، بۆیە ئەو زانیارانەی کە لەو نوسراوانەدا هاتووە، بایەخێکی گرنگیان هەیە بۆ هەر توێژەرێک کە بیەوێ لێکۆڵینەوە لەبارودۆخی کومەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و سیاسی کوردستان بکات. یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی کە کوردناسان لەبارەیانەوە نووسیوە رەوش و رۆڵی ژنیی کوردە لە کۆمەڵگادا.

یەک لەو کوردناسە بەناوبانگانە (هینی)بوو کەلە کاتی گەیشتنی بۆ کوردستان دەڵێ، بەداخەوە ئافرەتی کورد نازانێ بخوێنێ و بنووسێ و باس دەکات دەڵێ من زۆربەی گوند و لادێکانی کوردستانم بەسەرکردووەتەوە، بەڵام فوتابخانەیان تێدا نەبووە. زۆرجار لەلایەنی سیاسییەوە ئافرەتی کورد شانبەشانی پیاوان بەشداری شەڕی کردووە. گەڕیدە (مەریللاگایتی) و (هانشن) ئاماژەیان کردووە کە ژنی کورد بەردەوام وەک پیاوان لە شەڕ و جەنگدا بەشداریان کردووە. ئەوەندە ئافرەتەکان بەجەرگبوونە لەکاتی شەڕ تەنیا بەجلەکانیان لە پیاوان جیاکراونەتەوە. کوردناسی بەناوبانگ (تومابوا) دەڵێ زۆربەی جار ئافرەتی کورد بەجوانی و زیرەکی باسکراوەو زۆرجار بەلێهاتوویی سەرکردایەتی خێڵ و عەشیرەتی کردووە کە جێی سەرنجی کوردناسەکان بووە بەتایبەتی کە ئەو ئافرەتانە لەکاتی دەسەڵاتدارییان بە لێوەشاوەیی و ئاگاداری مامەڵەیان لەگەڵ دەوروپشتی خێلەکانیان کردووە.

لە بارەی تێکەڵاوی کومەڵایەتی، کوردناسەکان سەرسامی خۆیان لەم لایەنە دەربڕیوە. بەهۆی ئەوەی کە ژنی کورد زۆر بەدلێکی فراوان و ئاستێکی بەرزەوە توانای تێکەڵاوبوونی کومەڵایەتی هەیە، جیا لەهەموو ئافرەتەکانی جیهان بەتایبەتی کاتێ کە دەچیتەسەر(کانی و سەرچاوەکان) دەبینی کە ژنان لەسەر کانی و سەرچاوەی گوند کۆبوونەتەوەو کارەکانیان رادەپەڕێنن و دەبنە هاوڕێی یەکتری و یارمەتی یەکتر دەدەن.

گەڕیدەی ئینگلیزی (ریچ) دەڵێ، کاتێ کە سەردانی ناوچە کوردییەکانم دەکرد دەمڕوانییە ژنی کورد، زۆر بەگەرمی بەخێر هاتنیان دەکرم و وەڵامی پرسیارەکانمیان دەداوە. لێرە گەڕیدە (ئەدموندز) لەگەڵ (ریچ) هاوڕایە لەسەر ئەوەی کە ئافرەتی کورد لەمەجلیسدا لەگەڵ پیاوەکانیان دادەنیشن و بەشداری قسەکانیان دەکرد و زۆر بەدڵێکی پاک و روونەوە هەڵسووکەوتیان دەکرد.

کوردناس (روبورت بورتەر) باس لەوەدەکات کە چون بۆ خۆی چەند شوێن و ناوچەی گەڕاوە، بەڵام هەر لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ کورد وەک فارس و تورک نین.. شک و گومان ناخەنە سەر ئافرەتەکانیان. ئەم گوتەیەش بەڵگەیە لەسەر نموونەی پیاوەتی کورد و پاکی ژنی کورد.

سەبارەت بەجلی کوردی (ریچ) دەڵێ، ئەوەی سەرنجی راکێشام جلی کوردی ژنانە بوو. جلی کوردی زۆر بەوردی لە گەشتنامەکەیدا باس کراوە"جلەکانیان ئەوەندە جوان و داپۆشراو بووە کە هیچ ئەندامێکی لەشیان دیارنەبووە بەتایبەتی کە ئەو هەموو زێڕ و خشلەیان بەخۆیان وەکردوو و گرنگییان بەخود داوە".

هانس گەڕیدە دەڵێ، ئەوەندە حەزم لێبووە جلی کوردی لەبەر بکەم و وەک ئافرەتە کوردەکان و بەڕاستیش لەبەرم کرد و ئەگەر بمانەوێ زیاتر شارەزای بۆچوونی خاتوو هانیس بین لەبارەی ئافرەتی کورد ئەوا هەردوو کتێبەکەی (کچانی کورد وەرگێڕانی ناجی عباس،بەغدا ١٩٨٠) و کتێبی (ژیانی ئافرەتی کورد، وەرگێڕانی عزیز گەردی، بەغدا ١٩٨٣) دوو سەرچاوەی هەرە گرنگی تێڕوانینی کورد لەبارەی ئافرەتی کورد.

خۆڕەوشت و دڵئاوایی ژنانی کورد سەرنجی کوردناسێکی وەک (باسیل نیکیتین)ی راکێشاوە ئەمە لەکاتێکدا کە پەسنی ئازادی ئافرەتی کورد دەکات و دەڵێ:"میوان بەخێردەهێنن و تاپیاوانیان دەگەڕێنەوە بەرێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن. کورد فێرنین رێ لەئازادی ژنەکانیان بگرن. چونکە وێرای جوانی، سەرنجڕاکێش و داوێنپاک و رەوشتبەرزن. لەشفرۆشی لەناو کوردان‌دا نییە بەڵکو زۆر لەخراپەکاری و بەدخوویی کەلە رۆژهەڵاتدا بڵاون لەناو کوردان هەر بوونی نییە. ئافرەتی کورد خودان کەسایەتی خۆیەتی و گەر بۆی هەڵکەوتبێت سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی خێڵ و ناوچەکانی گرتووەتە ئەستۆ.

بەگشتی دەکرێت بڵێین ژنی کورد هەمیشە وێنەیەکی جوانی پێشکەش بە گەڕیدەو بیانیان کردووەو نموونەی پێشکەوتن و کارایی خێزانداری و میواننەوازی بووە.

***مامۆستای زانکۆ**

www.netewe.com



## کاری ئێستات و پێناسەیەکی کورتی:

پەیامنێرم لەکەناڵی ئاسمانی کوردستانتیڤی.

## چۆن بوو کاری بێژەریت هەڵبژارد؟

لەساڵی ١٩٩١وە لەراگەیاندن کاردەکەم. هاوسەرەکەم
هاندەرو هاوکارمە.
نزیکترین یان خۆشەویسترین کەست؟
باوکم و نەوای کچم.

پرۆفایل:
ناو: کەلسوم شوان وسوو
رەگەزنامە: کوردستانی
شوێنی نیشتەجێبوون: سۆران
ئاستی خوێندەواری: سێی ناوەندی




www.netewe.com



# مالـێنا

سیروان ڕەحیم

## مالێنا بەبێدەنگی شارێک دەخاتە دەنگ و قسە

ئەم فیلمە پێشانماندەدات چۆن مالێنای پاکیزە لەلایەن جڤاتێکی نەزان و دڵڕەقەوە تێکدەشکێندرێت.

حەز و خۆشەویستی راستەقینە، رووی راستەقینەی مرۆڤەکان و رۆمانسیبوون لەم بەرهەمەدا لەئاستی هەرەجواندا بەرجەستەکراوە.

## ناوی فیلم: مالێنا

ناوی ئۆرژینال:
**MALÊNA**

سیناریۆ: جۆزێف تۆرنەتۆرێ

لە چیرۆکێکی سیناریستی ئیتالیایی لوچیانۆ ڤینسەنزۆنی-یەوە (١٩٢٦)

دەرهێنان: جۆزێف تۆرنەتۆرێ

بەرهەمهێنەر: هارفەی وەینستەین

شوێنی وێنەگرتن: ئیتالیا

ساڵی پێشاندان: ٢٠٠٠

کامێرا: لاژۆس کۆلتای

موزیک: ئێنیۆ مۆریکۆن

مۆنتاژ: ماسیمۆ کواگلیا

زمان: ئیتالیایی

١٠٩خولەک، ٣٥ ملیم، ڕەنگاوڕەنگ

www.netewe.com

# MALENA






www.netewe.com

## دەستپێک:

فیلمی مالێنا، یان ئەفسوونی مالێنا، بێ چەند و چوون کارێکە لە کارە جوانەکانی مێژووی سینەما.



مالێنا ژنێکی گەنجی تەنیا باڵە، بەتەنێ دەژی. ماڵی لەشارۆچکەی کاستەلکوتۆ-یە. کاستەلکوتۆ کەوتۆتە دورگەی سیسیلیا-وە. بەسەرهاتی بەرهەمەکە لەکاتی شەڕی دووهەمی جیهانگردا روویداوە. مێردی مالێنا نێردراوە بۆ شەڕ، بۆ کوێ؟ بۆ باکووری ئافریقیا و بۆ شەڕ لەدژی ئینگلیزەکان. فاشییەکانی ئیتالیا لەباکووری ئافریقیا شەڕ لەپێناو نەتەوەدا دەکەن و دەبێ چەندانی وەک مالێنا بە ژیان یاخود بە شتە هەرە بەنرخەکانی خۆیان باجەکەی بدەن؟

مالێنا ژنێکە جوانی لێدەبارێ، کاتێک رێدەکات نیانی لێدەبارێت و نەوایەکی پڕ حەزی لێدەئاڵێت، بۆیە لەدەرکەوتندا هەموو پیاوگەل و ژنگەلی ئاوایی ئاوڕی لێدەدەنەوە. مالێنا نەک پیاوان، بەڵکو نیگای ژنانی شارۆچکەکەیش هەمیشە بۆ خۆی بەکێش دەکات. دیارە ژنێک بەوجۆرە نوقومبوو لەجوانی و نیانیدا، لەشارۆچکەیەکی دابڕاو، لەدەمی شەڕداو بێ مێرد، چۆن دەبێ بە ئامانج بۆ ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان. هەموو بانگەشەی ئەوە دەکەن عاشقی ئەم ژنەن، یان دەیانەوێت کۆمەکی بکەن، بەڵام راستییەکە هەموویان تەنیا جەستەی مالێنایان لا مەبەستە. هەمووان، بەژن و پیاوەوە، باس لە بەرەڵڵایی و لەشفرۆشتنی مالێنا دەکەن، بەڵام راستییەکەی مالێنا لەهەموو ئەوانە پاکتر و بەرەوشتترە کە باسی دەکەن. لەروانگەی ئەم چیرۆکەوە دەبینین چۆن ئاواییەک تەنیا بە قسە، تەنیا بە درۆی رووت ژیانی ژنێک وێران دەکەن. هەموو پیاوەکانی ئاوایی، لەهەموو تەمەنەکاندا، کوشتەی جوانی مالێنان، بەڵام ئامانجی هەموویان تەنیا گەیشتنە بەو جەستە پڕ ئەفسوونەی مالێنا، تەنیا کەسێک لەو ئاوەدانییەدا عاشقی مالێنایە، لەدڵەوە، رێناتۆیە. رێناتۆ هەرزەکارێکی منداڵکارە، ئەو بەراستی عاشقی مالێنا دەبێت. عەشقی مالێنا هەموو بوونی ئەو کوڕە داگیر دەکات. عەشقێک هەمیشە لەگەڵ رێناتۆدا دەژی. رێناتۆ لە تەمەنێکدایە ئەڤینی ئەو ژنە دەبێت بە سێبەری بەردەوامی. دەبێت بە هێزی پڕ وزەی هەناوی و بەردەوام، بە خەیاڵ، لەگەڵیدایەو لەخەویشدا تاکە سەردەستی دنیای ئەو کوڕیژگەیە هەر مالێنایە.

رێناتۆ تاکە کەسە بەراستی عاشقی مالێنایە، بەڵام تاکە کەسیشە ناتوانێ قسەی لەگەڵ بکات، شەرم دەکات و ئەوەندە بوێر نییە ئەم عەشقە ئاسمانییەی خۆی بە مالێنا بگەیەنێت. چەندینجار هەوڵدەدا، لە چەندین رێگەوە، کە دڵی خۆی بۆ ژنە بکاتەوە، بەڵام بەردەوام لە دواجاردا بێبڕیارانە درێژە بە ئەڤینە یەکلایەنەکەی دەدات. درێژە بەخەون و خەیاڵ دەدات و بەو جۆرە خۆشحاڵیشە.

**عەشقێک هەمیشە لەگەڵ رێناتۆدا دەژی رێناتۆ لە تەمەنێکدایە ئەڤینی ئەو ژنە دەبێت بە سێبەری بەردەوامی دەبێت بە هێزی پڕ وزەی هەناوی و بەردەوام، بە خەیاڵ، لەگەڵیدایەو لەخەویشدا تاکە سەردەستی دنیای ئەو کوڕیژگەیە هەر مالێنایە**

## ناوەڕۆک

سەرەتای فیلمەکە بەوە دەستپێدەکات چۆن مالێنا بەردەوام مایەی سەرنج و چاودێریکردنی هەرزەکارەکانی دەوروبەرە. هەرزەکارەکان بە چ شێوەیەک بەکۆمەڵ دوای دەکەون و قسەی لەسەر دەکەن. دیارە رێناتۆیش لەگەڵ ئەو گرووپە هەرزەکارە دایە، پێکەوە چاوەڕێی هاتنی مالێنا دەکەن و کاتێکیش مالێنا دەرکەوت هەموو بەکۆمەڵ دوای دەکەون. ئەوان هەموو مالێنایان وەک (کەرەستەی خەیاڵ) بۆ خۆخۆشحاڵکردن پێویستە، بەڵام رێناتۆ بەپێچەوانەی هاورێکانییەوە

www.netewe.com



**دەرکەوتنی مالێنا لەناوەندی شارۆچکەکەدا بۆ پیاوان مایەی جووڵەو خرۆشێکی کەم وێنەیەو بۆ ژنانیش مایەی ئیرەیی پێبردن و تووڕەییە**

عاشقی مالێنایە.

پاشان وردە وردە فیلمەکە لەروانگەی ڕێکردنی پڕ سەرنجی مالێناوە دەچێتە شارۆچکەکەوە. ڕێورۆیشتنی مالێناو جاردان بۆ لێدوانی موسۆلینی* سەبارەت بە شەڕ هاوکاتن، بەڵام هەنگاوە هێمن و پڕ نازەکانی خانم بۆ خەڵکی ئاوایی زۆر لە قیرەی جارچی دڵکێشترن. دەرکەوتنی مالێنا لەناوەندی شارۆچکەکەدا بۆ پیاوان مایەی جووڵەو خرۆشێکی کەم وێنەیەو بۆ ژنانیش مایەی ئیرەیی پێبردن و تووڕەییە.

دەنگۆکان سەبارەت بە کوژرانی مێردەکەی لە باکووری ئەفریقیا رۆژبەرۆژ زۆرتر و پرەدەنگتر دەبن. هاوکات مالێنا بێکاریش دەمێنێتەوە. ئەو کەلە ماڵەوە بەرگدروێتی دەکات ئیتر لەسەردەمی نەبوونی ناندا کەس خەمی بەرگدروونی نابێت. ئەمە رۆژبەرۆژ ژیانی خاتوون سەختتر دەکات. تا وایلێدێت، سەرباری ئەو هەموو گوشاری دەنگۆ و وتی وتییە، پارەی نانی وشکیشی نامێنێت. کەس ئامادە نییە نان بەو خاتوونە بفرۆشێت یان کۆمەکی پێبکات. سەرەڕای هەموو ئەمانە بە تاوانی لەشفرۆشی دەدرێت بە دادگا. تاکە گۆڤانی هەموو ئەم ڕووداوەنە، بە وردی، و تاکە ڕاستی بین، ڕیناتۆی عاشقە. بەڵام کێ باوەڕ بە ڕیناتۆ دەکات، کێ دەتوانێ باوەڕی چەوتی ئاواییەک، شارێک بگۆڕێت کاتێک خۆیان بڕیاری ئەوەیان دابێت"ڕاستی بریتییەلە قەناعەتی ئەوان و قەناعەتی ئەوانیش ڕاستییە". کاتێک مرۆڤ پشت لە ڕاستی دەکات و پێیوایە قەناعەت و بۆچوونی وی تاکە ڕاستی ڕەهایە، ئیتر گەڕانەوەو بەدیوی دیکەدا قەناعەت پێکردنی کارێکە دژوار. ڕیناتۆی عاشق بەجۆرێکی قووڵ بۆ ئەو خاتوونە غەمگینە، بەڵام ئەم کوڕە غەمگینێکی بێدەسەڵاتە.

شەڕ درێژە دەکێشێت و باری ئابووری و برسێتی تەنگ بە مالێنای بێکەس هەڵدەچنن. هاوکات باوکی مالێنا لە بۆردوماندا دەمرێت. ژیان بۆ خاتوونێکی ئەوەندە جوان و لەبەر چاوان، خاتوونێک هەموو چاویان تێبڕیوەو ئەویش بێنانی تەنگی پێهەڵچنیوە سەختە. بێنانی و داخستنی هەموو دەرگاکان، پاشان هەواڵی کوژرای مێردیشی، مێردێک کە مالێنا خۆشیدەوێت و شەوان لەگەڵ وێنەکەیدا سەما دەکات، بەڕووی ئەم ژنەدا دەبن بەکۆهۆکار تاکو ڕووبەڕووی ئایین و ڕەوشتی باو بوەستێتەوە. ئەو ناچارە نان بخوات و شتێک بۆ بژێوی دەست بخات. بەڵام تاکە دەرفەت فرۆشتنی لەشە. چ کارەساتێکە کاتێک سەرچاوەیەکیتر بۆ بژێوی نامێنێتەوە. مالێنا خۆی دەسپێرێ بە ئەفسەرانی ئەڵمان لەو شارۆچکەیە. ئەم کارە دەبێ بە سەرچاوەی ڕقێکی ئەستوور بۆ ژنانی شارۆچکەکە. ژنگەلێک خۆیان بەدوای بیانوودا دەگەڕێن تا لەدژی ئەو خانمە بەکاری بهێنن. ئەو ڕقەی ئەوان لەو ڕۆژەدا بەڕوونی دیار دەبێت، ئەو ڕۆژەی هێزەکانی ئەمریکا بەرەو شارۆچکەکە دەکشێن و هێزگەلی ئەڵمانی و ئیتالیایی هەڵدێن. ڕقی ئەو ژنانە دژی مالێنا ئەو ڕۆژە دەگاتە لوتکە، بەهەموویان هەڵدەکوتنە سەری، ئازاری دەدەن، جنێوی پێدەدەن، پرچی هەڵدەپاچن و خەڵتانی خوێنی دەکەن. بەکورتی ئەتک و ریسوای دەکەن. هەموانیش خۆشحاڵن و خۆیان بە سەرکەوتوو دەزانن کە وایان لە مالێنای بێکەس و بێداڵد کردووە.

مالێنا ناچار دەکرێت ئەو شارۆچکەیە بەجێبهێڵێت. مێردەکەی مالێنا کە بە هەڵە هەواڵی کوژرانی بڵاوکرابووەوە، لە شەڕێکی درێژی پرووکێنەرەوە خۆی دەگەیەنێتەوە شارۆچکەی کاستەلکوتۆ. بەڵام پرسیاری ژنەکەی لە هەر کەسێک دەپرسێ، وەڵامی دەستگیر نابێت و کەس ئامادە نییە هاوکاری بکات. ئەو پیاوانەی لە پێناوی بەرگری و پاراستنی نەتەوەدا ئەویان بۆ شەڕ ناردبوو، ژیانی ئاسایی خۆیان دەژین و کەسیان ئامادە نین تەنانەت ڕێزیشی لێبگرن، بەپێچەوانەوە سووکایەتی پێدەکەن. ماڵەکەیان پڕە لە ئاوارەی شەڕ و ئەویش چەند شەوێک وەک ئاوارەیەک لەناو ئەو کۆمەڵە کەسەدا

www.nefewe.com




لەماڵەکەی خۆی بەسەر دەبات. تا ڕێناتۆ لە ڕێگەی نامەیەکەوە هەموو ڕاستییەکانی بە کورتی بۆ دەنووسێت و لەسەربانی ماڵەکەوە بۆی فڕێدەداتە خوارێ. ئەو سەربانەی ڕێناتۆ شارەزای هەموو بستێکێتی، چونکە زۆر شەو لەوێوە چاودێری مالێنای ئەڤینداری خۆی کردبوو. ڕێناتۆ باسی مالێناو خۆشەویستی ئەو ژنە بۆ پیاوەکە دەکات و بۆی دەنووسێت:"هەرچ شتێکی خراپت سەبارەت بە خانمەکەت بیست بڕوا مەکە. ئەو کەسێکە زۆر وابەستە بە تۆ و بەخۆشەویستی تۆوە". ڕێناتۆ هەروەها ئەوەیشی بۆ دەنووسێت، خۆم بینیم کاتێک ساڵێ بەرلەئێستا مالێنا بە سواری شەمەندەفەر بەرەو شاری مێسینا چوو. مێردەکەی مالێنا یەکسەر بەرەو ئەو شارە بەڕێدەکەوێت. دیارە ڕێناتۆ چاودێری سەرجەم ڕەوشەکە دەکات.

ساڵێک دواتر مالێناو مێردەکە بەرەو شارۆچکەی کاستەلکوتۆ دەگەڕێنەوەو لە ماڵەکەی خۆیان نیشتەجێ دەبنەوە. دەست بە ژیانی ئاسایی خۆیان دەکەنەوە. خەڵکی شارۆچکەکەیش ناچارن ژیان و بوونی ئەم دوو مرۆڤە، کە ناهەقییەکی زۆریان بەرانبەر کراوە، پەسەند بکەن.

لە چوونەوەیەکدا بۆ ماڵ، مالێنا ئەو میوەو کەرەستەی خواردنانەی کڕیویەتی، لە دەست دەترازێت و بەو ناوەدا بڵاو دەبنەوە. ڕێناتۆی عاشق، بەپیشەی هەمیشەیی خۆی هەر لەچاودێریکردندایە، دەگاتە سەری و لەگەڵیدا شتەکان کۆدەکاتەوە، بۆ یەکەمجار، ڕێناتۆ دەستی بەردەستی مالێنا دەکەوێت و قسەی لەگەڵ دەکات. ڕێناتۆ ئەم ڕستەیە بەو خاتوونە دەڵێت، تەنیا ئەم ڕستەیە:"ئارەزووی سەرکەوتنت بۆ دەکەم خانم".

## ئاستی هونەری

ئەفسوونی مالێنا، شاکارە، بەبێ هیچ دوودڵییەک دەکرێ هەڵسەنگاندنی ئەو بەرهەمە لە وشەی شاکاردا چڕ بکەینەوە. چیرۆکەکە لەئاستێکی ناسک و باڵای هونەریدا بەرجەستە کراوە. دەرهێنەر بەبێ زۆر لەخۆکردن، بەبێ وەڕسکردنی بینەر، هەموو شتگەلی مەبەستی بەجۆرێکی شیاو خستوتە بەردەست. هەر لەدیمەنە ڕۆمانسییەکانەوە، تا دیمەنی جەرگبڕ و تا دیمەنی بەزمساز، تژەن لە جوانی و هێزی دڵکیش. مالێنا کە پاڵەوانی ئەم فیلمەیەو مۆنیکا بێلوچی (١٩٦٤-ئیتالیا) ڕۆڵەکەی دەبینێت، کاراکتەرێکەو هاوکات ڕۆڵبینینێکە لەو چەشنەی دیرۆکی سینەما هەرگیز لەبیری ناکات. ئەو پاڵەوانە هەرچەندە هەر هەموو بەرهەمەکە بەرێکردن و بەگوزەرانی ئەودا درێژە بەڕووداوەکانی دەدرێت، بەڵام خۆی بەدرێژایی فیلمەکە بێدەنگە. بەدرێژایی ئەو بەرهەمە مالێنا چەند وشەیەک زێدەتری لە دەم دەرناچێت. چەند وشەیەک و تەواو. ئەفسوونی بێدەنگی ئەو ژنە پێناسەکردنی سەختە. پاڵەوانێکی فیلم، بەڵام بە بێدەنگی. قسەو هاواری سیمای مالێنا، ئاهەکانی کە پڕن لە حەسرەت و داخ، ڕەوتی هێمنی لە شارۆچکەیەکی پڕ دەنگۆ و ژاوەژاودا، جوانترین قسەو ئاخافتن، ڕەوانترین دەربڕینن. چەند جوان و پڕ واتایە، کاتێک موسۆلینی بۆ نەتەوە قسە دەکات و مالێنایش هاوکات دەردەکەوێت. با دیکتاتۆر بۆ نەتەوە بئاخڤێت، بەڵام لای نەوەی نوێ هەنگاوەکانی مالێناو لەشولاری گرنگترن لە لێدوانەکانی تاکە دەسەڵاتداری وڵات، بینەر بە ڕوونی ئەو هەڵبژاردنە دەبینێت. بینەر هەست بەوە دەکات مالێنا چۆن بەبێدەنگی شارێک دەخاتە دەنگ و قسە. بە ڕوونی دەبینین چۆن بەبێ وشە مالێنا شارێکی پڕ کردووە لەدەنگ و ئاخافتن. ئەم فیلمە پێشانماندەدات چۆن مالێنای پاکیزە لەلایەن جڤاتێکی نەزان و دڵڕەقەوە تێکدەشکێندرێت.

حەز و خۆشەویستی ڕاستەقینەمان بۆ نمایش دەکات، ڕووی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان و ڕۆمانسیبوون لەم بەرهەمەدا لەئاستی هەرە جواندا بەرجەستەکراون. فیلمێکە دەبێ هەمووان بە ڕامان و بەدەربەستەوە تەماشای بکەن و بەدیارییەوە دابنیشتن.

ئەفسوونی مالێنا، فیلمێکە پڕ لەئەفسوونی جوانی و پڕ لەفێربوون، فێربوون لەچوارچێوەی شێوازێکی لەباردا.

※ موسۆلینی: بەنیتۆ موسۆلینی (١٨٨٣-١٩٤٥) لە نێوان ساڵانی ١٩٢٢-١٩٤٣ دیکتاتۆر و تاکە دەسەڵاتداری ئیتالیا بوو.

# ئەستێرەکان

## کاوڕ



٤-٢٠-٣/٢١

حەزت لە ڕێکپۆشی و شتی ڕێکوپێک و هەمیشە دەرکەوتنە، دەوروبەرەکەت ئیرەییت پێدەبەن. لەوانەیە تووشی کێشە بیت، بۆیە متمانە بەهەموو کەس مەکە، دوور نییە هاوڕێ نزیکەکانت تووشی کێشەت بکەن، بۆیە ئەم ماوەیە هەوڵبدە گوێ لەقسەی هەموو کەس نەگریت.

## گا



٥-٢٠-٤/٢١

کەسێکی خاوەن بیری. ئەم ماوەیە دڵت خۆشدەبێت، بێئەوەی خۆت هۆکارەکەی بزانی. هەست بەئاراميیەک دەکەیت لەدەروونتدا، واهەستدەکەیت کە شتێکی گرنگت لەسەر شان بووەو ئەنجامەکەیت بەباشە وەرگرتووە، لایەنی تەندروستیت باش دەبێت، گوێ بەلایەنی سۆزداریت نادەیت.

## دوانە



٦/٢١-٥/٢١

ئەم چەند ڕۆژەت تارادەیەک باشە. ڕۆژەکانت هەمووی وەک یەکتری دەبێت و گۆڕانکارییەکی بەرچاو ڕوونادات، هەوڵی گۆڕینی بارودۆخەکە دەدەیت، بەڵام لەوانەیە بۆت نەکرێت. لەبواری کارەکەتدا سەرکەوتوو دەبیت، بەڵام کەس پێی نازانێت، دەستکەوتی مادیت دەبێت.

## قرژاڵ



٧/٢٢-٦/٢٢

خۆشەویستییەک لەخەیاڵتدا دروست دەبێت و زۆر بیری لێ دەکەیتەوە. بەڵام خەیاڵ سوودی نیە، بۆیە کە کارێکت هاتە مێشک ئەنجامی بدە، ئەم ماوەیە بێتاقەتییەک بەڕووخسارتەوە دیارە، ئاگاداری باری تەندروستیت بە.

## شێر



٨/٢٢-٧/٢٣

تۆ بەدیپلۆماسییانە بیردەکەیتەوە، بۆ هەموو کارێکت سەیری هەموو لایەنەکانی دەکەیت ئینجا ئەنجامی دەدەیت، ئەمەش وایکردووە هەمیشە لەزۆربەی کارەکانتدا سەرکەوتووبیت. هەوڵدانت بۆ گۆڕینی شتەکان بەرەو باشبوون دەڕوات، وازیان لێمەهێنە تا

## گوڵەگەنم



٩/٢٢-٨/٢٣

بێکاری و پشوودانی زۆر بێتاقەتت دەکات. بەدوای کارێکدا دەگەڕێیت کە خۆتی پێوە سەرقاڵ بکەی، بەڵام بێسوود دەبێت. لە هەوڵدان مەوەستە دەستبەتاڵی زۆر ناخۆشە، ئەم ماوەیە لەوانەیە گەشتێک یان دیدارێکی تایبەت ساز بدەیت.

## تەرازوو



١٠/٢٣-٩/٢٣

کەسێکی هەست ناسکیت. خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزی و تواناو ئیرادەت هەیە. لەگەڵ هەموو ئەو نارەحەتییانەی ئەم ماوەیە دێنە ڕێت، بەژیرانە هەڵسووکەوت بکە. و دڵپیسی کەسانی چواردەورت وات لێدەکات ئەم چەند ڕۆژە هەست بەبێزاری بکەیت. هەوڵبدە متمانە لای ئەو کەسانە دروست بکە، ماندوویت.

## دووپشک



١١/٢١-١٠/٢٣

کەسێکی کۆمەڵایەتییت، بۆیە ئەم ماوەیە بەهۆی سەرقاڵیت بەهاوڕێکانتەوە خۆشەویستەکەتت بیردەچێتەوەو دوور نییە تووشی کێشە بن، هەوڵبدە بەتەلەفونێکیش بێ هەواڵی بپرسی چونکە چاوەڕێتە. ئەم ماوەیە خۆت لەناسینی هاوڕێی تازە بەدوور بگرە.

## کەوان



١٢-٢١-١١/٢٢

ئەم ماوەیە سەرقاڵییەکی زۆرت پێوە دیارە، واتلێدێت ناتوانی هیچ شتێک بەتەواوی ئەنجامبدەیت، هەوڵبدە شتەکان ڕێکبکەیتەوە. کارە سادەکان وەلا بنێ و دەست بۆ جێبەجێکردنی کارە قورس و گرنگەکان بەرە.

## گیسک



١/١٩-١٢/٢٢

بیرکردنەوەت زۆر باش نییە. بڕوات بەنووشتەو فاڵ زیانت پێدەگەیەنێت، هەوڵبدە دوور بیت لەو شتانە، خۆت کەسێکیت کە توانای هەڵسەنگاندنی شتەکانت هەیە. بەڵام خۆتی لێ گێل دەکەیت، بۆیە ئەم ماوەیە مێشکت بخەرە کارو بە واقعی بیر بکەرەوە.

## سەتڵ



٢/١٨-١/٢٠

وامەزانە هاوڕێ و خۆشەویستەکات خۆشیاننەوێیت. بیر لەقسەی هاوڕێکانت بکەرەوە چونکە دڵسۆزتن، هەوڵبدە شێوازی خۆت بگۆڕیت تا بتوانیت وەک خۆی مامەڵە لەگەڵ شتەکاندا بکەیت. هەوڵبدە خۆشەویستەکەشت بۆ دۆخی جاران بگەڕێنیتەوە.

## نەهەنگ



نەهەنگ ٣/٢٠-٢/١٩

بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستیتەوە ناچار دەبیت، بچیتە لای پزیشک و شوێنی تایبەتی چارەسەر کردن کە بێزارت دەکات، بەڵام دانبەخۆتدا بگرە، نەخۆشییەکەت زیاتر دەروونییە واتە دەرونییەو لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا چارەسەر دەبێت.

www.netewe.com

# وارڤین

# ژوانێک بۆ وشەکانمان



سیروان ڕەحیم

ساڵێک بەرلە ئێستا سڵاومان لە ڕێبوارانی وارڤـین کـرد، ئـەو دەمـەی وارڤـین یەکەمین هەنگاونانی دەنا. وا تەمەنی وارڤین بوو بە یەک ساڵ. دووبارە سڵاو لە ڕێبوارانی وارڤین. بەڵام ئەمجارەیان سڵاوێکی گەرمتری پاش کارێکی جوان و پڕ خۆشەویستی.

تەمەنی وارڤین بوو بە ساڵێک. ساڵێکی پڕ لە بەخشش. وارڤینی یەکساڵە مزگێنیهێنەرە. شایستەی پیرۆزبایی لێکردنە.

لە یەکساڵدا وارڤین توانی لە ڕووبەری ڕاگەیاندا شوێنگەی شایستە بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

لە سەرەتای یەکەم هەنگاودا ئاماژەم بەوە کرد کە"کاری وارڤین ئاسان نییەو ئاسان نابێت، چونکە لە ماڵەکەی ئێمەدا کێشەکان یەک و دوو نین. ئێمە کێشەگەلی کەڵەکەبووی سەدان ساڵەمان هـەیـە". بەتایبەتیش کێشەگەلی کۆمەڵایەتی.

کێشەگەلی کۆمەڵایەتی ئێمە زۆر بەئازارن، بەگوێرەی پێویست تیشک ناخرێتـە سەریان. میدیای ئێمە لەبری ئەوەی بێت کار لەسەر ئەو کێشانە بکات، کەچی سەرباری هەموو ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە، دێت و خۆی و هەموومان بە کۆمەڵێ شتی زۆر لاوەکی و بێسوودەوە سەرقاڵ دەکات. وارڤین لەم تەمەنەی خۆیدا سەرکەوتووانە خۆی لەو بابەتانە لاداوەو زۆرتر چەقی لەسەر بابەتی پێویست و مەبەست بەستووە.

بەهیوام لەسەر ئەو شێوازی کارکردنە بەردەوام بێت. گۆڤارێکی وەکو وارڤین دەبێت ژوانی وشەکانمان بێت، خۆشحاڵانە وشەکانمان بەرەو ئەو ژووانـە باڵ بگرنەوەو لەو ژوانـەدا ئارام بگرن.

بەهیوام وارڤین هەمیشە ژوانێکی گەش بێت.

ساڵێک بەرلە ئێستا سەبارەت بە کارکردن بۆ وارڤین گوتم:

"ئێمە ماڵێکمان هەس تژە لە دڕک و داڵ. جا لە کێڵگەی پڕ دڕک و داڵی ئەم ماڵ و نیشتمانەدا، وارڤین دەتوانێ چ بکات؟"

ئێستا دەڵێم:

دروستکردنی ژوان لە ماڵێکی وەهـادا ئاسان نییەو شایستەی ڕێز و پێزانینە.

زۆر شت هەن وایانکرد وارڤین شوێنگەی شیاوی خۆی هەبێت. بەڵام ئـەوەی وایکردوە وارڤین ئێسک سـووک بێت، گوێگرتنە لە ڕەخنە. هاوڕێیانی وارڤین گوێ لە ڕەخنەو باری سەرنجی ئەوانیتر دەگـرن و سـوودی لێ دەبینن، ئەمە وزەیەکی بەهێزی داوە بە کارەکەیان.

ساڵێکە وارڤین سەرزەمینی ئەڤینەو گوڵاڵە دەچنێت. ساڵێکە وارڤین لەو کێڵگە پڕ دڕک و داڵـەدا سەرقاڵی کارکردنە بۆ جوانی و بۆ زیندووراگرتنی گوڵەکان. ساڵێکە وارڤین عاشقانە کاری سەختی خۆی بەڕێوە دەبات و ڕێبوارانی گۆرانی جوانی دەڵێن.

وارڤین بـوو بە ژوانـی وشـە جوانەکان، ئەو وشانەی قسە بۆ جوانکردنی ژیانی کچ، خوشک، دایک و خۆشەویستەکانمان دەکەن و بۆ ئەوان دەنووسرێن.

❊ ❊ ❊

یادی یەک ساڵەی وارڤین بۆ من بوو بە دوو بۆنەی پڕخۆشی. یەکەمیان یادی گۆڤارەکەو دووهەمیان خەڵاتکردنم لەلایەن خوێنەرێکی وارڤینەوە.

چ بەختەوەرییەکە، چ سەرفرازییەکی گەورەیە خوێنەر خەڵاتمان بکات. لەیادی یەکساڵەی وارڤیندا منیش خەڵات دەکرێم.

لەلایەن لانـەی ئازیزەوە بە نامەیەک خەڵات دەکرێم، نامەیەک شوێنێکی ڕەنگین لە ئەرشیڤ و بیرەوەری مندا دەگرێت. لانەی یازدە ساڵە نامەی نووسیوە بـۆم. نامەی خوێنەرێکی یازدە ساڵە بۆ من جوانترین خەڵاتە. کاتێک لانە"دەستخۆشی" نووسین لە من دەکات، باشتر حاڵی دەبم کە نووسین چ بەرپرسیارێتییەکی سەختە. من تائێستا لانە ناناسم، بـەڵام لە دوورەوە دەستەکانی ماچ دەکـەم و سپاسی دەکەم.

سپاس بۆ وارڤین کە خوێنەری وەکو لانەی کـرد بە هـاوڕێ و هـاووژوانـمـان. خوێنەرێک بە وشەکانی و بە هەستی پڕ ئەڤینی خۆی خەڵاتمان دەکات.

سپاس بۆ لانە و بۆ وارڤین..

❊ ❊ ❊

لەم یەک ساڵەی هەنگاونان و کارکردنەدا وارڤین سەلماندی ماڵێکی سپی و گەشە. مێرگێکە پڕ بۆنی خۆش.

بە هیوام ژوانی وراڤین بـەردەوام گەش و پڕ بۆن بێت.

٢٣, ٧, ٢٠١٠

www.netewe.com


U & G Lady Saloon
Uğur
Gökhan
U & G لیدي صالون
ناریشگای U & G لیدی
سشوار - پرچ بڕین
- مێش - رازاندنەوەی
بووک - مەکیاژدانانی
قژ - خاوێنکردنی
نینۆکی دەست و پێ و
درێژکردنی نینۆکەکان -
تاتۆی برۆ - تاتۆی لێو
ناونیشان: هەولێر - عەنکاوە - شەقامی
قەسرا بەرانبەر ریستورانتی ئێڤری دەی
شامپۆی
سروشتی مایرا
بۆ رێگرتن لە
هەڵوەرینی قژ
و بەهێزکردنی
Tel: 0750 303 8892
E-mail: u_gladysalloon@hotmail.com
www.netewe.com


دەرکەوتنی
مالێنا لەناوەندی
شارۆچکەکەدا بۆ
پیاوان مایەی جووڵەو
خرۆشێکی کەم
وێنەیەو بۆ ژنانیش
مایەی ئیرەیی پێبردن
و تووڕەییە